دەگا کۆنێ

حاتەم مەنبەری

( گشت ناوەکانی ناو ئەم چیرۆکە خوازراون و هیچ کەسێکی زیندوو و مردوو ناگرنەوە.)

ئەم بەرهەمەم پێشکەش بە:

١ یادی دایک و باوکم، مەتی سانیە و لالۆ عەلی کە لە ساڵانی سەختی شاخدا گەلێک هەناسەی کاڵیان بە دوامدا هەڵکێشا و فرەیەک فرمیسکی گەشیان بە شوێندا باراندم.

٢ پێشکەش بە یادی زیوەر، کەنیشکێک کە ستەمکاران گیانیان لێ سەند و گڵکۆیەکێشیان پێ ڕەوا نەبینی.

٣ پێشکەش بە گشت خەڵکی نیەر و تەنگیسەر، ژن و پیاگ، کوڕ و کەنیشک، گەورە و بووچکیان کە لەو قۆناخە دژوارەدا دڵ و ماڵیان شوێنی مانەوەی ڕۆڵەکانیان و ئیستایش پێشەنگی بزاڤێکی ڕەوان.

یەکەم

فەرهاد وێنەکانی ئەمدیو ئەودیو ئەکردن، پێش و پاشی ئەخستن و لە ناویاندا هێندێکیانی پێ جوانتر بوون. نا، جوانتر نا. پێ سەرنجڕاکێشتر، تایبەتیتر و تەنانەت هەڵبژاردەتر لەوانی دیکە ئەهاتنە بەرچاوی.

لە یەکێک لە وێنەکاندا ژنێکی پەنجا – شەست ساڵان مەشعەلێکی ئاورینی بەدەستەوە، لە کۆگای دارە ئامادەکراوەکان بۆ ئاوری نەورۆز نزیک ئەبوویەوە و لە وێنەیەکی دیکەدا، هەر ئەم ژنە لە نزیکەوە سەیری گڕگرتنی دارەکان و بەرزبوونەوەی ئاگرەکەی ئەکرد. بە شەوق و

Institut Kurde de Paris

زەوقێکی سەیرەوە چاوی بڕیبووە ئاورەکە و بزەی لێو و سووری سەر کولمەکانی لە وێنەکەدا ئەبینرا. لە وێنەی دووهەمدا پۆلێک کەنیشک، هەوری لە کۆڵ و جامانە لە مل، بە شەوق هەڵئەپەڕین و وەک گەلاوێژ پرشنگیان ئەهاویشت و بریسکەی چاویان ئەهات. ئەرێ، هەر ئەم بریسکەی چاوە بوو کە لای فەرهاد تایبەت و تەنانەت "عەڵاجەوی" بوو. فەرهاد بۆ جاری چەندوم وێنەکەی لە سەر لاپتۆپەکەیەوە گەورەتر ئەکردەوە، ئەیهاوردە پێش، دیسان دووری ئەخستەوە، کە چی لە دووریشەوە بریسکەی ئەهات.

فەرهاد لە حاڵێکدا گشت نیشانەکانی سەرسووڕمان، شادی و پێکەنینی پێوە دیار بوو، لە بەر خۆیەوە ئەیوت:

باشە وە ڕاسی بووشی ئی دوێتیەلە، لەی دنیا پڕ لە موشکلاتەی ئی دەور زەمانە ئیمە هایمنە تێ، هوویچ خوسەیەک نەیاشتوون؟ بووشی ئیانە لەی ئیرانە ویرانەی ئیسەیا زنەگی بکەن و ئی قەرە خوشحاڵ و شاد بون؟

فەرهاد لەگەڵ سەیرکردنی وێنەکاندا، هەروا لە بەر خۆیەوە پێ ئەکەنی و ئەیوت، ئاخر کەسێک بایت و بووشێتە پیم، ڕاسی ئیوە کەنیشکەکان ئەڕا چە خوشحاڵن؟ خەنینکەیان، تواشا خەنینەکەیان بکە! ئی خەنینە ڕووح لە من دەرهاوردگەسن!

وێنەکان هی ساڵی بووری بوون و فەرهاد زیاتر لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی هاوشێوەی وەری گرتبوون. دیارە هێشتا سەرەتای زستان و نەورۆزی نوێ و ساڵی تازە لە ڕێگا بوون. فەرهاد دوای ئەوە لە سەیرکردنی وێنەکان تێری نەخوارد، بە حاڵەتێکی نیوە تووڕەییەوە لاپتۆپەکەی کوژاندەوە، خستیە ئەولاوە و لە بەر خۆیەوە، بەڵام بە دەنگی بەرز وتی: دنیایچ خراو بود، ئیمساڵ چمە ئی ئاواییە و خۆم وە چەویەل خۆم نەوروز و شادی ئی مەردمە وینم. چم و وە چەو وینم کە ئیانە چوون و ئەڕای چە ئی جوورەنە... شاد، خوشحاڵ، ئومیدەوار و لە گشت چێشتێکیچ بیباک، ئەرێ بیباکتر لە بیباک...

Institut Kurde de Paris

فەرهاد لەو سات و سەعاتەوە کەوتە بیرو پلاندارشتنی سەفەر. سەفەرێک کە ئەیتوانی پڕ بێت لە گرفت، کێشە و دەردیسەر کە مرۆڤی عاقڵ، لە کاتی ئاساییدا بە دەستی خۆی و، لە خۆڕا خۆی تووشی ناکات. سەفەر بۆ شوێن و هەواری هەوری لە کۆڵان و، پۆلە کەنیشکی چاومەستی دۆڵەشێران...

فەرهاد ڕۆژی دوایی لەگەڵ چەند هاوکارێکی خۆیدا قسەی کرد، باسی مەبەست و ئامانجەکەی ئەم سەفەرەی بۆ کردن و سەرەنجام ئەوانیشی ڕازیکرد ببنە هاوسەفەری. هێشتا مانگێکی مابوو بە نەورۆز، پێکەوە گشت پیویستی و نیازی سەفەرەکەیان سەند و جانتای ڕێگایان پێچایەوە. سێ ڕۆژ پێش لە دەستپێکردنی بەرنامەی نەورۆز، گەییشتنە سنە و لە وێ بە وردی زانیاری و هەواڵی تازەیان لە سەر ڕێگا، شوێنی مانەوە و شێوە و وەسیلەی هاتووچوو کۆکردەوە. لە جەرەیانی پرسوجۆ بە دوای زانیاریدا، تووشی هەردەوان هاتن کە کوڕێکی خەمخوری خەڵک و چالاکی سینەچاکی بوارەکە بوو. هەردەوان خەڵکی دۆڵەشێران و یەکێک لە دەستەی ئامادەکاری بەرنامەکانیش بوو. بۆیە گەلێک هەواڵی دەستی یەکەمیان لێ وەرگرت و قەولی گشت هاوکارییەک، تەنانەت شوێنی مانەوە و خواردنیشی پێدان:

خەمی هیچتان نەبێت، لە لای ئێمەیچ، وەک گشت شار و ئاواییەکانی کوردستان بە قەدرەوە سەیری غەریبە و مێوان ئەکەن. ئێوە ئەتوانن بچنە بەر هەر دەرگایەکی ئاوایی و بێژن مێوانتان گەرەکە؟ دڵنیام کە بە دڵئاواڵەییەوە وەرتان ئەگرن. ئەڵبەتە منیچ خۆم ماڵێکم لە ئاواییە، ئەتوانن تا وەختێک ئەگەڕێنەوە مێوانی خۆم بن.

فەرهاد بەم قسانەی هەردەوان هێندەی دیکە خوشحاڵ بوو چوونکە، ئەمەی وەک سەرەتای بەدیهاتنی خەون و خەیالەکانی ئەزانی کە بۆ ئەم سەفەرە لە مێشکیدا کۆی کردبوونەوە. ئەیوت ئەمە یەکەم هەنگاو، یەکەم ناسراو و یەکەم ئاشنایە و، وەک بە فارسی ئێژن:

سالی کە نیکوست، از بهارش پیداست.

Institut Kurde de Paris

فەرهاد و هاوڕێیەکانی ڕۆژێک پێش لە بەرنامەکە گەییشتنە ئاوایی، لە ڕێگاوە چوونە ماڵی هەردەوان کە باوک و دایکی بە گەرمی پێشوازییان لە مێوانەکان کرد و بە خێرهاتنیان کردن.
دوای کەمێک خوش و بش، لالۆ " ئەوکە " ی باوکی هەردەوان ناو، شوێن و شاری مێوانەکانی پرسیار کرد.
فەرهاد وتی بەندەی خزمەتکارت مناڵ مێهرانم، بەڵام هەر وە مناڵی، لە ژێر توپ و خومپارەی جەنگ ئێران- ئێراق ئاوارە بیمن و ئیسە لە تێهران زنەگی کەم. ئی دوو رەفیقیچمە، یەکیان هوسەین، ئەویچ جوور خۆم مناڵ مێهرانە و ئیسە لە شیراز زنەگی کەیت. ئەو برادەرەیچمان کرنییە. کرن شارێکە لە نزیک کرماشان شایەد خۆتیچ تەشریف بردوید...
لالۆ ئەوکە، کە هەم فرە خوشی لە زاراوەکەی فەرهاد ئەهات و هەم بە باشیش لێ حاڵی نەدەبوو، وتی:
گشتمان کوردین، وە خێر بێن بانچاومان. ئەم چەند ساڵەی دواییدا ئاواییەکەمان لەم وەختی نەورۆزا پڕ ئەوێت لە مێوان. لە تاران، تەورێز، شیراز و تەنانەت لە خوراسانیچەو مێوانمان بووگە. خێر بەیدێ سەرو چەما. مێمان عەزیزەن، عەزیزو وێچما و عەزیزو خوایچ...
فەرهاد لەم دوایین ڕستانەی لالۆ ئەوکە باش تێ نەگەییشت، بەڵام نەیخستە خۆی، هیچی نەوت و تەنیا بە نیشانەی ڕەزایەت سەرێکی لەقاند.
دوای نانخواردن هەردەوان شوێنی خەوتنی نیشانی مێوانەکانی دا و خۆی چوو لە لای دایکی دانشت و پێکەوە دەستیان کرد بە گێڕانەوەی قسە. ئەو قسەی شار، خزمان و مناڵەکانی و دایکیشی قسەی ئەم سەر و ئەوسەری ئاوایی بۆ هەردەوان گێڕایەوە...
*****
ڕۆژی دوایی و لە کاتی دیاریکراودا جەژنی نەورۆز بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە بەڕێوەچوو. پەیامی بەرزی بەڕێوەبەران کە لە درشمێکی ڕەنگین و زەنگیندا چواردەوری سەن و

Institut Kurde de Paris

سەکۆی بەرنامەکەی پێ ڕازێندرابوویە:

" پێوەرە جوانێنمێ"

شەوق و زەوقێکی تایبەتی بە مەراسمەکە دابوو. گەلێک شێعری بەرز، کۆلێک پەیڤی گرانبەها، خەرمانێک گۆرانی پڕمانا و ڕیزی درێژ و بەربڵاوی دیلانگرتنی بەشداران نەورۆزی ئەو ساڵەیان گەیاندە لووتکە.

فەرهاد سەیری خەڵکەکەی ئەکرد، گوێ لە پەیامەکان ئەگرت، چاوی بە درۆشمەکاندا ئەگێڕا و لە خوشیاندا خەریک بوو شاگەشکە بێت. سەرەتا مانای درۆشمە گەورەکەی لە هەردەوان پرسی. کاتێک لە ماناکەی تێگەییشت، لە بەر خۆیەوە ئەیوت بەە، بەە، چە شوار پڕمانییەک؟ وەگەرد یەکترەک جوانیمن! چە فکر قووڵ و پڕ مەفهوومێک!

ئەرێ ئیجوورەسە. ئیمە وەگەرد یەک جوانیمن. راسەکەی ئیجوورەسە، وە ... گەرد ... یەک.. جوا .. نیمن. یە باشترین ڕیگاس.

فەرهاد و هەڤاڵەکانی شەو نەگەڕانەوە بۆ سنە، لە ئاوایی لە لای هەردەواان مانەوە چوونکە ئەو قەولی پێدابوون بیان بات بۆ ناو باخ، بۆ سەر تەوەنی پیرزەیتوون و لە دوورەوە ئاویی و دۆڵەکانی دەوروبەریان پێشان بدات، بۆیە بەیانی دوای نانخواردن چوونە لای لالۆ ئەوکە کە پێشتر چوو بووە ناو باخ و خەریکی کەڵەک و تەڵان بوو. بە دەم قسەکردنەوە هەردەواان، فەرهات، ڕەفێقەکانی و لالۆ ئەوکە پێکەوە ڕوویشتنە سەر تەوەنی پیرزەیتوون و لەوێوە چاویان بڕییە ناو ئاوایی. فەرهاد پرسی ئەڕا وەی کوچکە ئووشن پیرزەیتوون؟ خۆم زانم پیر ناو فرە قەدیمییەکە لەی مەنتەقە، وەک ئووشن حەفا و حەفت پیر هەورامان، زەیتوونیچ ناو ژنە ئی جوورە نیە؟ بێ ئەوە لە سەر وەڵام ڕاوەستی وتی: بایەد کەس گەورایەک بووێدن.

هەردەوان هیچ وەڵامێکی بۆ پرسیارەکەی فەرهاد پێ نەبوو. دیسان فەرهاد پرسی قەدمەت ئاوایەکەتان چەنە کاک هەردەوان؟

Institut Kurde de Paris

هەردەوان سەیرێکی باوکی کرد و وتی بابە چنەن؟

لالۆ ئەوکە لە بەر ئەوە لە پرسیارەکەی فەرهاد نەگەییشت پرسی چێش چنەن کوڕم؟

فەرهاد کە زانی لالۆ ئەوکە لە مەبەستەکەی حاڵی نەبوو، پرسیارەکەی گۆڕی و بە شێوەیەکی دیکە پرسی:

خاڵوو ئەوکە، ئووشم عومر ئی ئاواییتانە چەن ساڵە؟

لالۆ ئەوکە نەفەسێکی لە جگەرەکەی دا، بە نووکی قامکی " بووڵ" و سووتکەکەی تەکان و بە ئارامی وتی:

فەرق ئەکات کاکە فەراز، چوونکە ئەگەر عەمر دەگاکۆنێچ بخەیتە سەری، ئێتر فرەس. بەڵێ فرە فرەس. شایەد چەن سەذ ساڵ فرەتر بێت.

فەرهاد ڕووی کردە هەردەوان و وتی "دەگاکۆنێ" دی چەس کاکە؟

هەردەوان دەستی کێشا بۆ دۆڵەکەی ئەولا و وتی ئەو شوێنە کاک فەرهاد، ها، ها ڕاست لە نزیک چەمەکەی ئەولا. خەڵکی ئێژن قەدیم ئەوێ ئاوایی، یان هەمان دەگا بووگە. ئێمە بە هەورامی بە ئاوایی ئێژین دەگا. ئیسە بەو شوێنە ئێژین دەگاکۆنێ، یانی دێەکۆن و بە ئاوایی ئیسەیچە ئێژین دەگا.

فەرهاد زیاتر کەوتە ناو گومانەوە و بە سەرسووڕمانەوە وتی فرە خاسە، بەڵام ئەڕا ئاوایی جێەکەی گۆڕیاس، گۆڕیاس ئەڕائیلاتر؟

لالۆ ئەوکە وتی داستانەکەی درێژە کاک فەراز گیان. ها ها تەواشای ئەو یاڵە دوورە بکە، ئاها بە حاڵ لەیرەوە دیارە. ئەو کەلە کە ئێمە پێ ئێژین سەنگەری میرزا ئەحمەذ، ئەگەر پیاگ بچێتەسەری، لەوێوە شاهۆ دیاری ئەدات. شاهۆ حەتمەن ناوەکەیت ژنەفتگە ئێتر. لە خوار سەنگەری میرزا ئەحمەذەوە پێ ئێژین تەقا. تەقا یانی ڕۆژێک و ڕۆژگارێک ئەو کێفە تەقیگە، ئاگری گرتگە، کوچک و خاکی بوونەسە گڕ و ئاواییەکەی بە تەواوی وێران کرگە و خەڵکەکەی

Institut Kurde de Paris

سووتیاگن و بووگنەسە سووخاڵ.

فەهاد کە بە بیستی قسەکانی لالۆ ئەوکە گومانەکەی گەورەتر بوو، حەزی ئەکرد بنج و بناوانی ئەم ڕازە دەربێنێ، بۆیە ڕووی کردە لالۆ ئەوکە و بە جدیەتەوە وتی بووشە خاڵۆ، فرەتر بووشە تا بزانم کەی، چۆن و ئەڕای چە ئەو کێفە ڕمیاس و گڕ گرتگە. ئەڵبەتە وەی جوورە تۆ ئووشیتەی، حەتمەن بایەد ئاتەش فشان بوویتن. فەرموو ئیدامە بدە وە باسەکەت و فرەتر باس بکە ئەڕامان تا داستانەکەی خاستر بزانیمن....

لالۆ ئەوکە سیگارێکی دیکە هەڵکرد، مژێکی قووڵێ لێ دا وتی:

داستانەکە لە تۆریان و کومبوونی کوڕەکانی میرزا ئەمینەوە دەست پێ ئەکات. داستانی چوونی خەسرو بۆ شارەزوور، ئێژن و چاوی ناو خەڵکە کە خەسرو کوڕێکی جوان، باڵابەرز و دەنگخوش بووگە. داستانی کەنیشکەکەی مەڵا سامان و داستانی چوونی ڕەشەی برای بە شوێنیاندا. بەڵێ من سینەم پڕە لە داستان و ڕەنگە سەرت بێشینم ئەگەر گشتیت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام ئەگەر وەخت و حەوسەڵەت هەس، فەرموو دانیشە تا بۆت بگەڕێنمەوە کە ئەم گڕکان و ئاگرە چۆن ئاوایی پایدۆڵانی وێران کرد و خەڵکەکەی تێدا بوونە قەقنەز.

فەرهاد لە حاڵێکدا بە تامەزرۆیەوە چاوی بڕیبووە ڕیشە چەرموو نەرمەکەی لالۆ ئەوکە، وتی بووشە گیانمە قوروانت خاڵۆ. بووشە گشت گیانم گووشە ئەڕا شنەفتن داستان گڕکان و وە قەقنەز بینێ پایدۆڵان....

ڕەشە لە حاڵێکدا خەریکی بەستنی بەنی پووزەوانەکانی بوو، جارێکی دیکە دەستی خستەوە ناو قژە خاو و پەرێشانەکانی ڕێحان، بە دەستەکەی تری زنجیە خڕ و شیرینەکەی بەرز کردەوە و وتی " دڵتەنگی مەکەرە ژەرەژە خاڵەکێم، من فرەم پەنە نمەشۆ. فرە نا، ئاخرەکەش حەفتێو یا دوێ حەفتێن. شارەزوور ڕاسەن دوورەن، بەڵام خۆ ئەوپەڕو دنیای نیەن. هەرکۆ دەسم بە پەلو

Institut Kurde de Paris

براکەیموە گیرئامە، حەتمەن تاکوو یانە نمەمدروو". ڕێحان بە دەم گریان و هەنسکدانەوە چاوێکی پڕ لە تاسەی بڕییە ناو چاوە کاڵ و پڕ لە خوشەویستییەکانی ڕەشە و بە تاسەوە هەردووک دەستی توند لە ملی ئالاند.

ڕەشە دیسان بۆ ئەوە دڵنیایی تەواو بداتە ڕێحان، بە ئارامی وتی: من ئارۆ تەواوی رۆژەکەی لە ناو ئاواییدا بووم. چوومە لای " ڕەحمانە ڕەق " و داوام لێی کرد ڕێنوێنیم بکات کە چۆن بڕۆم. خۆت ئەزانی چەمێ گیان، ئەو هیچ ساڵێک نیە دوو جار سەفەری ئەم چەمی هەورامانە نەکات. کون و کەلەبەری وەک لەپی دەستی شارەزایە و هانە، باخ و هەواری سەرڕێگا نیە ئاوی لێی نەخواردبێت، مێوەی لێی نەڕنیبێت و شەوێک تێدا نەخەوتبێت. ڕەحمان بۆ خۆی سوێندی خوارد و وتی زرانیم ئێشێ و لاقم لەگەڵم نایە، دەنا خۆیشم لەتەکتا ئەهاتم. سوێندی ئەخوارد کە ئەویش وەک من بۆ رویشتنی خەسرەو دڵتەنگ و ناڕەحەتە، بەڵام تۆ دڵتەنگی مەکە، ئەوەی لازم بوو بۆ ڕێگا بۆی باسکردم و حەتمەن تووشی هیچ کۆسپێک نابم. دوێکە دایکیچم چووبووە لای سۆفی فەتاح و داوای ڕێنوێنی لێ کردبوو. ئەویش گشت ساڵێک جارێک ئەچێت بۆ بیارە بۆ زیارەتی شێخان، بەڵام ئەو بە تاوسانان ئەچێت و لە ڕێگای بەنەن، پایکەلان، باخەکۆن و گوایا لە مەسیری هەورامانی تەختەوە ئەچێت و بە دایکمی وتبوو ئیسە کەلوملە بەفرینە. زوقم و تەنانەت ترسی هەرەسیش هەیە، بۆیە ڕێگای چەم و گوێ سیروانی بە باش زانی بوو بۆ ئەم فەسڵە و وتبووی دڵنیاترە. ڕەحمانە ڕەقیش هەر وای وت بە خۆم. وتی ڕێگای چەم و ئاوی سیروان ئەمن و ئاسانتریشە، بۆیە منیش هەر بەو ڕێگایەدا ئەڕۆم.

ڕەشە دوای ئەوە هەستی بە ئەهوەن و هێوربوونەوەی ڕێحان کرد، بە ئارامی دەستە نەرم و گەرمەکانی یاری لە ملی خۆی کردنەوە، ماچێکی ناو چاوانی کرد و وتی با بچم، بچم بزانم دایە چی بۆ حازر کردووم و دوایین ماڵاواییش لە مامۆم و مناڵەکانی بکەم. هەرچەن ئەزانم کە ئەو دریغ ناکات، بەڵام هەر پیویستە بێژم ئاگای لە دایکم و ئێوە بێت. مامۆم لە پارەوە، دوای

Institut Kurde de Paris

مەرگی باوکم تەنیا دوو جار هاتووەتە ماڵمان و ئەو دوو جارەیش بە گریانەوە هاتووە و بە گریانەوە گەڕاوەتەوە. مامۆم هەمیشە مات و خەمبارە، ئێژێ ئەم ماڵە دوای کاکەم، بۆ من بۆنی وێرانەی لێوە دێت و بە هیچ شێوەیەک ئارامی تێدا ناگرم.

ڕەشە کە هێشتا دەستە نەرم و گەرمەکانی ڕێحانی لە ناو پەنجەیدا توند گرتبوون وتی: هەستە ڕێحانەکەم، هەستە تۆیچ بچۆ بۆ دیوەکەی بەیان و هەراڵە، حەز ئەکەم تەنیا نەبیت، لە لای ئەوان بیت و دوایین جار تێم بە یەکەوە خواحافیزیتان لێی ئەکەم. ڕەشە پاشان وەک شتێکی گرنگی هاتبێتەوە یاد بە بزەیەکەوە ڕووی کردە ڕێحان و پرسی: ئەرێ بە ڕاسی تۆ باست کرد بۆ بەیان و هەراڵە کە دووکیانی؟ ئاخر خۆت ئەزانی کە من خۆم ڕووم نیە بە دایکم بێژم، بەڵام تۆ بەوان بێژە، با ئەوانیش دایکم ئاگادار کەن و لەم ماوەیەدا کە من لێت دوورم، کاری گران وشتی قورست پێ هەڵنەگرن. ڕێحان بە دەم هەنسک و هەناسەهەڵکێشانەوە وتی ئەرێ، دوێکە بە بەیانم وت. وتم فرە ئەترسم چوونکە ئەم ماوەیە من دووگیانم و کاکەیچت لە لام نەبێ سەخت و دژوارترە بۆم.

ڕەشە کڵاودەسماڵەکەی پێچایەوە، فەرنجیە تازەکەی خستە لای شانی و چوو بۆ دیوەکەی دایکی. مەتی بەفراو بە دڵی پڕ و چاوی پڕ لە فرمیسکەوە دەستی کردە ملی ڕەشە و وتی باوانە شیرینەکەم، هۆشیاری خۆت بە. من ئەزانم ڕێگاکە ئەمنە و چەتە و ڕێگر پێش بە خەڵک ناگرن، بەڵام مەنزڵگەکەت دوور و نادیارە کوڕە ئازیزەکەم. دەسمە داوێنت ڕەشە، هۆشیاری خۆت بە. ڕەشەیش دەستی خستە سەر شانی مەتی بەفراو و وتی دایە گیان خەفەت مەخۆە. دڵنیابە بە سڵامەت ئەڕۆم و تا خەسرەویش نەگەرێنمەوە پایدۆڵان دەس لە یەخەی هەڵناگرم. بەڵام دایەگیان تۆ خوا ئێوەیچ هۆشتان بە ڕێحانەوە بێت. فرە دڵتەنگ و نگەرانی ڕویشتنی منە. لە نیوەشەوەوە هەنیسک ئەدات و فرمیسک ئەرێژێت، تا سروەی بەیای نەیهێشتووە بخەوم و هەتا خور لزگی کێشاگە بە سەرمدا گۆرانی وتووە و بە کوڵ گریاوە. دایە بەفراو هەردووک

Institut Kurde de Paris

دەستی ڕەشەی خستنە ناو پەنجە زبر و بە هێزەکانی خۆیەوە و بە شێوەیەکی جدی و حاکمانە وتی: خەمی ئەوت نەبێت کوڕی خۆم، من ڕێحان خوشکەزاگ، وەوی و کەسی خوشەویسی خۆمە. جا تازە ئەو سلامەتی عەمری، دووگیانیشە و حەتمەن لەمەولا بە هیچ شێوەیەک ناهێلم شتێکی قورس هەلگرێ و وەک چاوی خۆم ئاگام لێیەتی. ڕەشە کە زانی دایکی لە دووگیانی ڕێحان ئاگادار بووە، گەش و خوشحالْ، خۆی ئاوێزانی بالای دایکی کرد وبە دەنگێکی نەرم و پڕ لە شەرمەوە وتی: قەزات لە گیانم دایە گیان. تۆ پشت و پەنای گشت مالەکەمانی.

ڕەشە دوای ئەوە گەڕایەوە لای خویشکەکانی، هەردووکیانی بە گەرمی لە ئامێز گرت و داوای لێ کردن ئاگایان لە ڕێحان بێت، دەستێکی بە سەر و قژە کالْ و نەرمەکانی ڕێحاندا هاورد، چاوێکی پڕ لە تاسەی تێبڕی و وەک برووسکە لە کۆلانەکەی خۆیانەوە سەرکەوت و لە سەر بەرزترین بانی گوندەوە، بۆ دواهەمین جار چاوێکی پڕ لە خوشەویستی گێڕا بە سەر چەم و دۆلی ئاواییدا، تێر سەیری باخەکانی "پای دۆلان" و "سەر دەران" ی کرد و بەرەو شارەزوور کەفتە ڕێ.

وەرزی سالْ سەرەتای بەهار بوو، هێشتا لووتکەکان بەفرین و ڕێگای نێوان پایدۆلان بۆ پایکەلان زەحمەت و بۆ پیاوی تەنیا بڕینی نالەبار و چەتوون بوو. بۆیە لە سەر قسەی شارەزایان ڕێگای چەمی سیروانی هەلبژارد و بە نیازی دیتنەوەی خەسرەوی برای روو بە شارەزوور کەوتە ڕێ. کاتێک دایکی بۆ دواجاردەستی کردەوە ملی ڕەشە و مالاوایی لێ کرد، چەندین جار ئەم رەستەیەی دووپات کردەوە:

رەشە گیان، دەسمە دامێنت تا خەسرەو نەدۆزتەوە نەگەڕیتەوە، بەلام لە هەر شوێنکدا هەوالێکت زانی، بە بای شەمالێشدا بووە ئاگادارم کەوە. هەوالی خوت و خەسرەو. هەوالی سلامەتی کوڕەکەم، سلامەتیی و خوشی خەسرەو. خەسرەوی ئازیز و شیرینم. دەی برۆ. برۆ

Institut Kurde de Paris

کوڕە شیرینەکەم، پیری هەورامان ئاگادارت بێت و بە هەواڵی خۆشەوە بگەڕێتەوە.

ڕەشە ئەمە یەکەم جاری بوو لە ئاوایی دوور بکەوێتەوە. باسی دووریی لە ماڵ و تاڵیی سەفەری لە زمان خەڵکەوە بیستبوو، بەڵام بۆ خۆی هیچ ئەزموونێکی لەم بارەوە نەبوو. شارەزوور لای رەشە شوێنێکی یەکجاردوور و هەرچەند دڵخۆشی ڕێحانی دەدایەوە بەڵام لە لای خۆشیەوە، وەک ئەوپەڕی دنیای دەهاتە بەرچاو. ئەو لە خەڵکی بیستبوو کە شارەزوور شوێنێکی گەرم و بە زوقمستانیشدا بەفری لێ نابارێ. خەڵەو خەرمانی زۆر و هەرکەسێک بچێتە ئەو ناوە، قەت بێ کار و برسی نابێت. لە خەڵکی بەتەمەن و خاوەن تەجروبەی ژنەفتبوو ئەگەر کەسێک گەرەکی بێت لە ژاوەرۆوە بڕوات بۆ شارەزوور، ڕێگای چەمی هەورامان دەگرێ و دوای حەفتەیەک بۆ دە ڕۆژ، دەگاتە جێ. رەشە لەوێ هیچ کەسێکی نەدەناسی و بە باشیش نەیدەزانی خەڵکەکەی چۆنن، بە کام زاراوە قسە دەکەن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ غەریباندا چۆنە. هەر چۆنێک بێت، کاری ئەو دۆزینەوەی براکەی، خەسرەوی خۆشەویستی دایکی بوو کە دوای ئەوە ماڵی مەلا سامان بە یەکجاری جوابیانکرد کە کچەکەیانی پێی نەدەن، تۆرا و و وتی شەرت بێت شەرتی پیاوان، دوای ئەم کارە تا شارەزوور نەوەستم و جارێکیتر نەگەڕێمەوە دۆڵێەشێران.

لە ڕێگا ڕەشە بە کەناری چەند گوند و کۆمەڵێک باخی جوان و پڕشەوقدا تێپەڕی. چەمی سیروان لە چاو هەرد و باخی پایدۆڵاندا سەوز و بەهارانەتر ئەهاتە بەرچاو. هەوا نە زۆر گەرم و نە ساردیش بوو. بۆیە رێگا رویشتنی بۆ ڕێبواران هاسان کردبوو. لابەلایەکی خوش و لە دەستی ڕاستەوە شاخ و سەوزایی، لە دەستی چەپەوە شەپۆلەکانی چەمی سیروان ڕەشەیان بردبووە ناو بیر و خیاڵێکی قووڵەوە. گەییشتە پای لاشەتاوێک، ئاوێکی ڕوون و زوڵاڵ لە بەرزاییکەوە بازی ئەدا، لە تاڤگەیەکەوە ئەبووە کەفوکوڵ و سەرشێتانە تێکەڵی ئاوی سیروان ئەبوو. ڕەشە لە گۆشەیەکی ئەم ئاوە سێحراوییەدا دانیشت و لە ناو دەریای خیاڵی خۆیدا نوقوم بوو. سەرەتا بیری لە ڕێحان و تەنیایی، دواتر لە بێتاقەتی و دڵشکاوی دایکی و

Institut Kurde de Paris

سەرەنجام لە چارەنووسی نادیاری خەسرەو ئەکردەوە. لە بەر خۆیەوە ئەیوت:

ماڵت بڕمێ مەلا سامان. باشە تۆ بۆ وەک "یەکانە" بە قینا چوویت و بەم شێوەیە ئێمەت تووشی ئەم سەرگەردانییە کرد؟ خاسە مامۆسای نامامۆسا، کوێنەی ئەم دنیایە وێران ئەبوو ئەگەر تۆ وەک ئینسان خەسرەوت بانگ کردبایاتە ماڵەکەت، پێت وتبایا باشە کوڕی خوم کەنیشکەکەمت لێ پیرۆز بێت و مادام ئێوە یەکترینتان خوشگەرەکە، بڕۆن ژیانتان پڕ بێت لە خوشی؟ ئاخر ئەو قینە وشترانەیە چییە تۆ لە باوکمت هەڵگرتووە و وازی لێی ناهێنی؟ دەک ماڵت وێران بێت پیاگ، ئاخر چل ساڵ لەمەوبەر، میرازا ئەمین نەیهێشتووە تۆ میم بەفراوی دایکی من بخوازیت و خۆی خواستوویە؟ یان ئەمەیش نا، کردمان لەمەیاندا، حەقت بە سەر باوکمەوە بێت، بەڵام تۆ بۆ حەقی میرزا ئەمین لە خەسرەوی کوڕی ئەسێنی؟ خەسرەوێک کە ئامادە بوو ببێتە کوڕی خۆت، ببێتە خزمەتکار و تەنانەت ئەگەر تۆ کچکەتدت پێ بدایا، ئەو ئامادە بوو تەنانەت نەیەتەوە ماڵی خۆمان، بۆ هەمیشە دەستمان لێ هەڵگرێ و بوێتە خزمەتکارت. ماڵت وێران و کاول بێت مەلا، تازە خۆ باوکیشم ساڵێکە لە ژیاندا نەماوە تاکوو تۆ بێژی لە بەر ئەوەیە بە میرزا ئەمین سابت بکەیت کە قینەکەت هێشتاش وەک خۆی ماوە...

ڕەشە هەر وا لە قووڵایی بیر و خەیاڵاندا بوو لە پڕ دەنگی خشە و ڕوویشتنی پێ کەسێک ڕای چڵەکاند. سەری بەرز کردەوە و دیتی ژنێک و دوو منالْ لە پشت سەریەوە ڕاوەستاوون.

سلام کاکە گیان خاسەنی؟ چێشا ماچی غەریبەنی، خەڵکو کوگەێنی براکەم؟

ڕەشە سەری بەرز کردەوە، جوابی سلاوی ژنەکەی بە شڵەژاوی دایەوە و وتی بەڵێ واڵی گیان، بەڵێ غەریبەنا، راسەکێش ئانەنە، برایام ماویەن سەرو وێش هۆرگێرتەن و لوان روو بە ئەودیم، شارەزوور. منیچ گەرەکمەن بلوو شۆنیشەرە بەشکەم سۆڕاخیەش کەروونێ و چەنی وێم بارووشوە.

تۆزێک دواتر پیاوێک بە هێسترێکەوە گەییشتە سەر ئاوەکە، ئەویش بە گەرمی لەگەڵ ڕەشە دا

Institut Kurde de Paris

سلام و هەواڵپرسی کرد و دوای ئەوە زانی ڕەشە بۆ شارەزوور ئەڕوات، وتی براکەم بەشی زۆری ڕێگاکەت بڕیوە، خەمت نەبێت، لەمەولا لە هەر دۆڵێکی ئەم ناوەدا باخ و هەوارێک هەیە و لە هەر هەوار و دۆڵێکدا ماندوو بوویت شەرم مەکە، بچۆ بەر دەرگا و نان و خواردنیان لێ داوا بکە. لە سایەی روحمی خواوە خەڵکەکەمان باش و مێوانپەزێرن.

چوار ڕۆژی دیکە ڕەشە دۆڵ، باخ و گوندی جوانی تێپەڕ کردن. لە چەند شوێن لایدا، بوو بە مێوانی چەندین ماڵ و سەرەنجام گەییشتە ئەو شوێنەی پێیان ئەوت شارەزوور. ڕەشە پێ سەیر بوو کاتێک ئەیبینی لەم سەرەوە تا ئەو سەری ئەم ڕیگا دوورە، تێکڕا وڵاتی کوردانە. لە هیچ شوێنێکی ڕێگادا، نە لە چۆڵ و نە لە دۆڵەکانیدا هەواڵێک لە سنوور، پاسەوان، یان سەربازی داگیرکەریک نەبوو لێ بپرسێ تۆ کیت و بۆ کوێ ئەچی.

کاتێک ڕەشە گەییشتە شارەزوور لە یەکەم ئاوایی لای دا، بەڵام لە بەر هەستکردن بە غەریبی و نەناسینی کەس، نەیدەزانی چی بکات. جارێک گەرەکی بوو بێ سڵەمینەوە بڕواتە بەر دەرگایەک و بێژی سلاو، مێوانی غەریبتان گەرەکە؟ دیسان پەشیمانی ئەبردەوە و پێی وابوو ئەمە کارێکی فرە زەحمەت و نەگونجە. بۆیە بە باشی زانی بڕوات لە شوێنێک ڕاوەستێ تا خەڵکی ئاوایی بۆ خۆیان بۆ دێن و دەپرسن کاکە تۆ خەڵکی کویت؟ کارت چیە و سەرەنجام بەڵکوو یەکێکیان خولکی بکات و بیباتە ماڵی خۆی؟ لە ناو داڵغە و خیاڵی خویدا بوو لە پڕ پیاوێک، کە فەرنجییەکی جوانی لە بەر و ڕەشتییەکی هەورامیانەی شۆخ و شەنگی لە سەر نابوو هات و وتی مەرحەبا کاکە! ئێژی تۆ لە خەڵکی ئەم ناوە ناچیت. دۆسێک، ئاشنایەک شتێکت هەیە بە دوایدا ئەگەڕی؟ رەشە بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە شەرمەوە وەڵامی مەرحەبای کابرای دایەوە و وتی لالۆ گیان بەڵێ، من خەڵکی ئەم ناوە نیم، لەو دیوەوە هاتووم، ئەرێ وەڵا غەریبم..

راسیەکەی من بە دوای برایەکمدا هاتووم و لەم ناوەیش هیچ کەسێک ناناسم. پیاوەکە لە ڕەشە نزیک بوویەوە و وتی خەمت نەبێ کوڕی خۆم، مێوان حەبیبی خوایە، ئیسە فەرموو با بچینە

Institut Kurde de Paris

ماڵی ئێمە، نان و چاییەک بخوە و حەتمەن خوا کەریمە و دواتر هەواڵی براکەیشت ئەزانیت.

ڕەشە وەک ئەوە بارێکی قورسیان لە کۆڵ کردبێتەوە، هەستی بە ئارامی کرد و لە حاڵێکدا چاوی پڕ ببون لە فرمیسک، کەوتە شوێن کابرا و رویشتن بۆ ماڵی ئەوان. لە بەر دەرگا کابرای خاوەنماڵ بە دەنگی بەرز بانگی ژنەکەی کرد و وتی خەرامان هۆربێزە مێمانی غەریبما هەن. ژنەیش بە زوانێکی شیرین و روویەکی خوشەوە بەرەو پیری مێوان هات و بە هەورامی خێرهاتن و خوشهاتنی رەشەی کرد. رەشە کاتێک زانی لەو پەڕی دنیاش، واتا شارەزوور هەورامی هەن و عەینی خەڵکی پایدۆڵان قسە ئەکەن، خەریک بوو لە خوشیان شاگەشکە بێت. کابرای خاوەن ماڵ وتی ناوی من ئەڵماسە، خێزانیشم ناوی خەرامانە، ئەگەر زەحمەت نیە ئەکرێ ئێمەیش ناوی شەریفی تۆ بزانین؟ بێ ئەوە لە سەر وەڵامی ڕەشە راوەستی وتی راستی بە شێوەی قسەکردنەکەتدا لە تویچ هەورامی ئەچی، وا نییە؟

رەشە لە حاڵێکدا بە دەستماڵێک، کە لە گیرفانی شواڵەکەیدا دەری هێنا و چاوە پڕ لە فرمیسکەکانی پێ ئەسرێن، وتی بەڵێ لالۆ ئەڵماس گیان، منیچ نامێم حەمە ڕەشیدەن، بەڵام زیاتەر پەنەم ماچا ڕەشە. بەڵێ ڕاس فەرماوی هەورامییەنا. ئێمە لە ئاوایی خۆمان، واتا پایدۆڵان بە هەورامی قسە ئەکەین، بەڵام لە بەر ئەوە لەگەڵ خەڵکی پایشاخان و سەردەراندا تێکەڵاویمان فرەس، کوردییەکەیشم خراو نیە. هەڵبەت دایکم خەڵکی سەردەرانە و ئێمە لەگەڵ دایکمانا بە کوردی و لەگەڵ باوکم و خەڵکی تردا بە هەورامی قسە ئەکەین، بەڵام ئیسە تاومێ واڕمیش پەی هەورامیانەکەو وێما.

دوای نانخواردن و گێڕانەوەی کۆمەڵێک رووداو کە ڕەشە لە ڕێگادا تووشیان ببوو، لالۆ ئەڵماس روی کردە رەشە و وتی:

کوڕی خوم، منیش رۆژگارێک خەڵکی " ئەودیو" بووم. بنەچەکەمان خەڵکی ناوکەلانە، ئاواییەکی گەورەی بناری هەردی " زریە "، بەڵام بە دیوی حەوشە گەورە و چەمی دەورێشاندا. نازانم تۆ

Institut Kurde de Paris

قەت رویشتوویتە ئەو ناوە یان نا، بەڵام گوندێکی خوش و دڵنشینە. من تەمەنم کەمتر لە دە ساڵ بوو باوکم لە دەست مالک و زاوتەکانی، کە زوڵمیان لە خەڵک ئەکرد، گیان گەییشتە نووکی لووتی و بڕیاری دا بۆ خەلاسبوون لە دەست زاڵمان، زید و شوێنی باپیرانی خۆی بۆ هەمیشە بە جێ بهێڵێ و بێتە شارەزوور. لەو ساوە کە زیاتر لە پەنجا ساڵە، ئێمە لەم ئاواییەدا ئەژین و شوکور بۆ خوا ژیانمان خراب نیە. لانیکەم زۆر لە ئەودەمەی من منالْ بووم و لە ناوکەلاندا ئەژیاین حالمان خاستترە. خەرامانی خێزانیشم خەڵکی هانەدەرانە. دوای ئەوە خوشکەکەی من، زلێخا شوی کرد بە برا گەورەکەی ئەو، منیش چوومە داوای خەرامان و بوومە زاوای هانەدەرەیان. دیارە تۆ یەکەم کەس نیت کە لەودیوەوە دێتە ئەم ئاوایەی ئێمە، واتا "هانەولان". ڕەنگە لەم ماویەدا کە ئێمە لەیرەین، هەزار کەس هاتبێت و بووبێتە مێوانمان. باوکی ڕەحمەتیم کاتێک ئێمەی هاوردە ئەم گوندە زۆر بێ ئیمکانات، هەژار و رووت و رەجاڵ بووین. لە بیرمە ئەو ئێوارەیە گەییشتین، لە بەر دەرگای مزگەوتی ئاواییدا کەوتبووین، کۆمەڵێک خەڵکمان لێ کۆببوونەوە و کەس خولْقی ماڵی خۆی نەدەکردین. من و خوشکم دەگریاین و باوک و دایکم بە دڵتەنگییەوە هەوڵیان ئەدا دڵخوشیمان بدەنەوە. تا سەرەنجام کابرایەک پەیدا بوو و دوای پرسینی وەزع و ئەوەیکە لە کوێوە هاتووین و گەرەکمانە چی بکەین، بردمانی بۆ ماڵی خویان و دنیایەک قەدری گرتین. قەدر بۆ ئینسان، ئەویش بۆ ئیسانی غەریب وبێ کەس فرە گرنگە. من لەو ڕۆژەوە قەوڵم بە خوم و خوا داوە کە قەدر و حورمەت لە هیچ غەریبێک دریغ نەکەم و ئەگەر نانێکم هەبێت، بێ دوودڵی لەگەڵ غەریباندا بیکەمە دوو لەت. مەگەر تۆ ئەم گۆرانییەت نەبیستووە کاکە ڕەشە کە ئێژێ:

سیروان غەریبم، قەدرم بزانە

قەدری غەریبان یەکجار گرانە

ڕەشە ورد و لە سەرەخۆ گوێ دابووە قسەکانی لالۆ ئەڵماس. راست ئەتوت ئەو دەمانەیە کە

Institut Kurde de Paris

باوکی قسەی بۆ ئەکات. باوکی ڕەشە، واتا میرزا ئەمینیش ڕاست وەک لالۆ ئەڵماس قسە خوش، مێواندۆست و دڵفراوان بوو. کە لالۆ ئەڵماس شێعرەکەی تەواو کرد وتی دادەی برا بۆم باس کە بزانم براکەت چۆن کوڕێکە، ناوی، قەد و باڵای و کەی لە پایدۆڵانەوە دەرچووە. ڕەنگە من یان خەرامان دیبێتمان، چووزانی، ڕەنگە هاتبێتە ماڵیشمان.

ڕەشە وتی دنیایەک سپاس لالۆ گیان، براکەم دوو ساڵ لە من مناڵترە، قژی کاڵ و باڵای بەرزە. چاوی کەوە و بە قسەی دایکم بێت جوانخاسترین کوڕی گشت دنیاس. دەنگی یەکجار خوشە بەڵام کەم، فرە کەم گۆرانی ئێژێ. شەرمین و کەمقسەیە. دوو مانگ بەر لە ئیسە، لە سەر ماجەرایەک دڵی شکا و سەری خۆی هەڵگرت. ئێمە سەرتا وەمانزانی رویشتووە بۆ سنە بۆ لای خزمانمان، خاڵۆیەکم ماڵی لە سنەیە، مەلا سادقی پێ ئێژن و لە گشت چەمی ژاوەرۆ و گاوەرۆ ئەیناسن. خەسرەوە پێشتر چەند ساڵێک لە لای خاڵۆم دەرسی فەقیەتیی خوێندبوو، وتمان ڕەنگە ئەمجرەیش چووبێتەوە بۆ شار و بووبێتەوە فەقی لە حوجرەی لالۆم. بەڵام دوای چل ڕۆژ هەواڵ هات و وتیان کەس لە سنە و لە ماڵی خاڵۆم خەسرەووی نەیدیوە. دایکم دوای ئەوە زانی خەسرو نەچووە بۆ شار، ئاگری تێی بەربوو لە عەزرەتیدا خەریکە باڵ بگرێتەوە و کەش بگرێتە بەر. دوای ئەوە دایکم فرە بێتاقەت بوو، هاوکوڕێکی خەسرەو خۆی، هاتە ماڵمان و وتی خەسرەوە شەوێک بەر لەوە بکەفێتە ڕێگا، هاتگەسە لای من و قەسەمی داوم بۆ هیچ کەسێک باس نەکەم، تەنانەت بۆ نزیکترین کەسەکانیشی نەیژم کە چووە بۆ کوێ، بەڵام کە ئیسە ئەبینم مەتی بەفراو بەو شێوەیە عەوداڵە، ئێتر ناچارم قەسەمەکەم بشکێنم و پێتانم بێژم: ئەرێ من ئەزانم، مەتی گیان. خەسرەو شەوێک هاتە بەرماڵ ئێمە، منی بانگکردە دەرەوە و لە بەرا چەندین جار قەسەمی دام کە بە هیچکەس، تەنانەت بە ئێوەیش نەییژم کە ئەو بۆ کوێ ئەڕوات. ئەرێ ئەو شەوە بە منی وت شەرتە شەرتی پیاوان بێت دوای ئەم زوڵمە گەورەیە کە مەلا سامان لە منی کرد، بۆ هەمیشە ئاوایی پایدۆڵان بە جێ بهێڵم و تا شارەزوور نەوێستم.

Institut Kurde de Paris

مەتی خەرامان کە بە دەم چایی تێکردنەوە گوێ دابووە باسەکەی ڕەشە و میرزا ئەڵماس، وتی:
" والێت کۆرە بۆ ڕۆڵە، مشیوم ئەذا و واڵەکات ئیسە چی حالێوشا بۆنە".

لالۆ ئەڵماس پرسی ناوی براکەت، ئەرێ ڕەشە گیان ناوی براکەت چەس؟

ناوی خەسرەوە لالۆ. لە ناوچە بە خەسرەوە کاڵ، یان خەسرەوی میرزا ئەمین بە ناو بانگە.

خەرامان وتی ئەرێ میرزا ئەڵماس، یارۆ، یارۆ کوڕە کاڵەکە شەوەکە ئاما و لوا یانەو "رەحمەتڵە " ی، واچی ئانە نەبۆ؟

لالۆ ئەڵماس قامکێکی خستە سەر زنجی و چووە ناو فکرەوە، خەریک بو گشت ئەو غەریبانەی دەژماردن کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابوردوودا هاتوونەتە هانەولان و پاشان لە بەر خۆیەوە وتی ئەرێ، رەنگە ئەو بێت بەڵام تازە شەو درەنگە، بەیانی ئەوەڵی وەخت ئەچم و لە رەحمەت ئەپرسم بزانم لە بیری ماوە ئەو کوڕە ناوی چی بوو، یان خەڵکی کوێ و کام ئاوایی ئەودیو بوو.

بەیانی زوو لالۆ ئەڵماس رویشت و ناو و نیشانی ئەو کوڕەی لە ڕەحمەتڵە پرسی، بەڵام شتێکی روونی دەست نەکەوت. ڕەحمەتڵە گێژە پیاوێک بوو، زوو شتی لە بیر ئەچوو، ئەوەیش کە لە هۆشی ئەما و بە خەڵکی ئەوت، ئەگەر ڕاستیش بووبا دیسان خەڵکی بڕوایان پێ نەدەکرد. کە لالۆ ئەڵماس لێ پرسی ڕەحمەت گیان تۆ کەسیکی بەم ناونیشانەت لە بیرە فلانە وەخت هاتە ماڵتان و شەوێکیش مێوانتان بوو، لە وەڵامدا وتی: ئەرێ کوڕێکی درێژ و جوانخاس بوو.

ڕەشە کە لە پشتسەری لالۆ ئەڵماسەوە ڕاوەستابوو لە بەر خۆیەوە پێکەنین گرتی و بە هێواشی وتی:

خەسرەوی برام و درێژ؟ ئاخر برا درێژ و باڵابەرز جیاوازن. درێژ ئەتوانێت ناحەز و لار و لەوێریش بێت بەڵام باڵابەرز نا. خەسرەو باڵابەرز و جوانخاس بوو بەڵام درێژ نا، بە خوا ئەگەر مەتی بەفراو بیژنەوتبایە کەسێک بە کوڕەکەی ئێژێ درێژ، قژ و کوڵکی بە سەریەوە نەئەهێشت.

Institut Kurde de Paris

ڕەشە حەفتەیەک بوو لە ماڵی لالۆ ئەڵماسدا بوو. بەیانیان پێکەوە ئەچوونە سەر هەرمان و کەڵەک و تەلانی ناوباخی بۆ لالۆ ئەڵماس هەڵئەچنین. لە بنی هەڵووچەکەی سەر یەکەم تەلاندا، حەوزێکی جوان و فرە شیرینیشی سازکرد کە لە گشت شارەزووردا وێنەی نەبوو. تەختەبەردی جوان و لووس، وەستایانە پێکەوەی نووساندبوون و لە گۆشەیەکەوە پلووسکێکی بۆ سازکردبوو تا ئاوی حەوزەکە وەک تاف بپەڕێتە ناو باوەرەکەی بەر کەڵەک و لەوێوە بڕوات بۆ بنی نەمامەکانی دیکە. ڕەشە بەم کارەی لە یەکەم ڕۆژدا نیشانی دابوو کە باخەوان و ئۆسایەکی دەسڕەنگینە. لالۆ ئەڵماس تەنیا تل و تەوەنەکانی دێنان و وەک شاگرد لە بەر دەستی ڕەشەدا کاری ئەکرد. ڕەشەیش وەک کوڕی ماڵ، دڵسۆزانە هەڵئەسووڕا و جوانی کار و دەستڕەنگینی ئەو، ببووە وێردی زوانی خەڵکی هانەولان. ئێوارەی جومعە کە خەڵک لە بەر مزگەوت کۆبوونەوە، باس باسی ئۆسا ڕەشە و تەلانە تازەکانی لالۆ ئەڵماس بوو. بە تایبەتی ناوبانگی حەوزەکەی گەییشتبووە ئاواییەکانی دیکە و خەڵکی داوایان ئەکرد کە ڕەشە بڕوات و حەوزێکیش بۆ ئەوان درووست بکات، بەڵام ڕەشە بەم تاریف و شۆرەتە دڵخۆش نەبوو. ئەو لە ناخی دڵەوە وەیلانی خەسرەوی برای و گەرەکی بوو هەرچێک زووتره هەواڵێکی برا تۆراوەکەی بزانێ، بیدۆزێتەوە و پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ پایدۆڵان و لەگەڵ دایکی، ڕێحان و ئازیزانی دیکەیدا دەستەملان ببنەوە.

لالۆ ئەڵماس لەم ماوەیەدا چەند پیاو و پێغامی بۆ گشت گوند و تەنات بۆ خورماڵ و هەڵەبجەیش ناردبوو. ڕای سپاردبوو ببرسن و بزانن، کوڕێکی قژکاڵی باڵابەرز، ناوی خەسرەوەی میرزا ئەمین و خەڵکی گوندی پایدۆڵانی ژاوەرۆیە. کێ دیویە، یان هەواڵێکی ئەزانێ، بە زووترین کات بیگەیەنێتە لای میرزا ئەڵماس لە ئاوایی هانەولان، بەڵام کەس هەواڵێکی ڕاست و جێ متمانەی نەدەزانی.

ئێوارەی ڕۆژی هەشتەم لە ڕێگای باخدا لالۆ ئەڵماس رووی کردە ڕەشە و وتی:

کوڕی خوم تۆ پیاوێکی لایەق و ژیری. من حەز ئەکەم نەک هەر حەفتەیەک، بەڵکوو بۆ هەمیشە

Institut Kurde de Paris

لەم دییە و لەماڵی مامۆی خۆتدا بمێنیتەوە، بەڵام ئەزانم جەستەت لەیرە و دڵت لە دوای براکەتە. من ئەوەی پێم کراوە، هەوڵی خۆم داوە بەڵام بەداخەوە هەواڵێکی خوشم نەبووە پێتی بدەم. دوێشەو لەگەڵ خەرامانی خێزانمدا بیرمان کردەوە و وتمان ڕەنگە ئەم برایەت چووبێت بەرەو خوار. بۆ لای سلێمانی و رەنگە دوورتریش.

ڕەشە کە وشەی " سلێمانی و دوورتریش" بە تەواوی ڕایچڵەکاند، بە پەلە هاتە ناو قسەکانی لالۆ ئەڵماس و وتی بۆ لالۆ گیان جێگای دوورترلە سلێمانیش هەیە؟ بێ ئەوە لە سەر وەڵامی لالۆ ئەڵماس ڕاوەستێ لە بەر خۆیەوە وتی، تەواشا من، پێم وابوو شارەزوور ئەوپەڕی دنیایە، کەچی سلێمانی و لەوێش جێگای دوورتر....

لالۆ ئەڵماس بە پێکەنینێکی نەرمەوە وتی:

کوڕی مامی ئەرێ، دوای سلێمانی کەرکوک و دوای ئەویش بەغدایە. شاری بەغدا. مەگەر تۆ ناوی غەوسی بەغدات نەبیستووە؟

ڕەشە وتی، بەڵێ وەڵا لالۆ گیان بیستوومە، بەڵام نەمزانیبوو بەغدا شارە و ئەویش ئەونە دوور، تەنانەت دوورتر لە شارەزووریش!

لالۆ ئەڵماس وتی برایەکی خەرامان و کوڕە گەورەکەی خۆیچمان لە کەرکووکن. ئەوان لە ئەوەڵی پاییزەوە لەوێن و خەریکی هەرمانن. خوت ئەزانی بەهاری شارەزوور لە لای ئێوە زووتر دەست پێ ئەکات، بەڵام بەهاری کەرکووک پێش لە شارەزووریشە. ئەوان لەوێ خەریکی هەرمان و کاری عەمەلەیین. ماڵ و بینای بەرز بۆ خەڵکی دەوڵەمەن، کەسی وەک ئەوانەی باوکم لە دەستیان گەییشتە شارەزوور ساز ئەکەن. ئەوەی من ژنەفتوومە ئەم حەفتەیە کاروانێک لە هەڵەبجەوە ئەکەونەڕێ و ئەگەر پێت خوش بێت، من لەگەڵ ئەواندا بەرێت ئەکەم بۆ کەرکووک تا بەڵکوو لەوێ سۆراخێکی خەسرەوی برات بکەیت. ئەوێ پڕیە لە عەمەلە و کرێکاری کورد. هەم خەڵکی ئەودیو، هەم خەڵکی دەشتی شارەزوور و هەم خەڵکی شوێنەکانی دیکەش. سابیری

Institut Kurde de Paris

کوڕم بۆ نەورۆز گەڕابوویەوە حەفتەیەک لەیرە مایەوە. ئەو باسی ئەکرد کە ئەوانەی خەڵکی ئەودیون، گشتیان لە شوینێک و لە لای خاوەنکارێک ئیش ئەکەن. دڵنیام ئەگەر براکەی تۆیچ هاتبێتە شارەزوور، چونکە زۆسان کار لە شارەزوور دەستناکەوێ، لەگەڵ قافڵەیەکدا خۆی گەیاندووەتە کەرکووک و ئیستا لەوێ خەریکی ئیشە.

لالۆ ئەڵماس و ڕەشە بە دەم قسە و باسەوە گەییشتنەوە ماڵ و ڕەشە بە تەواوی لە ناو خیاڵ و داڵغەی قسەکانی لالۆ ئەڵماسدا نوقوم ببوو...

Institut Kurde de Paris

کاروان کە لە هەڵەبجەوە کەوتەڕێ، ژمارەیان دە دوازدە کەس بوون. لالۆ ئەڵماس چەند کەسێکیانی لە نزیکەوە ئەناسین، بۆیە قسەی تەکا کردن و ئامانەتی ڕەشەی دایە دەستیان. ڕەحیم خەڵکی هانەدەرە، ئاوایی ماڵە خەزوورانی لالۆ ئەڵماس بوو، لە لای سابیری کوڕی و براکەی خەرامانیش کاری ئەکرد، بۆیە قەوڵیدا لەم سەفەرەدا وەک برا ئاگای لە ڕەشە بێت. خۆت ئەزانی لالۆ من و سابیر لە دیوێکدا ئەخەوین، قەرەوێڵەیەکی بەتاڵمان لە دیوەکەماندا هەیە، ئەیدەین بە کاکە ڕەشە و تا ئەو وەختە لەوێ بێت، ئەتوانێت لە لای من و سابیر بخەفێ. ڕەشە کە گوێ لە قسەکانی ڕەحیم بوو بە بزەیەکەوە وتی:

سپاس لالۆ ڕەحیم گیان، من گەرەکم نیەن فرە مەنووە، تەنیا دەسم یاوۆ دەسو براکەیم ئێتر...

ڕەشە دوای ئەم ڕستەیە دڵی پڕبوو لە بوغز و نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدات. هۆشی لە لای سەفرێکی نادیار و فرە دوورەوە بوو. دوورکەوتنەوە لە پایدۆلان، لە دایکی، لە ڕێحان و گشت یادگارییەکانی تەمەنی. لە دڵی خۆیدا ئەیوت:

بێژی ڕۆژێک بێت، من بگەڕێمەوە ماڵ و پەلکە شۆڕەکانی ڕێحان بخەمەوە ناو دەستم؟ ئای چەندە خوش ئەبێت کە خەسرەو لەم سەفەرەدا بدۆزمەوە، ساق و سەلیم، پێکەوە بگەڕینەوە لای مەتی بەفراو و جارێکی دیکە ببینەوە ماڵە قەرەباڵخەکەی جاران. لالۆ ئەڵماس کە هەستی بە

دڵتەنگی ڕەشە کرد، تۆزێک لێ نزیکتر بوویەوە، دەستی نایە سەر شانی و ڕوو لە جەماعەت وتی:

حەمە ڕەشیذ کوڕێکی فامیدە و ئۆسا دیوارێکی عەجاییبە. دیارە تەنیا حەفتەیەک مێوانی من بووە، بەڵام بە قەد چەند مانگ دیوار، حەوز و تەلانی جوانی بە یادگار بۆمان بە جێ هێشتووە. بۆیە داواتان لێ ئەکەم لەم سەفەرەدا گشتتان ئاگاتان لێ بێت، دڵنیام کە خەسرەوی برای لە کەرکووک ئەدۆزێتەوە و ئەوکات دێتەوە ئەیرە ئەبێتەوە مێوانی من. ئێوە گشتتان شاهێد بن و بزانن، شەرت بێت بە شەرتی پیاوان، ئەگەر لەتەک براکەیدا گەڕانەوە هانەولان، من گیسکێک بسێنم، بیکەمە نەزر و گۆشتەکەی بدەمە ڕەشە خۆی بە سەر ماڵاندا دابەشی بکات. بەڵام تا ئەوکاتە ئەمانەتی ئەدەمە دەستی ئێوە و ئەشێ ئێوەیش نەهێڵن لەم سەفەرەدا تەڵخی لێ بوگزەرێ...

ڕێگای نێوان شارەزوور و کەرکووک بە شێوەی ئاسایی پێنج بۆ شەش مەنزڵ بوو. دیارە ئەگەر پیاو گەرەکی بووایا، بە سێ جوار ڕۆژ ئەگەییشتە جێ، بەڵام ئەمان پەلەیان نەبوو. جگە لە بڕینی ڕێگا، وەک جۆرێک سەیرانیش ئەیانڕوانیە ئەم سەفەرە، بۆیە لە هەر جێگا و شوێنێکدا دڵیان بیگرتایا، لایان ئەدا، ئاگرێکی گەورەیان ئەکردەوە و شەو بە دیار ئاگرەکەوە دائەنشتن، شانێک بە شەوق هەڵئەپەڕین و دوای ماندووبون لە پەنای ئاگرەکەدا ئەخەفتن. بە درێژایی ڕێگا، خەڵک و هاوسەفەری تازە ئەهاتنە ناو کاروانەکە و کاتێک گەییشتنە نزیک چەمچەماڵ، ژمارەیان ببووە چل کەس. نیوەڕۆیەک لە سەر کانیی و حەوزێکی جوان دانشتبوون و خەریکی نان و پەنێر خواردن بوون. خوارەوەی کانییەکە تۆقێک دارەبی و، ئاوی کانییەکە بە ناو بیەکاندا ئەڕویشت و لە خوارترەوە جۆگەلەیەکی گەورەی پێکدێنا. ڕەشە بە بیانووی سەرئاو، بەڵام بۆ بیرکردنەوەیەکی ئارامتر لەم ڕۆژانەی تێیان کەوتووە ڕووی کردە ناو داربییەکان. لە گۆشەی کانیاوێکی دیکەوە دیتی کووزەڵە و پوونگەیەکی زۆر خرمەی داوە. بۆیە دەسماڵەکەی

Institut Kurde de Paris

ملی کردەوە، پڕی کرد لە کووزەڵە و پونگە و هێنایەوە بۆ هاوسەفەرەکانی. ڕەحیم لە دوورەوە وتی ئەوە چیە ئۆسا ڕەشە، ئێژی کۆڵێکت پێیە؟ ڕەشە لە حاڵێکدا بزەیەکی گەر و شیرین بە لێوەکانیەوە دەبینرا ، کووزەڵەکەی هەڵڕشتە ناو حەوزەکە و وتی فەرموون هێشتا تەرچک و جوانە، فەرموون بخون. جەماعەت بە لێشاو هێرشیان بردە سەر کووزەڵە و پوونگەکە و بە دەم کووزەڵەخواردنەوە ئەیان وت، ئەم کوڕە کەسێکی ورد و ژیرە و لەم بیابانەیشدا بە کۆڵ و دیارییەوە دێتەوە ناو خەڵک.

پشتی کانییەکە سارایی و پادەشتێکی خوش بوو. چەن کوڕێکی گەنج گۆرانییان ئەوت و حەوت هەشت کەسیش چۆپییان گرتبوو بە شەوق هەڵئەپەڕین. ڕەحیم ڕوی کردە ڕەشە و وتی کاکە ڕەشە بە خوا من ئەجۆم تۆ ئەو دەنگ وەشی مشی. مەزانوو، بەڵام هەرچێو تەماشاو چەمات کەروو، ماچی دەنگت فرە وەشەن. ڕەشە کە دڵی پڕ ببوو لە حەسرەت، لە فرسەتێک ئەگەڕا و حەزی ئەکرد بە بیانووی گۆرانی وتنیشەوە بووە، داخەکانی هەڵڕێژێ. تۆزێک پێکەنی و وتی من دەنگم خراو نیە، بەڵام خەسرەو، خەسرەوی برام تەنیا خۆی زەماوەنێک بە چریکە هەڵئەسووڕێنێ. کابرایەکی دیکە کە لە تەنیشت ڕەشە و ڕەحیمەوە دانشتبوو وتی:

جەماعەت راوەستن! هەر ئیستە گشتمان دەست ئەگرین و ئۆسا ڕەشەیش گۆرانیمان بۆ ئێژێ. من ئەزانم دەنگی خوشە و خەریکە لێمان بشارێتەوە کە گۆرانیوێژە. خەڵکەکە خڕبوونەوە، کوڕێکی باڵابەرز و خۆجوان چۆپییەکەی وەرگرت و رەحیم و کابراکەیتر کە ناوی ئەسکەر بوو ڕەشەیان بە زۆر هێنایە ناو کۆڕەکە. ڕەشە سەرەتا بە شەرمەوە، بەڵام کە دیتی ڕێگایەک بۆ خۆدزینەوە نیە، دەستی پێ کرد و لە پڕ چریکە و زرینگانەوەی دەنگی هەموو کۆڕەکەی حەپەسان. ڕەشە تۆزێک زیاتر دەنگی خۆی بەردایەوە و گەورە و بووچکی خەڵکەکەی خستە سەما. زیاتر لە سەعاتێک بەزمی گۆرانی و چۆپیکێشان بەردەوام بوو. دواتر کە ڕەشە بە ڕێز و

Institut Kurde de Paris

حورمەتەوە، دوایین کۆپلەی گۆرانییەکانی، بە شێوەیەکی ئارامتر کۆتایی پێ هێنا و ڕوو لە جەماعەت وتی:

تۆ خوا بمبەخشن، من فرە کەم گۆرانی ئێژم، ئەوە لە بەر خاتری ئێوە و داوای کاکە ڕەحیم بوو، ئەنا ساڵێک زیاترە یەک گۆرانیشم نەوتووە. گەرەکی بوو بێژێت دوای مردنی باوکم، بەڵام پەشیمان بوویەوە و قسەکەی لە دەم خۆیدا خواردەوە.

جەماعەت لە دەوری ڕەشە کۆبوونەوە و هەرکامەیان پرسیارێکی لێ ئەکرد. یەکێک لە ناوی ئاواییەکەیان و چۆنیەتی گەییشتن بە شارەزووری ئەپرسی. یەکێک لە بنەماڵە و هۆی تۆرانی براکەی، ئەویتر لە ژن و منداڵ و چۆنیەتی ژیانی و بە گشتی ڕەشە لە ناو گێژاوی کۆمەڵێک پرسیار و وەڵامدا مابووەوە و لە سایەی چریکە و دەنگی نایابییەوە لە پڕ ببوە کەسێکی ناسراو.

حەمەخان کە یەکێک لەوانە بوو تازە گەییشتبووە کاروانەکە، پرسی کاکە ڕەشە وتت براکەت ناوی خەسرەوە؟

ڕەشە:

بەڵێ کاکە گیان، بۆ هەواڵێکی ئەزانی؟

نا، بە تەواوی دڵنیا نیم، هەر وا پرسیم.... راسیەکەیت گەرەکە من دە ڕۆژ پێش ئیستا لە کەرکووک بووم. کوڕێکی جوانچاکی باڵابەرز، قژ و ڕیشێکی کاڵ و چاوێکی شین و شیرینی پێوە بوون. ئەویش دەنگی خوش، دڵت نەیەشێ، بەڵام بە ڕاسی دەنگی لەم چریکە نایابەی تۆ خوشتر بوو.

ڕەشە وەک ئەوە دڵنیابێت حەمە خان ڕاست باسی خەسرەوی برای بۆ ئەکات وتی، دەی کاکە حەمە خان، بێژە، بێژە ئەو کوڕە خەسرەوی برام بوو یا... بێژە ئیسە ها لەکوێ...

حەمە خان وتی کاکە ئەو ناوی شەماڵە، خەسرەو نیە. ئەیوت ناوی شەماڵە و لە لای کابرایەکی دەوڵەمەنی خەڵکی لای خانەقین کار ئەکات. ئێژم کار، نا کاکە ئەو کار ناکات، تەنیا ڕۆژانە

Institut Kurde de Paris

گۆرانی بۆ خاوەنکارەکان ئێژێ، یان کتێبێکی شێعری پێیە، لەو کتێبەدا شێعریان بۆ ئەخوێنێتەوە. گوایا کابرای دەوڵەمەن، کە ئەو لەلایەتی حەزی لە کتێب و شێعر و شتی وایە، بەڵام خوی خوێندەواری نیە. کتێبێکی هێناوە و ئەیدا بەو کوڕە، واتا شەماڵ بۆی بخوێنێتەوە. حەفتەکەک پێشتر، ڕۆژێکیان کابرای خانەقینی هاتبووە لای خاوەنکارەکەی ئێمە، بە یەکەوە قسەی ئەو کوڕەیان ئەکرد و کابرای خانەقینی ئەیوت، بەم زوانە گەرەکما بڕۆم بەرو خوار، بۆ لای بەغدا و ئەو ناوانە. ئەیوت ئەگەر ڕویشتم، حەتمەن شەماڵ ئەدەمە دەست تۆ تا ئەگەڕێمەوە، بەڵام بەو شەرتە وەک کوڕی خوت هۆشت پێوە بێ. وا دیارە بەشێوەیەک عاشقی دەنگی شەماڵ بووە بە ئاسانی دڵی لێی ناکاتەوە. دیارە ئەو کوڕەیچ خۆی ئێواران بۆ سەردان و خەوتن دێتەوە لای عەمەلەکانی دیکە. وەک وتم خوێنەواریشی هەیە و ئەتوانێت ناوی کرێکارەکان و بڕێک شتی دیکە بنوسێت.

راسی وەستا ڕەشە خۆ براکەی تۆ خوێنەواری نییە، وانیە؟

ڕەشە وتی بۆچە نا کاک حەمە خان گیان، بەڵێ وەڵا خەسرەوی برایشم خوێنەواری هەیە. ئەو شانسی بوو ماوەیەک لە شاری سنە، لە لای خاڵۆم کە مەلایەکی ناسراوە خوێندوویەتی و بە ئاسانی ئەتوانێت بنووسێ و تەنانەت کتێبیش بخوێنێتەوە. وەختێک لە ماڵ بوو، فرە جار کتێبی شیرین و خەسرەوی ئەخوێندەوە بۆ باوکم و مێوانەکانی. تەنانەت گەرەکیشی بوو ببێت بە مەلا، بەڵام مەرحوومی باوکم نەیهێشت، ئەیوت گەرەکتە تۆیش لاسایی مەلا سامانە " قێرۆڵ " بکەیتەوە؟ نا، بەداخەوە باوکم نەیهێشت دەنا چارەنووسی خەسرەو ئەمەی ئیستا نەبوو. دەنگیشی خوشە، هێندە خوش کە ئەگەر لە دڵەوە گۆرانی بێژێ، دار و بەردیش گوێ لێ ئەگرن، باوڕ بکەن، وەک ئێژن مەل بە ئاسمانەوە ئەوەستێ.

ڕەشە لە دڵی خۆیدا تووشی گێژاوێکی قووڵ بوو، ئەم ناونیشانانەی حەمەخان ئەیاندا، بێشک گشتیان نیشانەی خەسرەون، بەڵام بۆ شەماڵ؟ ئاخر بۆ ئەبێت خەسرەو ناوی خۆی گۆڕی بێت

Institut Kurde de Paris

بۆ شەماڵ؟ بێژی ئەویش گوێ لە دەنگی دایکم بووبێت کاتێک ئەیوت بە بای شەماڵیشدا بووە هەواڵی کوڕەکەم بۆ بنێرەوە و لە خوشی قسەکەی دایکمدا ئەم ناوەی هەڵبژاردبێت؟ نازانم، بەڕاسی خەریکە شێت ببم.

جەماعەت کە بە وردی سەرنجیان خستبووە سەر ڕەشە، هەوڵیان ئەدا جۆرێک دڵخوشی کەن و هەرکامەیان بە شێوەیەک گەرەکی بوو پاساوێک بۆ ناوگۆڕینی خەسرەوە بێننەوە. فەتحولا، کە کوڕێکی شارەزووری بوو وتی، ئۆسا ڕەشە لەم ناوە ناوگۆڕین چتێکی ئاساییە، من لەوێ، لە لای خاوەنکارەکەم ناوم فەتحولا، یان فەتە نیە وەک ئیسە ئێوە ئەمناسن. لەوێ هاوکارەکانم گشتیان پێم ئێژن فەرەج. هەڵبەت ئەم ناوەیچم لەوێوە بە نەسیب بوو کە، ڕۆژێک کابرایەک هات بۆ لامان، بێ ئەوە قەت منی پێشتر بینیبێت وتی: وەخوا تۆ هەر لە براکەی من ئەچی، وتم براکەت ناوی چەس؟ وتی فەرەج. بروات هەبێت ئێتر دوای ئەو ڕۆژە، گشت عەمەلەکان ناوی منیان نایە فەرەج و، منیچ ناچار قەبووڵم کرد. دەی برا ئەکرێ براکەی تۆیچ بەو شێوە ناوی گۆڕیبێت. جەماعەت دایانە قاقای پێ کەنین و بە گاڵتەوە وتیان "وە خوا فەرەج ڕاس ئێژێ"... کاروان دیسان کەوتەوە ڕێگا و ڕەشە هەر وا لە ناو دەریای خیاڵاتی خۆیدا دەسووڕایەوە.

حەمەخانیش وەک ڕەشە بیری لە لای کابرای گۆرانیبێژ بوو، هەوڵی ئەدا شتێکی تازە و باشتری بێتەوە یادی و بە ڕەشەی بڵێ تا تۆزێک خوشحاڵی بکات. ڕۆژ و کاتی دیدارەکانی ئەو ماوەیەی ئەژماردن و بیری لێ ئەکردنەوە. لە پڕ گۆرانییەکی شەماڵی هاتەوە بیر کە شەوێک بە سۆز و دڵپڕیەوە بۆ کرێکارەکانی وتبوو، هاوکات بە دەم گۆرانییەکەوە فرمیسک پەڕیبوونە چاوی. بۆیە تۆزیک لە ڕەشە چووە پێش، دەستی نایە سەر شانی و وتی ئۆسا ڕەشە، ئیستە بیرم لە شتێک کردەوە...، ڕەشە وتی دەی، فەرموو کاکە حەمەخان فەرموو...

Institut Kurde de Paris

حەمەخان درێژەی دا و وتی، شەوێک ئەو کاک شەماڵە هاتە ناو ماڵەکەی ئێمە، بە کۆمەڵ داوامان لێ کرد گۆرانییەکمان بۆ بێژێ. ئەویش بێ ڕاوەستان و وەک ئەوە لە سەر داواکەی ئێمە ڕاوەستابێت، بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

شەماڵ گیان، تۆ بە بە زوانو من، لوەنە لاو قیبلەیم سۆی چەمانو من... دیارە شێعرەکەی زۆر خوش و درێژ بوو، بەڵام من تەنیا شتێکی وام لە بیر ماوە جا نازانم، دەڵێم بێژی لە بەر ئەم گۆرانییە بە سۆزە کە لە ناخی دڵیەوە ئەهات ناوەکەیان نەگۆڕی بێت بۆ شەماڵ؟

ڕەشە خۆی پێ ڕانەگیرا و بە دەنگی بەرز گۆرانییەکەی لە حەمەخان وەرگرت و وتی:

من قاسد جە لای دەردەدارێوەم

کیانای دڵەی بێ قەرارێوەم

پەی تۆ سەیلی هوون مەیۆ نە چاوش

دوور جە گیانو تۆ، دوورکەوتن خاوش

پەی تۆ بێ ئارام، پەشێو و لێوەن

چن زامی خنجەر ئەبرۆی تۆش پێوەن.....

حەمەخان کە ڕاست چریکەی شەماڵی لە ناو قوڕگی پڕ لە سۆزی ڕەشەدا ناسییەوە وتی، ئەرێ، ئەرێ، ئۆسا ڕەشە ئیستە ڕاست دڵنیام کە ئەو کاک شەماڵە هەر براکەی تۆیە.

ڕەشە بێ ئەوە رووی دەمی لە کەسێکی تایبەت لە ناو کۆڕەکەدا بێت و هەر لە بەر خۆیەوە دەستی بە قسە کرد و وتی:

ئەمە دەرد و ئازاری خەسرەوی برامە، ئەو لە تاو کەنیشکی مەلا سامان ئەم ڕێگایەی گرتە بەر و هەر وەختێکیش دڵی پڕ ئەبوو، گەرەکی بوایا کوڵ و ئاوری دەروونی دامرکێنێ، بە سۆز و لە قووڵایی دڵەوە ئەم گۆرانیەی ئەوت. خۆی ئەیوت ئەمە لە ئەسڵدا شێعری کەسێکە بە ناو سەیدی

Institut Kurde de Paris

هەورامی و، گوایا لە سنە لە ناو کتێبێکدا خوێندوویەتی. ئەرێ کاکە گیان ئەرێ، ئەرێ ئینە خەسرەوی برامەن...

ڕەشە دوای ئەوە لە دڵی خۆیدا ئەرخەیان بوو کە ئەو کەسە خەسرەوی برایەتی، رووی کردە حەمەخان و وتی سپاس کەکە گیان، ئیسە بە تەواوی دڵنیام و ئەزانم بۆ براکەم لەیرەدا ناوی شەماڵە. بەڵام تۆ تەنیا ئەو کارەم لەگەڵ بکە و راست بمبە بۆ ئەو جێگایە ئەو کاری لێ ئەکات، یان وەک خۆت ئێژی گۆرانی بۆ خەڵکەکە ئێژێ...

ڕەشە بێ ئەوە لە سەر وەڵامی حەمەخان ڕاوەستێ، لە پڕ کەوتە بیری ئەو قەولەی کە کاتی ڕێکەوتن بە دێدە خەرامانی دابوو، کۆڵێک مەژگە، کیسەیەک پێشە خوشە، بڕێک تۆم کوولەکە و دە پازدە دانە ناوساجی کە تێکڕا ببونە کۆڵێکی قورس:

ئۆسا ڕەشە هەرچنەت چی کۆڵیە وارد، یاخوا نۆشو گیانەکەیت بۆ، بەڵام گیانەکەو وێت کوچێو چی مەژگە و پێشەوەشا یاونە دەسو سابیری و کاکە خەفاریم. بەڵام یاذت نەشۆ واچیشا پەنە کە، ئینە سۆقاتو خەرامانێن پەیش کیانایندێ...

بۆیە ڕەشە ڕووی کردەوە حەمەخان و بە ئارامی وتی نا کە گیان، من ئەبێت بەر لە گشت کارێکیتر ئەم ئەمانەتە بگەیەنمە دەست کوڕەکەی لالۆ ئەڵماس و دێدە خەرامان. قەوڵم داوە. ئەشێت لە بەرا ئەمانەتەکەی ئەوان بگەیەنم جێگا و ئەونجا سۆراخی خەسرەوی برام بگرم.

ئەمانەت ئەمانەتە... ماڵی تۆ ئاوەدان بێت، ئیسە کە فرەمان نەماوە بگەیەنە کەرکووک، دڵنیام فرەیچمان نەماوە بگەیەنە لای خەسرەو... قەیناکات ئیمشەویش تاقەت ئەگرم خۆ دنیا ئیمشەو تەواو نابێت...

حەمەخان وتی خۆت ئەزانی ئۆسا گیان، من هەر لەم دەور و بەرەم و ئەگەر گەییشتمە جێ، شەرت بێت لە پیشدا بچم و بە شەماڵی برات بێژم کە تۆ هاتوویت بە دوایدا و بە زووترین

Institut Kurde de Paris

کاتیش ئەیهێنم بۆ لای ئێوە. خۆ منیچ ئۆسا غەفار و سابیر ئەناسم و دوای تۆزێک حەسانەوە دێم بۆ ئەوێ.

کاتێک کاروان گەییشتە دەروازەی کەرکووک، ئێوارەیەکی درەنگ بوو. ڕەشە خواحافیزی لە دانە- دانەی هاوڕێیانی کرد و ئامانەتی دان کە هەرکامەیان هەواڵێکی لە خەسرەوی برای زانی ئاگاداری بکەن. ڕەحیم کەوتە پێشی ڕەشە و بە کۆڵانێکی تەنگ و تاریکدا روو بە شوێنی ئۆسا خەفار و سابیری کوڕی میرزا ئەڵماس کەوتنە ڕێگا. بە چەند کۆڵان و کووچەی لار و وێردا تێپەڕین، لە پردێک پەڕینەوە و دوای سەرۆکۆیەکی کورت بەڵام سینەکێش، گەییشتنە بەر دەروازەیەکی گەورە. ڕەحیم بە دەنگی بەرز بانگی سابیری کرد و بە پشتی دەستیشی تەقەی لە دەرگا گەورەکە دا. دەنگێک لە دوورەوە وەڵامی دایەوە و دوای چەند خولەک، کوڕێکی گەنجی قژ فرِ هات و دەرگاکەی لە ڕەحیم و ڕەشە کردەوە.

ڕەحیم دوای سڵام و مەرحەبایەکی سەرپێیی، بە لای کوڕە گەنجە کەدا تێپەڕی و لە حاڵێکدا دەستی ڕەشەی توند گرتبوو، راست چوو بۆ دیوەکەی خۆی و سابیر. کۆڵەکەیان لە گۆشەیەکەوە دانا و بە پلیکانەکاندا چوون بۆ دیوی ئۆسا خەفار کە لە قاتی سەرەوە بوو. رەحیم کە دەرگاکەی کردەوە، لە دوورەوە سڵاوێکی کرد و وتی ها ئۆسا خەفار، ها ئینە ئەمانەتەکەم یاونا دەست. ئۆسا غەفار کە لە شێوەی سڵاوکردن، وەژوورکەوتن و قسەکردنی ڕەحیم سەری سووڕ مابوو وتی:

ئینە شێز بیەنی لالۆ ڕەحیم؟ کام ئەمانەت؟ بێ ئەوە لەگەڵ رەحیم درێژەی بدات، لەگەڵ سابیر پێکەوە هەستانە سەر پێ، سڵاو و بە خێرهاتنی گەرمی ڕەشەیان کرد و فەرموویان لێی کرد لە تەنیشتیان دانیشێ.

ڕەشە بە شەرمەوە، بەڵام ئارام و لە سەرەخۆ وتی:

Institut Kurde de Paris

ئۆسا گیان من نامێم ڕەشەن، حەفتێوی تەمام جە دەرەولان مێمانو لالۆ ئەڵماسی بیەنا و پەی کاریە سەخت و زەحمەتی ئامانا پەی ئیگەی خزمەتو شمە.

ڕەحیم دیسان بێ پەروا هاتە ناو قسەکانی ڕەشە و ڕوو لە ئۆسا خەفار وتی:

ئۆسا گیان لالۆ ئەڵماس فەرمووی من پێت بێژم کە کاک حەمە ڕەشیذ ئۆسایەکی عەجایەبە و کوڕێکی دەرجە یەکە. وتی خۆم ئەم پێغامەت پێ بگەیەنم و بێژم داوای لێ کردیت کە وەک سابیری خوشکەزات ئاگات لەم پیاگەییچ بێت.

ڕەشە کە لە شەرمان عارەقەی کردبوو و بە زەحمەت ئەیتوانی قسە بکات، وتی:

یانەو لالۆ ئەڵماسی هەمیشە ئاوذان بۆ. من خزمەتکارو شمەنا. بەڵێ لالۆ ئەڵماس فەرماواش کە شمە هامکاریم کەردێ بەشکەم براکەیم بێزوونێوە. خەسرەوی برام نزیکەو یەرێ مانگێن گم بیەن و پاسە کە سۆراخەما گێرتەن، ماچا ئامان پەی ئی دەورو بەریە.

ئۆسا غەفار بە وردی ناونیشانی خەسرەوی لە ڕەشە پرسی و دوای تۆزێک، بە تەواوی دڵنیا بوو کە هەر ئەو کوڕە دەنگخوش و جوانخاسەیە کە ماوەیەکە لە کەرکووک بووەتە وێردی زمانی هەموان و مەجلێسی ئێوارانی کرێکارەکانی گەرم کردووە، بۆیە ڕەشەی دڵنیا کرد کە بەیانی پێکەوە ئەڕۆن و خەسرەوەی برای ئەبیننەوە:

خەم مەوەرە کاکە ڕەشە، ئی کوڕە تۆ باسش کەری، حەفتەی ویەردە چا کۆڵانێ لای ڤاریماوە کۆڕو گۆرانیاش جەم بێ و تا نیمەشەو ناسما هەناسە دەو. خەم مەوەرە، حەتمەن سەوای ئی عانە هەن لاو وێماوە. حەی حەی، ئاکوڕە جوانخاس و دەنگوەشە ئاشناو وێما بۆ، ئێتر چێشما گەرەکەن...

ڕەشە لە خوشیان خەریک بوو باڵ بگرێتەوە و نەیئەزانی چی بکات. لە لایەک ڕووی نەبوو بە ئۆسا غەفار بێژێ هەڵسە با ئیستە، هەر ئیستە بچین و نەیخەینە بەیانی، لە لایەکی دیکەش ئەیوت عەیبە، من هێشتا پێم گەرم نەبوونەتەوە، با بە قسەی ئەوان بکەم و نزیک بە سێ مانگە

Institut Kurde de Paris

خەسرەوم نەبینیوە، با ئەم شەوەیش نەیبینم خۆ دنیا وێران نابێت... پاشان وتی کاکە سابیر، دێدە خەرامانە کوچێ چێوش کیانان پەیتا. پەی جەنابیت و ئۆسا خەفاری. ئەگەر ئیجازەتا بۆ، با من بلوو بارووش ئیگە، یا وێت فەرماوی با هەر جە ئۆتاقەکەو وێتانە بۆ؟

سابیر کە باسی سۆقاتی دایکی بیست، وتی، نا، نا تۆ زەحمەت مەکێشە، هۆرێزە ڕەحیم، هۆربێزە بۆ چەنیم بزانوو. بە توندی پەلی ڕەحیمی گرت، بە پەلە ڕای کردە دەرەوە و چوون بۆ لای کۆڵ و سۆقاتەکە.

لەگەڵ ڕەحیم کۆڵەکەیان هێنایە دیوەکەی ئۆسا غەفار و لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا بڵاویان کردەوە. کیسەیەکی پڕ لە کاکڵەگوێز، کیسەیەک تووی وشکی هەورامان، کیسەیەک پێشەخوشە، کیسەیەک مەویژ و بڕێک تۆی برژاوی جۆراوجۆر. هەر چواریان بە تاسەو و تاسۆخەوە نشتنە سەری و دەستیان کرد بە خواردنی بەرهەمە نایاب و دەگمەنەکانی هەورامان...

تاکوو شەفەقی بەیانی ڕەشە لە ناو وتو ویرەدا بوو. بیری ئەو سات و سەعاتەی ئەکردەوە خەسرەو ئەبینێ. وشە و ڕستەی ڕێک ئەخستن کە چی و چۆنی پێ بێژێ کە هاتووە و بێ ئەو ئامادە نیە بگەڕێتەوە ناودۆڵان... خۆ تۆ قەوڵت دابێ بە ... ئیجارە ئانە دوور بلی تاکوو یاوی شارەزوور، خۆ ئیگە ئەولاو شارەزووریچەن. دیسان هاتەوە بیری و لە بەر خۆیەوە وتی: نا، نا، ئەمە نابێت بدرکێنم. چوونکە خۆی و دایکی قەولیان دا بوو بەو کوڕەی ڕەفێقی خەسرەو کە نەڵێن ئەو شوێنی ڕویشتن و ڕێرەوی سەفەرەکەی خەسرەوی بۆ باس کردوون. ئاخر ئەو بەو شەرتە مەقسەدی سەفەری خەسرەوی بۆ مەتی بەفرێ ئاشکرا کردبوو کە کەسیان بۆ خەسرەوی نەگێڕێتەوە...

ڕەشە دیسان لە بەر خۆیە چەندین جار یەکەم رستەی دیدار و چاوپێکەوتنی سازکرد وهەم تێکی دایەوە و سەرەنجام گەییشتە ئەو ئاکامەی کە یەکەم ڕستە بهێڵێتەوە بۆ خەسرەو، چوونکە ئەو بێگومان خوشحاڵ ئەبێت براگەورەکەی، لەم غەریبییەدا ببینێ و حەتمەنیش تاسە و وەڕەزی

Institut Kurde de Paris

پایدۆلانی کردووە. تاسەی دایکی، میم بەفراو کە قسەی شەکەر و بزەی سەر لێوەکانی نەباتی لێ ئەتکا.

لەگەڵ شەفەقی بەیانیدا ئۆسا غەفار هەستا و بە ڕەحیم و سابیری وت ئێوە بڕۆنە سەر هەرمان و شتەکان ئامادە بکەن تا من و کاک حەمە ڕەشید بڕۆین سۆراخێکی براکەی بزانین. ڕوی کردە سابیر و وتی، من بۆ دڵنیایی ئێژم ئێوە دەستبەکار بن، وای حیساب بکەن کە من ئیمڕۆ لەگەڵتان نیم، بەڵام ئەگەر براکەی ئۆسا ڕەشەمان زوو دۆزییەوە، من ئەگەڕێمەوە لای ئێوە و ئەوان بە تەنیا لە ماڵ بە جێ دێڵم تا بە دڵی خۆیان قسە بکەن و ئێوارە گشتمان دینەوە بۆ لایان.

ڕەحیم دیسان هاتە ناو قسەکانی ئۆسا خەفار و وتی ئۆسا گیان، میرزا ئەڵماس قەولێوی تەریش دان کە من هێشتا باسم نەکەردەن. قەولش دان ئەگەر ئۆسا ڕەشە و براکەش پێوەرە گێلاوە دەرەولان، حەیوانێو کەرۆ نەزرە و گۆشتەکەش ڤەلاکەرۆ دلێ دەگەیرە. راسی ئۆسا گیان چی تۆیچ کەرەشێڵیە مەسانی پەی من؟

ئۆسا غەفار قاقا پێ کەنی و وتی ئای ڕەحیمڵە، تۆیچ دنیا ڤرۆ هەر هەنی فکر و لەمێتەنە...

ئۆسا غەفار و ڕەشە پێکەوە بەڕێ کەوتن بۆ شوێنی ئەو کابرا خانەقینییە کە لەوپەڕی شارەوە بوو. ئێوارەی ڕابوردوو کە کاروانەکە هاتە ناو کەرکووک، تاریک بوو، بۆیە ڕەشە لە بەر فکران زۆر و سەرقاڵبوونی بە ڕێگاکەوە نەپەرژایە سەر ئەوە بە وردی سەیری دەوروبەر بکات، بەڵام کاتێک بەیانی لە ماڵ هاتنەدەر و لە بەرزایی خوار ماڵەکەی ئۆسا غەفارەوە سەیری ناو شاری کرد، سەری لە گێژەوە ئەچوو. ئەمە یەکەم جار بوو ئەو شار و شوێنێکی بەم شێوە گەورە ببینێ. پێشتر چەند جار میرزا ئەمین قەولی دابوو لەگەڵ خۆیدا ببیا بۆ سنە، بەڵام لە بەر ئەوە خەسرەو خوێندەواریی هەبوو، هەردەم ئەوی لە بری ڕەشە ئەبرد و هیچکات ڕێک نەکەوت قەولەکەی بباتە سەر. ڕەشە کە سەیری ریزی ماڵەکانی کەرکووکی ئەکرد، لە دڵی خۆیدا ئەیوت،

Institut Kurde de Paris

باشە ئەم گشتە ماڵ و کۆڵانە پێچاوپێچە، راستی خەڵک چۆن گوم نابن؟ چۆن ماڵی خۆیان لە ناو ئەم گشت ماڵانەدا ئەدۆزنەوە؟ نازانم، سەرم سووڕ ماوە کە چۆن ئەزانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان؟ بەڵام ئەم واقوڕمانەی خۆی لە ئۆسا غەفار ئەشاردەوە و تەنیا هەوڵی ئەدا لێی دوور نەکەوێتەوە و لێک هەڵنەبڕێن.

ئۆسا غەفار بە دەم ڕێگاوە قسەی بۆ ڕەشە ئەکرد و ئەیوت:

ئەم شارە بڕێک لە سلێمانی، سنە و تەنانەت لە هەولێریش جیاوازترە. هەواکەی لەوان گەرمترە، خەڵکەکەیشی بڕێک جیاوازن. عەشیرەتی عەرەب لەم نزیکانە هەن و بۆ فرۆشتنی بەرهەم و کڕینی پێداویستی خۆیان دێنە ناو شار. بڕێکیشیان لەیرە ماڵ و بینای گەورەیان ساز کردووە. بۆ نموونە ئەمە چوارەمین بینایە من سازی ئەکەم و هەمووشیان بۆ شێخ و دەوڵەمەنی عەرەبە کە پێشتر لەیرە نەبوون. ئەو قەلایەش، ئەو شوێنە بەرزە ئەیبینی، ئەوە قەلای شارە. ئەوێ پڕە لە خەڵکی تورکەمەن. حاکمی شار لەوێیە و لەوێوە حوکمی سوڵتان بە سەر خەڵکدا ئەسەپێنێ. دیارە تورکەمەنەکان هیچ لە زوانی خەڵکی شار تێناگەن و خەڵکیش بە زەحمەت لەوان تێ ئەگات. ئەوان لە شوێنی فرە دوورەوە هاتوون، هێندێکیان لە ئەسەمووڵەوە و هێندێکیان لەوێش دوورتر.

ڕەشە هیچ شتێک لەم چیرۆکەی ئۆسا غەفار حاڵی نەدەبوو، عەرەب، عەشیرەت، تورکەمەن، ئەسەمووڵ و لەوێش دوورتر... ئەمانە وەک خەون و خیاڵێک دەهاتن و بە قەدپاڵی بێ گەردی مێشکی ڕەشەوە ئەنشتن و ئەویان لە گێژاوێکی قووڵتردا نوقوم ئەکرد. لە ڕاستیدا فکری ئەو لەم ساتە وەختەدا فرەتر لە دەوری دوو شت دا ئەخولایەوە، یەکەم خەسرەو و ئەو ساتەی باڵای بەرز و قەدی شەنگ و شیرینی ئەبینێ و دووهەم ئەوەیکە لە ئۆسا غەفار هەڵنەبڕێ، چوونکە سەرڕای ئەوە قسەی بۆ ڕەشە ئەکرد، وەک کەو بە سەر بەرد و پلەکانەکاندا هەڵ ئەفڕی و ڕەشە بە زەحمەت ئەگەییشتە هەنگاوەکانی.

Institut Kurde de Paris

دوای سەعاتێک ڕێگابڕین، ئۆسا غەفار و ڕەشە گەییشتنە شوێنی کابرای خانەقینی و ئۆسا غەفار لە بەر دەروازەیەک ڕاوەستا، سلاوی لە پیاوێک، کە دەرکەوانی ماڵەکەبوو کرد و وتی من ناوم غەفارە، خاڵۆ برزوو خۆی لە نزیکەوە ئەمناسێ، بێ زەحمەت پێ بێژە بۆ کارێکی تایبەت هاتووە و گەرەکیە بێتە خزمەتت.

کابرای دەرکەوان دوای ئەوە قاپێک ئاوی ساردی دا بە هەردووکیان و شوێنێکی پێ نیشاندان کە چاوەڕوان بن و لێی دانیشن، وتی: ئەزانم کە برزوو خان خۆی لەیرە نیە، بەڵام با بچم پرسیار لە هاوکارێکی بکەم و بزانم کەی ئەگەڕێتەوە. دوای ئەمە دەرکەوان بە پەلە رویشتە سەر و گەڕایەوە. وتی برزوو خان چووە ئەڕا بەغدا، دوو تا سێ حەفتەیتر ئەگەڕێتەو، بەڵام کاک سدێق لەیرەس و ئەگەر کارێک تاعجیلتان هەس توانن بچنە لای ئەو بۆتان جێ بە جێ بکات.

ئۆسا غەفار وتی زۆر باشە فەرق ناکات، کارەکەمان هەر ئەوەیە بە دوای یارۆ کوڕە
دەنگخوشکەدا ئەگەڕین، ئەو کوڕەی لەو دیوەوە هاتووە و برزوو خان لە لای خۆی
دایمەرزاندووە. ئۆسا غەفار دوای ئەم قسانە دەستێکی بۆ لای ڕەشە ڕاکێشا و ڕوو بە کاورای دەرکەوان وتی، دیارە ئەم هاوڕێیەشم ئۆسا ڕەشەیە، برای ئەو کوڕەیە و تازە لەودیوەوە هاتووە بۆ ئەم ناوە.

پیاوە دەرکەوانەکە وتی ئاها، کاک شەماڵ ئووشی، وە خوا برزوو خان ئەویچی وەگەرد خۆیا بردگەسن، ئەیوت من بێ شەماڵ و دەنگە خوشەگەی ناتوانم بژیم. تازە ئەو ڕۆژە ئەیوت ئەگەر بچم ئەڕا کەربەلایچ، هەر ئەیوەم تەک خۆما. ئیوە دۆعای خەیر بکەن برزوو خان ئی جارە زیارەت کەربەلا نەکات...

ڕەشە کە گوێ لە قسەی کابرای دەرکەوان بوو، خەریک بوو ببوورێتەوە. چاوی پڕبوون لە ئەسرین و هەر لە بەر خۆیەوە ئەیوت خەسرەو... ئای خەسرەو... بەغدا، کەربەلا... زیارەت... شەماڵ...

Institut Kurde de Paris

لەو ڕۆژەوە ڕەشە چووبووە لای ئاسنگەرەکان و لەوێ کاری دەست پێی کردبوو، گشت کرێکارەکانی لای ئۆسا غەفار هەستیان بە نەبوونی ئەکرد و بێتاقەتی بوون. فەرەج ئەیوت من وەئەزانم چتێکم گوم کردووە، هەر تاوناتاوێک بیر ئەکەمەوە و، ئەزانم ئۆسا ڕەشە لە لامان نەماوە. هەڵبەت ئۆسا غەفار تا بۆی بکرایا هەوڵی ئەدا ڕەشە ببینێ و نەهێڵێ دڵتەنگ و تەنیا بێت. جاری وابوو بە تەنیا و جاری وایش بوو لەگەڵ سابیری خوشکەزایدا ئەچوون سەردانیان ئەکرد. بەڵام ڕەشە زوو لەو شوێنە تازەیەشدا جێگای خۆی لە دڵی ئاسنگەرەکاندا کردبوویەوە و گشتیان خوشیان گەرەک بوو. ئەو ئاسنگەرێکی توانا و خاوەن ئەزموون بوو. لە تەمەنی پێنج، شەش ساڵییەوە لە کوورەخانەکەی میرزا ئەمینی باوکیدا خەریکی "پاذەمدەمنان" و کوتانەوەی ئاسنەسوورەکانی بەردەستی ئۆساکان بوو. ئەو سەردەمەی خان لە شارەوە گشت ئاسنگەرەکانی هەورامانی ڕاکێشی سنە کردن تا شمشێر و نێزە بۆ سپاکەی ساز بکەن، ڕەشە لە بەر خوشەویستی ڕێحان خۆی دزیەوە دەنا یەکێک لەو ئۆسایانە بوو بە شوێندا ئەگەڕان و دەستیان نەدکەوت.

بەڵام لەم گەرما و غەریبایەتیەی کەرکووکدا دەردی ئەو نەبوون یان کەمبوونی دۆست و هاوڕێ نەبوو. گرفتی ئەو گەڕانەوەی خەسرەو و دیسان گەڕانەوەی هەردووکیان بۆ پایدۆڵان، بۆ لای میم بەفراو، ڕێحان و گشت یادگاریەکانی تەمەنی بوو. سێ مانگی ڕەبەق بوو ئەو گەییشتبووە کەرکووک و خەسرەو هێشا نەگەڕابوویەوە. برزوو خانیچ دیاری نەبوو، حەفتەیەک جارێک سەردانی شوێنی کارەکەی و لای کاورای دەرکەوانی ئەکرد، بەڵام جگە لەو وەڵامە کە جارێ "هووچ خەوەرێک لە لێیان نەیرم"، هیچی دیکەی دەست نەدەکەوت.

هەوای کەرکووک گەرم و کاری کوورەخانەی ئاسنگەریش پیاوی ئەبرژان، بۆیە ئاسنگەراکان بە شەو کاریان ئەکرد و بە ڕۆژ ئەخەوتن. سەرەتاکان ڕەشە هەم کاری شەوی پێ ناخوش و هەم

Institut Kurde de Paris

خەوتنی ڕۆژی پێ زەحمەت بوو. بەڵام کەم - کەم عادەتی کرد و جاری وابوو لە حەوتی بەیانییەوە تا دووی دوانیوەڕۆ ئەخەوت. ڕۆژێکیان بە دەم خەوەوە گوێ لە قاڵومەقاڵێکی نائاسایی بوو. چەن کەس لە هاوکارەکانی و کەسێکی دیکە قسەیان ئەکرد و دەنگی کەسەکەی دیکە لە کابرای دەرکەوانی برزوو خان ئەچوو. بە پەلە لە جێگاکەی ڕاپەڕی، دەستێکی بە چاوەکانیدا هێنا و دیتی بەڵێ کابرای درێژ و قولباریکە کە هەردەم ئەیوت " جارێ هووچ خەوەرێک لە لێیان نەیرم". گورج هەستایە سەر پێ، سڵاو و بە خەیرهاتنی کابرای کرد و وتی ئەوە خەیرە بەم گەرمایەدا تەشریفت هێناوە بۆ ئەیرە؟

کابرا وتی جاری مزگانییەک خاس بە پێم، دواتر ئەڕات قسێ کەم.

ڕەشە کە فرە حەزی لە شێوەی قسەکردنی کابرا ئەهات و زاراوەکەی پێ تایبەتی بوو، وتی مزگانی لە سەر سەرم، زوو بێژە بزانم خەوەری خەسرەو، یان وەک خۆتان ئێژن کاکە شەماڵ چەس.

کابرا کە گەرەکی بوو فرەتر سەر بنێتە سەر ڕەشە وتی:

نا ، وەی جوورە نیەوێدن خاڵوو، خۆم خاس زانم هەورامی فرەزانن. ئەوەڵ مزگانیەکەت، دواتر خەوەرەکەی من...

کرێکارەکان گشتیان دایانە قاقای پێکەنین و یەکێکیان دیتی ڕەشە فرە حاڵی شۆخیکردنی نیە، وتی ئۆسا گیان خەمت نەبێت، ئیشەڵا ئەم ئێوارەیە کاک شەماڵ ئەگاتەوە کەرکووک و بە یەکتر شاد ئەبنەوە. حاجی کەریم گەرەکیە تۆزێک عەزیەتت بکات، دەنا سەرقافڵەی کاروانەکەی برزوو خان بەیانی زوو گەییشتووە و، وتوویە هەم برزوو خان خۆی و هەم کاک شەماڵ ئیمشەو، ڕەنگە بەر لە نیوەشەو بگەنە جێ.

ڕەشە کە ئەمە یەکەمین جاری بوو لە ژیانیدا کەسێک ببینێ خەڵک پێ بێژن حاجی، بە وردی سەیرێکی کابرای دەرکەوانی کرد و لە حاڵێکدا چاوی پڕ ببوون لە فرمیسکی شادی، پێکەنین و

Institut Kurde de Paris

گریانی تێکەڵ ببوون و بێ ئیرادە دەستی کرد بە گۆرانییەکی بە سۆز و وتی:

دڵە مزگانی، ئامان کۆچی یار

شای شادیم سەردان، خەمان کەرد فیرار

کرێکارەکان ئێتر وازیان لێی نەهێنا و بە دەم چەپڵە و هەل، هەلەوە داوایان کرد ڕەشە گۆرانییەکەیان بۆ تەواو بکات و ئەویش دڵی ئەوانی نەشکاند و کوڵی دڵی خویشی خاڵی کردەوە.

نیوەشەوێکی درەنگ بوو، ڕەشە و حاجی کەریم لە بەر دەروازەی ئەنبارەکەی برزوو خاندا دانشتبوون و سات و چرکەیان بۆ گەییشتنی قافڵە و گەڕانەوەی خەسرەو، کە لای برزوو خان و پیاوەکانی ببووە کاک شەماڵ ئەژمارد. سەرەنجام یەکەم ئەسپ و بارگینە بارهەڵگرەکان گەییشتن و برزوو خانیش بە چەند کەسەوە بە دەرگایەکی دیکەدا هاتنە ناو حەوش و ڕەشە و حاجی کەریمیان بینی لە کەناری حەوزەکە چاوەڕێ گەییشتنیان ئەکردن.

برزوو خان وتی ئافەریم حاجی، هەڵای نەخەفتیتە؟ ئی پیا کیس وەگەردت؟ ڕەشە کە چاوی کردبوونە جوار تا لە ناو پیاوەکانی برزوو خاندا قەڵافەتی جوانی خەسرەوە دەرکەوێ، بە باشتری زانی بێدەنگ بێت تا حاجی کەریم بیناسێنێ بە برزوو خان. حاجی کەریم وتی ئیەچ مێوانێکە قوروان، مێوان فرە خاسێک. برای کاک شەماڵە، راسی ئەوە کوا کاک شەماڵ ئەڕا نیەوینمەی؟

برزوو خان کە لە تاو گەرمای ڕێگا، هەردوو دەستی خستبوونە ناو ئاوی حەوزەکە و خەریکی فێنککردنەوەی دەموچاوی بوو، وتی ئاها، ئەبوا لە قیافە و هەیکەڵی بزانستبام یە خەڵک هەورامانە. خوسە نەخوە، خوسە نەخوە براکەم، شەماڵ، یان هەمان خەسرەوکەی خۆتان چی ئەڕا لای ڕەفێقەکانی، چی... ئەرائ ... وت بێتاقەتیانم چم تا کوڕیەلەکە نەخەفتنە سەرێک لە لێیان بدەم.

Institut Kurde de Paris

ڕەشە کە لە خوشیان خەریک بوو باڵ بگرێتەوە، دوای سلام و بە خێرهێنانەوەی برزوو خان وتی، قوربان منیچ هەرچەن ئامادەم لە خزمەت ئێوە و حاجیدا بمێنمەوە، بەڵام فرە بێتاقەتی براکەمم، ئەگەر بکرێ لوتف بکەن و بفەرموون بۆ لای کام لە ڕەفێقەکانی چوو تا منیش بچم بۆ ئەوێ؟

خەسرەو خان تۆزێک بیری کردەوە وتی ئاها، حاجی کەریم، ئەرێ یارۆ کوڕە هەورامیەکە، ئەوە هات ئی هەوزە ئەڕامان خاس کرد، ناوی چە بی؟

حاجی کەریمیش هەرچێکی ئەکرد ناوی کەسی نەئەهاتەوە بیر و هەر ئەیوت ئاها، یاروو، یاروو کوڕە قژ لوولەکە، ئاها ناوەکەی ها سەر زوانم..ئاها

ڕەشە وتی ئەو کوڕەی لەتەک منا هات ناوی ئۆسا خەفارە، خۆ ئەو نیە.. یان نا ئاها ئەزانم قژ لوول.. ئۆسا سابیر..

برزوو خان وتی دەم خوش سابیر ناوی بی، زەریفکار و فرە درووسکار بی، ئەرێ خەسرو چی ئەڕا لای سابیر.

ڕەشە ئێتر خەریک بوو باڵ بگرێتەوە، بە گەرمی هەردووک دەستی برزوو خانی ماچ کردن، ماڵاوایی کرد و لە دەرگای حەوشەی برزوو خان چووە دەرەوە تا بە هەڵاتن و ڕاکردن خۆی بگەیەنێتەوە لای ئۆسا غەفار و سابیری کوڕی دێدە خەرامان.

لە پلەکانی بەر ماڵەکەی ئۆسا غەفاردا، ڕەشە تووشی فەرەج هات و پە پەلە ئەهاتە خوار. سەریان بە یەکدا تەقی و بە حاڵەتێکی نیوەپەشۆکاو سەیرێکی یەکتریان کرد. ڕەشە گەرەکی بوو بپرسێ لە فەرەج کە، داخوا خەسرەو گەییشتووەتە لای ئەوان، بەڵام فەرەج مووڵەتی نەدا و وتی ماشەڵا لە ڕەحم و کەرەمی خوا، ئەوە من ئەهاتم بۆ لای تۆ کە چی تۆ لە بەر دەرگایت.. هەرچەن فەرقێکی نیە چوونکە تازە هەر هەواڵەکە ئەزانیت، بەڵام ناتوانیت لە دەستم دەرچیت، زوو بە دادەی، مزگێنیم گەرەکە چوونکە بەم هەڵەداوانە هاتووم مزگێنی هاتنەوەی کاک شەماڵت

Institut Kurde de Paris

پێ بدەم.

ڕەشە فەرەجی کردە باوش و لە خوشیان جۆرێک بە خۆیدا گووشی، هەردووک لاقی فەرەج لە زەمین بڕیان و خەریک بوو بە سەرشانی خویدا بیخاتە ئەودیو. فەرەج کە هەناسەی سوار ببوو وتی یاواش ئۆسا، یاواش، بەخوا خەریک بوو پەراسووەکانم بشکێنی. ئەی ماشەڵا لەو هێز و قوەتە.

ڕەشە دوو ماچی توندی فەرەجی کرد و بە یەکەوە پلەکانەکانیان کردە دوو هەنگاو و گەییشتنە بەردەرگای ماڵەکەی ئۆسا غەفار.

فەرەج وتی ئۆسا ڕەشە تۆ ئەبێت تۆزێک ڕاوەستی، کاک شەماڵ هێشتا نەیزانیوە تۆ لەیرەیت و من پێم باشە تۆزێک ئامادەی بینینی تۆی بکەم. بەر لەوە بێم ئۆسا خەفار وتی من بێم لە پیشدا تۆ ئاگادار کەم و ئێمە ئەشێ جۆرێک بچینەی ماڵ کە کاک شەماڵ لە دەرگاوە بتبینێ.

ڕەشە لە خوشیان نەیئەزانی چۆن جوابی فەرەج بداتەوە، بڕێک مینگە مینگی کرد و دواتر وتی ئاها.. فرە باشە بەڵام پێم وایە باشترە تۆ لە بەرەوە بچیت و بێژێت بە خەسرەو ئیسە کەسێکی ئاشنات تێت بۆ ئەیرە بۆ لات. راس ئەکەیت کاک فەرەج، با تۆزێک ئامادە بێت نەکا کوتوپڕ بمبینێ و... چووزانم خوا نەکەردە ...

فەرەج دەرگاکەی کردەوە، جەماعەت بە ڕێز لە دەوری خەسرەو دانشتبوون. مانگەشەو ناو حەوش و دەوری حەوزەکەی ئۆسا ڕەشەی ڕووناک کردبوو. کاتێک فەرەج چووە ناو جەمعەکە، خەسرەوە هەستایە سەرپێ و بە پیری فەرەجەوە هات و کاتێک ناسییەوە وتی خۆ کاک فەرەج تەنیایە، بەڵام ئۆسا خەفار نەیهێشت فەرەج جواب بداتەوە و بە دەنگێکی نەرم وتی سەبرت بۆ باوکم سەبر، ڕاسا ئێمە واتەنما ئاشنایە نزیک، بەڵام خۆ هەر پاسە ئاسان نیشانەت مەدەیمێ. بنیشەرە و جارێ پەلە مەکەرە..

ڕەشە لە دەم دەرگاوە گوێ لە قسەکان بوو، لە خوشیان دڵی وەک چۆلەکە لێ ئەدا و خەریک

Institut Kurde de Paris

بوو لە سینەیدا بفڕێ.

ئۆسا خەفار بە ئیشارە فەرمجی حاڵی کرد کە بگەرێتەوە و ڕەشە لەگەڵ خۆیا بێنێتە ناو. فەرەج گەڕیاوە دەم دەرگا و لە چرکەیەکدا لەگەڵ ئۆسا ڕەشەدا بە یەکەوە گەڕانەوە ناو کۆڕەکە.

خەسرەوە لە دوورەوە ڕەشەی ناسیەوە و بە ڕاکردن بە پیریەوە چوو. هەردووک برای دڵ پڕ لە تاسە، بە کامی دڵ یەکتریان ماچ کرد و لە حاڵێکدا فرمیسکی شادییان ئەڕژاندن، باوشیان بە یەکتریندا ئەکرد و بێ ئەوە شتێک بێژن، دیسا ماچی یەکتریان ئەکردەوە.

ئۆسا غەفار وتی:

فەرماوە ئۆسا ڕەشە، فەرماوە بۆ لاو من بنیشەرە. نەواتم خوا گەورەن و پەلە مەکەرە. فەرماوە بنیشەرە و ئیسە ئێتر خەمیە نەمەنەن وێت دڵتەنگ نیشانە دەی. ئادەی ئاویە ساردە وەردێوە، نان و واردەی ئامادەن، سابیر ئامادەش کەردەن نانیە سەرپایی وەردێ و ئێتر ئێمە مازمێتا جیا تا پێوەرە تاسەتا جە ئەنترینی مەڕیۆنە، بەڵام سەوای وێرەگا، یۆترینی وینمێ و بە درێژی قسێ کەرمێ. ئاها سابیر گیان، وەڵێنە دیمەکەو منشا نیشانە دە، ئۆسا ڕەشە وێت زانی تۆ لاو ئێمەوە مێمان نیەنی، دماو نانەکەی لوێدێ دیمەکەو من، من ملوونە لاو سابیری و تۆ چەنی شەماڵی بە مەیلو وێتا قسێ کەردێ و وەختیەچ مانیایدێ، هەر چاگە بووزدێ.

ڕەشە گەرەکی بوو بێژێ نا، مزاحێمی تۆ نابین.. ئۆسا غەفار قسەکای پێ بڕی و وتی وەختو شەرمو چیوی نیا برا. تەمام، ئێمە لوایمێ... خواتا چەنی تا سەوای وێرگە.

ڕەشە و خەسرەوە دوای نانخواردن دەستیان کرد بە قسە و گێڕانەوەی باسی تایبەتی خۆیان.

ڕەشە باسی پایدۆڵانی دوای دەرچوونی خەسرەو، ڕێگای هاتن بۆ شارەزوور و مێوانداری ماڵی میرزا ئەڵماس، واتا باوکی سابیر و زاوای ئۆسا غەفاری بۆ شەماڵ گێڕایەوە.

شەماڵیش باسی ڕێگا، هاتن بۆ کەرکووک، چوون بۆ بەغدا، کەربەلا و نەجەف و زیارەت و

Institut Kurde de Paris

تەجارەتی برزوو خانی گێڕایەوە بۆ ڕەشە و سەرەنجام بەدەم قسەوە، لە سەر جێگاکەی ئۆسا غەفارەوە خەویان لێ کەوت و کاتێک وە خەبەر هاتن نێوەڕۆیەکی درەنگ بوو...

زیاتر لە دەمانگ بە سەر رویشتنی ڕەشەدا تێدەپەڕی و هێشتا هیچ هەواڵێکی بۆ دایکی و خەڵکی پایدۆڵان نەناردبوو کە داخوا خەسرەوی دۆزیوەتەوە یان نا. خزم و کەس تێکڕا نیگەران و بە پەرۆشەوە چەمەڕای هەواڵێک بوون، بەڵام حاڵی مەتی بەفراو لە هەموان خراوتر بوو. هێشتا جلەڕەشەکانی، کە بۆ تازیەی میرزا ئەمین کردبوونیە بەری دانەکەندبوو رووداوی تۆران و رویشتنی خەسرەویچی هاتبووە سەر، بێ هەواڵی و نەگەڕانەوەی ڕەشەیش ئێتر کۆستی سەر کۆستەکانی بوو. مەتی بەفرێ ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموانەوە دۆعا و نزای ئەکرد و شەوانەش وەک ڕەشمارێکی بریندار پێچی لە خۆی ئەدا و نەیئەتوانی بخەوێ.

خەڵکی ئاوایی بە دەستە دەهاتن و سەردانیان ئەکردن، لە هەواڵی کوڕەکانی و، وەزعی ماڵەوەیان ئەپرسی، بەڵام دەردی مەتی بەفراو لەوە کارییتر بوو کە بەم کارانە ئارام بێتەوە.

ئۆسا زۆراب، برای میرزا ئەمین دوای ڕویشتنی ڕەشە گشت ئێوارەیەک سەرێکی ماڵی کاکەی ئەدا. لە براژنی، ڕێحان و کەنیشکە برازاکانی، بەیان و هەراڵەی ئەپرسی و تەنانەت ئێوارەیەک تایبەتی چوو، لە گوندی سەردەرانەوە ئافتاوی خوشکی مەتی بەفراوی لەگەڵ خۆی هێنا و حەفتەیەک لە پایدۆڵان لە لایان مایەوە. لە گەڕانەوەدا ئافتاو ڕێحانی کچی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ سەردەران و دوای دە ڕۆژ، بە سواری ئەسپێک ناردیەوە بۆ پایدۆڵان. جگە لە ئەو ئەسپەی ڕێحان سواری ببوو، میم ئافتاو باری هێسترێکیش خواردن و سۆقاتی خستبووە تەک ڕێحان و وتبووی با دادام پێوانەبێ تەنیاس. ئەشی بزانێ کە ئێمە ئەم جارە گشتمان بەیەکەوە ئەم

Institut Kurde de Paris

کۆڵە هەڵئەگرین، دڵنیام ئەم ناڕەحەتی و خەمە بەری درێژ نیە و ئیشەڵا ڕەشە و خەسرەو بە سلامەتیی ئەگەڕێنەوە ناومان و ئەو وەختە لە " هانەوەزان "، ناوەڕاسی هەردووک ئاوایی .پایدۆڵان و سەردەراندا جەژنێکی گەورەیان بۆ ئەگرین

لەم ناوەدا مەڵا سامان لە لایەک خوشحاڵ بوو کە کوڕی میرزا کەریمی ئاسنگەر ڕوویشتووە و لە کۆڵی کەنیشکەکەی بووەتەوە، لە لایەکیش ئەترسا کە ئەگەر ئەم کوڕانە تووشی بەڵایەک بن و بە سڵامەتی نەگەڕێنەوە، خێڵی ئاسنگەران هەر وا دەستی لێ هەڵناگرن. ڕاستە بەشی فرەی هۆزی ئاسنگەران چوونەتە سنە و خەریکی تفەنگ و شمشێر خاسکردنن بۆ سپای خان، بەڵام بێت و ئەم کوڕانەی مەتی بەفراو نەگەڕینەوە، حەتمەن یەکێکیان لە فرسەتێکدا تێتەوە و بە گولەیەک ساردی ئەکاتەوە. مەڵا باش ئەیزانی کە هۆزی ئاسنگەران لەوانە نین لە حەق و خوێنی .خۆیان خوش بن

ڕۆژێک مەلا سامان لە باخەکانی " سەیراندەر" خەریکی ئاودێران و کاری ناو باخ بوو. لەپڕ دەنگێک کە لە بنی هەنجیرێک، تۆزێک لەواترەوە دەهات سەرنجی ڕاکێشا. دەنگەکە بەناوی :خۆی بانگی مەلای ئەکرد

..بێ مەلا سامان، بێ بۆ ئەیرە... بێ مەترسە بێ بەرەو

مەلا سامان بێلەکەی دەستی بەپاڵ هەنارەکەی لای دەسیەوە هەڵسپارد و بە ترس و دڵاڕاوکێەوە چوو بۆ لای دنگەکە. دوو کەسی سەروچاو داپۆشراو، هەرکامەیان خنجەرێک بە :دەستەوە و یەکێکیان بە دەنگێکی دلێر گوڕاندی

بێرە بەرەو! بێ مەترسە، بێرە بەرەوە بزانم ئەمناسیەوە مامۆسا؟

مەڵا سامان لە دڵی خویدا هەستی ئەکرد کە ئەم دەنگە فرە لە دەنگی خەسرەو ئەچی، نەرم و دلێر، بەسام و دڵنشین پێکەوە. دیسان لە بەر خۆیەوە ئەیوت، نا، نا، هیچکات کاری لەم چەشنە لە خەسرەو ناوەشیتەوە. خەسرەو نەجیب و ئارامە. نا، ئەو قەت حازر نیە لەگەڵ باوکی کەژاڵدا

Institut Kurde de Paris

بەم شێوەیە بجووڵێتەوە. ئەو حازرە بمرێ، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا حازر نیە دڵی کەژاڵ، خوشەویستترین کەسی ژیانی بشکێنێ. کەس ئەمە نەزانێ من خاس ئەیزانم، چوونکە خۆم دەیان ساڵە بەم دەردەوە ئەتلێمەوە...

دەنگەکە دیسان گوڕاندی و بە یەکجاری مەلا سامانی لە خەو و خەیاڵ ڕاچڵەکاند. کابرا سەروێنەکەی سەری لادا، دەموچاوی خۆی دەرخست، نیشانی مەڵا سامانی دا و وتی:

تەواشا کە مامۆستا، خاس تەواشام بکە بزانە ئەمناسی؟ نەخێر نامناسی، چوونکە فرە ترسیاگی و ئەترشت پەڕیگە... قەی ناکات، لێت حاڵی ئەوم، خۆم باش ئەزانم کە گشت پیاگە دڵچەپەڵکان ترسنۆکیچن. ئەزانم کەسانی وەک تۆ بە ئاسانی ئەتوانن دڵی خەڵک بشکێنن، گرفت بۆ خەڵک ساز بکەن، بەڵام وەختێک کەفتنە ناو تەڵە، ئێتر وەک ڕێوی خۆیان بووچك ئەکەنەوە و زوان و توانیان قوفڵ ئەکات...

فرە باشە، ئیسە کەواسە با من خۆمت پێ بناسێنم. من ڕۆسەمم، ڕۆسەمی کوڕی فەرهادی ئاسنگەر... میمکەزای خەسرەو و ڕەشە، کە تۆ دەربەدەرت کردن... ئیسە حاڵی بوویت کەفتگیتەسە چنگ کێ؟ ها.. حاڵیت بوو مەڵا سامان؟

مەڵا سامان وەک "مەلبووچک" کەفتبێتە ناو تۆڕی ڕاوچییەکەوە، لە ناو پەنجە بەهێزەکانی ڕۆسەمدا ئەلەرزی و بە دەنگی بەرز ئەپاڕایەوە:

ڕۆسەم گیان، ئێمە قەومین. خۆت ئەزانیت کە من و باوکت، زەمانێک هاوفەقی بووین و بە یەکەوە لە لای مەڵا سادقی خاڵۆت ئەمانخوێند...

ڕۆسەم قسەکەی بە مەڵا سامان بڕی و وتی ئیسە وەختی ئەم قسە گەلە نیە مامۆسا. من ئەم چتانە ئەزانم. ئەزانم کە تۆ سەد جار لە ماڵی ئێمە خەفتگیت و ئەزانم کە دۆسی فرە نزیکی باوکیچمی. بەڵێ ئەزانم... ئاخر بۆیە وتم من کێم و ڕاست خۆمم ناساند تا بزانیت بۆچە هاتگم بۆ ئەم باخە بۆ لای تۆ.

Institut Kurde de Paris

ڕۆسەم خنجەرەکەی لە سەر دڵی مەلا سامان ڕاگرت و وتی ئەمە دوایین ئێختارە ئێمە پێت ئەدەین. خاس چاوەکانت بکەرەوە بڕوانە، ئەم کەسەی تەکیشم نەناسیاگ نیە بۆ تۆ. ئەویچ ناسیاگێکی خۆتە، ناسیاگێکی فرە نزیک. بەڵام جارێ بەم ئاسانییە ئاشکرای ناکەم. جارێ با ڕۆژی خوی بێت. حەز ئەکەم لەم بارەوە دڵنیابیت کە تەنیا یەک حەفتەت وەخت هەس ئەگەر گەرەکتە زینگ بمێنی و جارێکیتر بتوانێت بە سەر ئەم زەمینەدا بگەڕیت. بۆیە ئەشێ هەر ئیسە، دوای ئەم قسانەی من کە گەڕایتەوە ئاوایی، ڕاس ئەڕۆیتە لای میم بەفراوم، قەوڵی پێ ئەدەیت کە ئەگەر خەسرەو بگەڕێتەوە پایدۆڵان، تۆ حازری، خوت کەژاڵی کەنیشکتی لێ مارە بکەیت وەهەر خۆێچت لەتەک میم بەفراودا سەرچۆپی زەماوەنەکەیان بگرن. ئەمە دوایین قسەی ئێمەس. ئێتر خواحافێز.

ڕۆسەم دوای ئەم قسانە بەرۆکی مەلا سامانی بەردا، خنجەرەکەی خستەوە ناو کالان و لەگەڵ هاوڕێیەکەیدا وەک باڵبگرنەوە، لە کەڵەک و تەلانەکان پەڕینەخوارەوە و لە چاوی مەلا سامان ون بوون...

ڕەحمانە ڕەق حەفتەیەک بوو لە ڕێگادا بوو. هێز و توانای جارانی نەمابوو و لە بناری شاخ و لە پای هەر سەروکۆیەکدا دادەنشت و هەناسەی کاڵی بۆ دەورانی جوانی هەڵئەکێشا. کاتێک گەییشتە شارەزوور، لە ڕێگاوە بڕیاریدا یەکەمجار بچیتە سەرچاوەی زەڵم و لەوێوە سۆراخی خەسرەو و ڕەشە بکات. سەرچاوەی زەڵم لەم فەسڵەدا سەیرانگەی خەڵک و شوێنی پێکگەییشتنی ئەویندارانە. بۆیە ڕەحمانە ڕەق ئەوێ هەڵبژارد تا بە جێ بینینی خەڵکی یەک ئاوایی، خەڵکی چەندین گوند ببینێ و هەواڵی کوڕەکانی مەتی بەفراو بزانێ.
ئێوارەیەکی درەنگ بوو گەییشتە جێ و بێ پەروا خۆی بە ماڵی کۆنە ناسیاوێکدا کرد. ڕەحمان وەک چۆن لە پایدۆڵان و ژاوەرۆ خەڵک ئەیانناسی، لە شارەزووریش شارەزا و ناسراوی ناو

Institut Kurde de Paris

خەڵک بوو. خۆیشی لە بیری نەمابوو کە ئەمە جاری چەندەمنیەتی دێتە ئەم ناوە، بەڵام دڵنیا بوو ئەم سەفەرەی جیاوازە. هێندە جیاواز کە ئەگەر بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە، ئاوایی پایدۆڵان و خەڵکەکەی نابنەوە خەڵک و ئاوەییەکەی جاران. ڕەحمان لە ڕێگادا چەندین جار ئەم قسانەی مەلا سامان و مەتی بەفراوی لە کوێچکەدا زرینگابوونەوە کە دوایین شەو پێیان وتبوو:

ڕەحمان گیان... من خۆم لە نامەکەیچا نووساگمە، خەسرەو خۆی خونگەوارە و ئەگەر نامەکە بگاتە دەستی ئەیخوێنێتەوە. بەڵام ڕەشە قسەی تۆی وک ئایەتی قورعان قبووڵە. گوێت لێ ئەگرێ و هەرچێک بێژیت بروات پێ ئەکات. بۆیە داوات لێ ئەکەم هەرکە بینیت، پێی بێژە، مەلا سامان خۆی ئامانەتی داوم بە زوانیچ پێتان بێژم... قەوڵی داوە خۆی بە خەرجی خۆیەوە زەماوەن ئەکات بۆ خەسرەو و کەژاڵ. خۆی سەرچۆپی زەماوەنەکە ئەگرێ و هەرخۆیچی داوا لە خەڵکی پایدۆڵان و سەردەران ئەکات بێن بۆ ئەم زەماوەنە تایبەتە هەڵپەڕن...

ڕەحمان گیان، دەسمە داوێنت ڕۆڵە، خۆت ئەم قسانە بۆ خەسرەو بکە.. بێژە دایکت شەو و ڕۆژی لێ بوونەسە یەک و خەو و خۆراکی نەماگە. بێژە هەرچێک زووە بێتەوە و گشت ئاوایی لەم خەمە و دڵتەنگییە دەربێرێ و..

لە بیرت نەچێ کاکە ڕەحمان بە ڕەشە بێژی ناوی کەنیشکەیمان نیاگە "ولێ " خۆی بە ڕێحانی وتبوو ئەگەر کناچێ بیە، نامێش بنیە ولەهەنار و کوڕیچ بی ...

ڕەحمان دوای سلام و هەواڵپرسی لەتەک خاوەنماڵدا وتی:

بۆ کارێکی تایبەت هاتووم لالۆ ئێقباڵ. هاتووم سۆراخی دوو کوڕی باشی ئاوەییەکەمان بگرم و بیانبەمەوە بۆ پایدۆڵان. خەسرەو و ڕەشەی کوڕی میرزا ئەمینی ئاسنگەر.

ئێقباڵ کە هەوەڵینجار بوو ڕەحمان بەم شێوەیە ببینێ، وتی بۆ چتێکی تایبەت ڕووی داوە بەو شێوەیە شڵەژاوی خاڵۆ ڕەحمان؟ تۆ پیاگێکی دنیادیدەیت و ئەزانیت کە مانگ نیە چەند کەسێکی ئەودیو نەیەنە شارەزوور و دوای کار و هەرمان، ئەگەڕێنەوە ناو ماڵ و خەڵکی خۆیان،

Institut Kurde de Paris

جا ئەو دڵتەنگیەی بۆ چیە؟

ڕەحمان وتی نا لالۆ، ئەم دوو کوڕە تایبەتین و هاتنەکەیشیان تایبەتە. خەسرەو دەنگخۆش و شۆڕە لاوی ئاوایی بوو. قەت گەرەکی نەبوو پایدۆڵان بە جێ بێڵێ. ڕەشەیچ هەروەتر. ئەو هات بە دوای خەسرەودا و ئەوە خەریکە ئەبێتە دە مانگ و هێشتا نەگەڕاونەتەوە. ئاوایی دوای ئەوان شیویاگە، بۆی وێرانەی لێ دێت و ئەگەر ئەوان نەگەڕێنەوە خوا ئەزانێ چی ڕوو ئەدات.

تا درەنگانێکی شەو قسەی ئێقباڵ و ڕەحمانە ڕەق درێژەی کێشا و قەوڵ و قەراریاندا بەیانی بە یەکەوە بچنە سەر چەمەی زەڵم و لەوێ کە خەڵکی گشت گوندەکانی شارەزوور دنن، لێیان بپرسن بزانن کەسێک هەواڵی ئەم دوو کوڕە ئەزانێت یان نا.

ڕۆژی دوایی ڕەحمان و خانەخۆیەکەی، دوای چەند سەعات گەڕان بە ناو خەڵک و پرسیار لەم و لەو، گەییشتنە کۆنە ناسراوێکی ڕەحمان کە خەڵکی هانەدەران بوو. کابرا کە ڕەحمانە ڕەقی بینی لە دوورەوە بە پیریانەوە هات و وتی سلاو لالۆ ڕەحمان، ئانە کەی ئامانی پیدیمەرە و وێت جە ئێمە شارانوە؟

ڕەحمان وەک ئەوە برایەکی خۆی بینیبێتەوە بە دیتنی ئەم کەسە خوشحاڵ بوو، بە گەرمی دەستیان کردە ملی یەکتر و وتی:

نا کەماڵ گیان، وێم نەشارنەوە، ئیشەو مێمانو لاۆ ئێقباڵی بیەنا. بە قەستی ئیگەم دیاری کەرد، پەی هەرمانیە تاوەتێ ئامانا و حەتمەن ئەحتیاجیشم بە تۆ گنۆ.

دوای ئەمە هەر سێکیان لە گۆشەیەکی ئاوەکەوە دانشتن و ڕەحمان دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی ڕوویشتنی خەسرەو کرد.

کەماڵ تۆزێک بیری کردەوە و دواتر وتی خەفەت مەخۆ، من ئەزانم ئەو کوڕانە لەکوێن.

سەرەتای بەهار بوو کوڕێک هاتە هانەولان و حەفتەیەک مێوانی ماڵی میرزا ئەڵماس بوو. خۆت میرزا ئەڵماس ئەناسی، خەڵکی لای خۆتانە. ڕەحمان کە لە خوشیان دەنگی کەوتە لەرزین وتی

دەی، ئەرێ من میرزا ئەڵماس خاس ئەناسم، ئەسڵیان خەڵکی ناوکەلانە، بەڵام مناڵ بووە هاتووەتە شارەزوور. دەی زووکە قسەی ئەو کوڕەم بۆ بکە، ناوی چی بوو، چۆن کوڕێک بوو؟

ئەرێ، کوڕێکی باڵابەرزی جوانخاس بوو، ناوی حەمە ڕەشید بوو بەڵام خەڵکی پێیان ئەوت ئۆسا ڕەشە.

ڕەحمان لە خوشیان، پێکەنین و ئەسرینی تێکەڵ بەیەکتر ببوون و پەلەی بوو دوایین قسەی کەماڵ لەم بارەوە بزانێ.

کەماڵ بێ گوێدانە پەلەکردنی ڕەحمان وتی:

کاکە گیان پەلە مەکە، ئەو کوڕە ئەیوت هاتووە بە شوێن برایەکی خۆیدا کە لە ماڵ تۆراوە و وتوویە ئەچم بۆ شارەزوور. من ئەم قسانەم دواتر لە میرزا ئەڵماس بیستوون، خۆم نەمدیوە و تاریفی جوانخاسی و باڵابەرز ئۆسا ڕەشەیچم لە خەڵکی ئاوایی بیستووە دەنا ئەو ڕۆژانە من لە هەڵەبجە بووم. دواتر ڕەشە هەواڵی زانیوە کە براکەی، ڕاسی ناوێکی سەیری بوو لە بیرم نیە.. ڕەحمان هاتە ناو قسەکانی کەماڵ و وتی خەسرەو، براکەی ناوی خەسرەوە... کەماڵ وتی دەمت خوش، ئەرێ خەسرەو، گوایا چووە بۆ لای کەرکووک و میرزا ئەڵماسیچ ئۆسا ڕەشەی لەگەڵ کاروانێکدا ناردووە بۆ کەرکووک تا لەوێ براکەی بدۆزێتەوە.

ڕەحمان وەک ئەوە بیخەنە ناو حەوزێکی سارد، شەوق و زەوقی نشتەوە و لە بەر خۆیەوە وتی: ئاپاسە، ئاها، خەسرەوە شێت ئیسە یاوانەرە کەرکووک. کەرکووک کە یەک مانگ ڕاو لوای و ئەوەگێڵاینە پەی کەسیە پێسەو من!

ئێقباڵ و کەماڵ بڕیاریاندا لەتەک ڕەحماندا بچن بۆ هانەولان و لە نزیکەوە دوایین هەواڵ لە میرزا ئەڵماس و خزمانی ئەوێ بپرسن و ڕێگایەک بۆ گەییشتنی ڕەحمانن، یان نامەکەی مەلا سامان بە کوڕەکانی میرزا ئەمینی ئاسنگەر بدۆزنەوە. میرزا ئەڵماس و ڕەحمان دۆستی کۆن و قەدیمی یەکتر بوون.

Institut Kurde de Paris

میرزا ئەڵماس لە دوورەوە ڕەحمانە ڕەقی ناسییەوە و یەکجار خوشحاڵ بوو بە هاتنی. بە دەنگی بەرز بانگی خێزانی کرد و وتی:

خەرامان سەماوەرەکێ وەزنە مێمانێما ئامای. مێمانێ تایبەت و فرە عالێ.

ڕەحمان و میرزا ئەڵماس بە گەرمی دەستیان کردە ملی یەکتر و میرزا ئەڵماس بە بزە و ڕووخوشییەکی تایبەتەوە خێرهاتنی ڕەحمانی کرد:

یاخوا خێر بەی لالۆ ڕەحمان، تۆ هەمیشە بۆەوە ژاوەرۆیت چەنە مەی. فەرماوە، دەی فەرماوە بلمێ یانە، شەرمش گەرەک نیەن برا، خۆ تۆ هەمیشە یانەو ئێمەنە ساحیو یانەن بیەنی.

ڕەحمان دوای سلام هەواڵپرس گەرم، دەسی دێدە خەرامانی ماچ کرد و چوو لە لای سەرەوە دانشت. هاوڕییەکانیشی هەرکامە لە گۆشەیەکەوە دانشتن و میرزا ئەڵماس کە لە خوشی بینینی ڕەحماندا بزەی لە لێوان نەدەبڕا وتی، دەی لالۆ ڕەحمان، گێلنەموە پەی ماوەیە فرەن مەپیویەی و تەرکو شارەزووریت کەردەن، یا مەکریۆ بێ دزیوە ئامابی و من نەزانانم...

ڕەحمان وتی نا میرزا گیان، من هیچ وەخت نامانا پێذیمەرە و سەرداو تۆم نەکەردەبۆ، تەنانەت ئەگەر پەی یەکشەویچ بیەبۆ. بەڵام ئیجارە جیاوازەن. من مدەتیەن سەفەرەم نەکەردەن، توانا و گل و گوێزیم نەمەنەن، ئیجاریچە کاریە زەرووری بێ و خەڵکو پایدۆڵانی ناچار کەردا..

میرزا ئەڵماس بەپەلە هاتە ناو قسەکانی ڕەحمان و وتی:

خوا نەکەرۆ چێش قۆمیان؟ خۆ خوانەخواسە نەتۆرنانیشا؟

ناوەڵا لالۆ گیان نا، خەبەرم هەن کە تۆ ئاگادارو تۆریای کوڕیە لاو ئێمەنی، خەسرەو، کوڕو میرزا ئەمینی ئاسنگەری.

بەڵێ، بەڵێ، براکەش، ئۆسا ڕەشە ئامابێ شۆنیشرە و حەفتیە چیگە بێ.

بەڵێ، گەرکمەن باسو ئاکوڕیتە پەی کەروو. دماو بێخەبەری ئێذیشا، دەگا شیویاینە پێوەرە و پایدۆڵانەکەو جارانی نەمەنەن. ئاخرەکەش بابەو کناچەکەی کە خەسرەو عاشقش بێ، جە "

Institut Kurde de Paris

هەرو شەیتانی" وەسەرە و ڕازی بی. تەنانەت بە دەسو وێش نامیەش نووسیەن و داواشا کەردە من بەو سۆراخەو کوڕەکاشا بزانو بەشکەم گێلاوە و وەزعەو دەگایچ گێلۆوە یاگێ جارانی.

میرزا ئەڵماس وتی جارێ نان و چایەکی باشی لێ بخوەین. خەرامان دەسی خوش بێت کولێرە چەورەی ئامادە کردووە، ئەزانم تۆ گلەیی ناکەیت و مێوان نیت، دواتر من بە وردی باسی کوڕەکانی میرزا ئەمینت بۆ ئەکەم و تۆیچ باسی ژاوەرۆ بۆ من بگێڕەوە. ڕاسی ڕەحمان ئاخرین جار کەی بوو سەردانی ناوکەلانت کرد، خۆت ئەزانیت تۆ قەوڵت بە من داوە هەرکات بیت بۆ ئەم ناوە، لە پێشدا سەردانی ناوکەلان بکەیت و هاڵ وهەواڵی تازەم بۆ بێری.

دوای نانخواردن ڕەحمان بە تێروتەسەلی باسی گشت ئاواییەکانی ژاوەرۆی بۆ میرزا ئەڵماس گێڕایەوە کاتێک گەییشتە سەر باسی ناوکەلان وتی:

میرزا گیان! ڕاسیت گەرەکەن زیاتەر جە ساڵێەن تەمامو ئۆسایاو لاو ئێمە، بە تایبەتی ئاسنگەر و گردو دەگایەکاو هەورامانی و ژاوەرۆی لواینێ پەی سنەی و ماچا خان کۆرەخانەیش پەی مەرزناینێرە تا تفەنگ و تفاقو جەنگیش پەی وەشکەرانێ. ناوکەلان ئیسە ئاسنگەرش چەنە نەمەنەن، نە تەنیا ناوکەلان، جە داگاو تەوارەبەرزەیوە گێرەش تا میاوینە شادۆلان، هەشەدەرە، دۆڵەئاو کە هەن جە پاو هەردو عەودالانی. دیارەن میرزا ئەمینشا پەوکی جە پایدۆلان ئاسەبێ بمانۆ، تاکوو شاگردێ پەروەردە کەرۆ و کە شاگردەکاش بیێ بە ئۆسایە قابل، ئاذێچ بلا پەی خزمەتو خانی و کارش پەی کەرا بەڵام میرزا ئەمین دەردیە کوتوپڕەش پۆرە پێچیا و بی سەذەقەو جەنابیت.

میرزا ئەڵماس کە بە وردی گوێچکەی دابووە قسەکانی ڕەحمانە ڕەق پرسی:

باشەن کاکە ڕەحمان تفەنگو جبەخانەش پەی چێشین خان؟ خۆ ئیشەڵا شەڕوشۆڕیەش نیەن دەسوە؟

نمەزانوو لالۆ، ڕاسیەکەش کەس سەرە جەکارو ئی خانیە بەرنمارۆ. چاو بەرزەن ماچانێ خان بەرنامەش هەن شاریە گەورە درووس کەرۆ و قەلایە بەرزەش پەی بنیۆرە تا ئێتر هیچ دژمەن و زۆرداریە نەتاۆۆ بێ زۆرش پەنە واچۆ... بەڵێ قەرارەن سنە بۆ بە گەورە شار و پایتەختو دەسەلاتو هەڵۆ خانی... لاوەرە برا با باسەکەیما وارمێ، خەریکەن شەوکێما بۆ بە شەوەو من و تۆ گۆشگیر مەنی. دادەیئیسە نۆبەو تۆن باسو کوڕەکاو میرزا ئەمینیم پەی گێڵنیوە.

میرزا ئەڵماس وتی کاکە ڕەحمان! کوڕیە بەڵخەیی تازە جە کەرکووک گێلانوە و راوە ئاما ئیگە لاو من و خەرامانێ. هەواڵ و سابیری و براکەو خەرامانێش ئاوردەبێ و منیچ بە گیانو برایەتیما، وەڵێ سابیری کوڕیم و خەفاری ژەنبرایم، هەواڵ و ئۆسا ڕەشەیم پەرسا وەنە.

بە قسێ ئاکوڕەیە بۆ، ئۆسا ڕەشە و خەسرەوی براش یۆترینشان ئێستەنەوە و ئیسە پێوەرە جە کەرکووک خەریکو ئاسنگەرینێ. من نەزانایێم ئۆسا ڕەشە ئاسنگریچەن، لاو ئێمەوە ئۆساو دیواری و حەوز وەشکەردەی بێ، بەلام گوایا جە ئاسنگەریچەنە ئۆسایە عەجایبەن. هەڵبەز ئا کوڕە بەڵخەییە قەرارەن جومعەی ئایەندە بەیوە ئیگە و چیگەوە ئێتر گێڵۆوە پەی کەرکووکی. ئێمە پەیغام و سۆقاتما پەی سابیری و لالوێش ئامادە کەردەن و ئەگەر تۆیچ بە قسێ من کەری، نامەکەو تۆیچ هەر پا کوڕیرە کیانمێ پەی ئۆسا ڕەشەی و دڵنیانا ئەگەر ئی هەواڵیە بژنەوا، دوێ حەفتێتەری هەنێ چیگە و ئاوەختە هەر یەرێتا پێوەرە، گێڵدێوە پەی ژاوەرۆی.

ڕەحمان وتی لالۆ ئەڵماس، بە قورحانی عەزیم پەنەم وەشەن وێم بە دەسو وێم نامەکەیشا یاونوونێ دەس، بەلام زەنگۆڵم نمەێم چەنی و توانامەنە نیەن. پەوکی ناچارەنا بە فەرمایشتو جەنابیت کەروونێ و بنیشمێ دیارو ڕەحموو خوایوە و بزانمێ چەنی بۆ.

ئێوارەی جومعە ئیبراهیم لە بەڵخەوە گەییشتە هانەولان و لە دەرگای ماڵی میرزا ئەڵماسی دا. ڕەحمان و میرزا ئەڵماس بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد، میرزا ئەڵماس ڕەحمانی بە ئیبراهیم ناساند و وتی ئەمە قەومی دوو کوڕە جوانخاس و دەنگخۆشەکەیە.

Institut Kurde de Paris

ئیبراهیم که به بیستنی ئەم قسانە خوشحاڵی پێوە دیاربوو، وتی ئۆسا ڕەشە، ڕێک ماچی کەلەو شەکەرین. خەسرەو ئێتر باسش هەر مەکریۆ.

تا نیوەشەوێکی درەنگ باسی کەرکووک، ئۆسا ڕەشە، دەنگخوشی خەسرەو و چۆنیەتی ئاشنابوونی کرێکارەکان بەم دوو کوڕە خاسە بەردەوام بوو. میرزا ئەڵماس خواحافێزی لە مێوانەکانی کرد و چوو بۆ دیوەکەی خۆیان بخەفێ. بەر لەوە بچنە سەر جێگای خەوتن، ڕەحمان دەستی خستە بەرشاڵەکەی ئیبراهیم و وتی:

کاکە ئیبرایم! من ڕایە دوور و درێژم بڕییێنە و ئێتر هێز و توانام نەمەنەن. داوایە برایانەم چەنەت هەن کە ئی نامەیە دەی دەسو ڕەشەیەوە و واچە ڕەحمانە ڕەق واتەنش من هەردوی دەسێ و سەرەم جە گرەوەنە بۆ کە ئی قسێ چی نامەنە نووسیاینێ، سەرپاک گردێشا ڕاسێنێ، پەوکی مشۆم هەرچیە زووتەر ڕوویە یانە و لاو مەتی بەفراوێ گندێڕا و من جە هانەولان، یانەو میرزا ئەڵماسینە چەمەڕاتانەنا.

ئیبراهیم دەستی خستە ناو دەستی ڕەحمان و وتی خەمت نەبۆ، پێسە بزانە وێت هەنی چەنی نامەکەی و قەوڵ بۆ تا ڕازیشا نەکەروو بە ئەوەگێلای، وازشا چەنە نارو.

دوای ئەم قسانە هەرکامەیان لە گۆشەیەکەوە خەویان لێ کەوت و بەیانی زوو ئیبراهیم بەرەو ...کەرکووک کەوتەڕێ

ئۆسا غەفار و سابیر خۆیان حازر کردبوو بگەڕێنەوە بۆ هەورامان. چەندین جار هەوڵیان دابوو خەسرەویش ڕازی بکەن لەگەڵیاندا بگەڕێتەوە و بەشداری زەماوەنەکەی سابیر لە هانەولان بکات و پاشان لەتەک ڕەشەدا بڕۆنەوە بۆ ژاوەرۆ. بەڵام خەسرەو ملی نەئەهاوردە ڕاسی و

Institut Kurde de Paris

سەرسەختانە ئەیوت:

من واتەنم، قەوڵ و قەرارم دان کە جاریەتەری نمەگێڵووە ژاوەرۆ. نا، من هیچ وەخت، بە هیچ شێویە ڕووە نمەکەروو بە دەگاو پایدۆڵانیەرە.

ڕەشە " گیری مووساییەک" ی کردبوو، لە لایەک لە تای دووری ئازیزانیدا، خەریک بوو بداتە شەقەی باڵ و ڕوو بە پایدۆڵان هەڵفڕێ، لە لایەکی دیکەوە نەیەدەتوانی بێ خەسرەو بگەڕێتەوە. خەریک بوو ساڵێک بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕی کە ئەو پووزوانەکانی هەڵکیشان، بۆ دواهەمینجار دەستی خستە ناو پەلکە شۆرەکانی ڕێحان و بە سکێکی پڕ و دووگیان بە جێ هێشت. شەوانە سەدان بیر و خەیاڵی بۆ ئەهاتن، جارێک خەوی ئەبینی کە ڕێحان مناڵێکی شیرینی بووە، بۆ خۆی لە گۆشەی حەوزەکەی سەرباخ دانشتووە و گۆرانی بە باڵایدا ئێژێ. جارێکیتر بیری بۆ شوێنێ ناخوش، بۆ نەخوشکەوتن و مردنی ڕێحان، بۆ مەرگ و لە سەر مناڵەکەوە مردن ئەڕویشت و لە ترسان وەک شێت لە جێگای خۆی ڕائەپەڕی. خەسرەو لەم چەند حەفتەیەی دواییدا چەند جار ئەمەی بینی بوو کە ڕەشە لە خەو ڕائەچڵەکێ و بە دەم هاوارەوە خەبەر ئەبێتەوە:

چێش بی کاکە گیان؟ دیسان وەرمی خراوت وینا؟

بەو حاڵەیش لە سەر قسە و قەوڵی خۆی سوور بوو کە مل نەدا و حازر نەبێت بگەرێتەوە. ئێوارەیەک کە بڕیار بوو بەیانییەکەی ئۆسا غەفار و سابیر، بگەڕێنەوە بۆ هەورامان و سابیر زەماوەنەکەی بکات، ڕەشە بە دڵپڕییەوە جارێکی دیکە لە خەسرەو پاڕایەوە:

برا شیرینەکەم، خۆ تۆ دەردەو من عال مەزانی، تۆ ئاگادارەنی کە من بۆنەو تۆوە وەیلانو ئی غەریبستانیە بیەنا، بۆ براکەم بۆ. خەسرەو گیان لەعنەتیە کەرە.... بۆ با چەنی ئی کوڕە خاسانە گێڵمێوە، حەفتیە مێمانێ میرزا ئەڵماسی بێمێ و دماتەر گێڵمێوە لاو کەسەکاما.

خەسرەو بڕوات بۆ ئەذام ئیسە شێتەیچ نەویێ بۆ، حەتمەن کۆرە بیێنە و دماو ئێمەرە...

Institut Kurde de Paris

خەسرەو دوای ئەوە هەرسەکانی لە چاوی سڕینەوە، وتی کاکە ڕەشە، تۆ داواو گیانیم چەنە کەری، وێت ئاگادارەنی درێغم چەنەت نیەن. بەڵام ئی کارە نا، نا برا گەورەکەم نا. من قەوڵم دان و قەسەمم واردەن، جارێەتەری نمەگێڵووە پایدۆڵان.

لە پڕ تەقەی دەرگا و هاتنەژوورەوەی کەسێک سەرنجی هەردووکیانی ڕاکیشا و کاتێک دیتیان ئیبراهیمە، هەردووکیان بە پیریەوە چوون و خەسرەو بە پێکەنینەوە وتی:

یاخوا خێر بەیوە لالۆ ئیبرایم، بەخوا بۆوە ریواوات چەنە مەی.

ئیبراهیم وتی نا، ریواوی نا، بەڵام بۆوە مێخەکام چەنە مەی، ئاذیچ کام مێخەکێ! دەستی کردە باخەڵیدا، یەکێک لەو ئامانەتانەی دەرهێنا کە ڕەحمانە ڕەق پێدابوو و وتی بە دەستی خۆت بیدە دەست خەسرەو.

ئیبراهیم ئامانەتەکەی دایە دەست خەسرەو و وتی:

فەرماوە کاک شەماڵ گیان فەرماوە. بەڵام هۆشت نەشۆ ئینە دیاریە گەورەن و حەتمەن مزگانیە گەورەش هەن شۆنیەوە.

خەسرەو بە بینینی مێخەکەکان و بۆنکردنیان گێژ و تووشی سەرسووڕمان بوو. ڕەشە بە پەلە دەستی خەسرەوەی کردەوە و وتی:

ئەی، خۆ ئانە مێخەکبەنەکێ بەفراو خانمێ ئەذایتەنێ!

خەسرەو توند هەردووک دەستی خستنە سەر شانی ئیبراهیم و وتی زوو بێژە زوو، بێژە بزانم ئەم مێخەکبەنەت لە کوێ بووە؟

ئیبراهیم بە ئارامی و وردە پێکەنینێکەوە وتی:

پەلە مەکەرە، پەلە مەکەرە برام. دیسان دەستی کردەوە باخەڵیدا، نامەکەی ڕەحمانی دەرهاورد و وتی فەرماوە ئۆسا ڕەشە، ئینەیچ ئامانەتیەتەرین قەوڵمدان یاونووش دەسو جەنابیت. بەڵام با فرەتەر تووش و نگەرانیتا نەکەروو. کەسیە قەومو وێتا، کاک ڕەحمان، هانولان یانەو میرزا

Institut Kurde de Paris

ئەڵماسینە چەمەڕاتانەن و ئی دۆە ئامانەتەشە دای من بیاونووتا پەنە. کاکە ڕەحمان واچی نامەکەنە چێوێ عالێ نوویسیاێنێ بەڵام خۆ من خونەواریم نیا و مەزانوو چێشش چەنەن.
ڕەشە نامەکەی دا بە خەسرەو و وتی زوو، دەی زوو بوانەشوە بزانوو چێش نوویسیان.
خەسرەو دوای کردنەوە و تۆزێک لێ وردبوونەوە لە دێڕەکان، بەم شێوەیە دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکە:
حەمە ڕەشید گیان، میرزا خەسرەو... سڵامیە گەرمتا وەنە بۆ
دماو شمە دەگا بیێنە چۆڵەوانی و بۆەو ژیوایش چەنە نەمەنێنە....
قەوڵ بۆ قەوڵو پیایا، من وێم کەژاڵەی کناچیم، مارە بڕوو پەی میرزا خەسرەوی و دیسان قەوڵ بۆ وێم چۆپی زەماونەکێتا گێروو...
قەوڵ بۆ کە گردوو خەڵکوو سەردەرانی و پایدۆڵانی دەعەوەتێ بانێ و بە شایی و چەپڵەڕێزان، " هانەوەزان" ی وزمێ لەرزە...
قەوڵەن و دانم پەوکی تکام هەن چەنەتا بە پەلە و زووتەرین وەخت گێڵدێوە و دەگاکێما ئاوەدان کەردێوە. من و گرد و دەگای چەمەڕاو ئەوەگێڵای شمەن.
..... مەلا سامان، پایدۆڵان/ ١١٤٠ ی
رەشە بە بیستنی ئەم قسانە، خەریک بوو باڵ بگرێتەوە، وێڕای پێکەنین، وەک مناڵ لە جێگای خۆیدا هەڵدەبەزییەوە و بە دەنگی بەرز ئەیوت:
ئەی خوا بەشت نەبڕیۆ، ئەیخوا.... ئەی خوا شوکور... ئینە من بێنێ... ئینە من.......
خەسرەو لە کاتێکدا مێخەکبەندەکەی دایکی خستبووە ناو هەردووک دەستیەوە، بینی پێوە دەنا و بۆنی پێوە ئەکرد، لە کانگەی دڵیەوە دەستی بە گریان کرد. ڕەشەیچ لە عەزرەتدا باوشی بە ملی براکەیدا کرد و وتی سەرەنجام... ئەرێ براکەم سەرەنجام ئاواتەکێت ئاما یاگێ... ئەی

Institut Kurde de Paris

خوا بەشت نەبڕیۆ....

ئۆسا غەفار و سابیر هاتبوون تا بۆ ئاخرین جار داوایەکی دیکە لە خەسرەو بکەن بەڵکوو ڕازی بێت لەگەڵیان بگەڕێتەوە، لە پڕ بە سەر ئەم گریان و پێکەنینەدا کەوتن و تێنەدەگەییشتن کە چە شتێک ڕووی داوە. ئیبراهیم کە ئەوانی بینی لە دەرگاوە هاتن و بە سەرسووڕمانەوە سەیری وەزعەکەیان ئەکرد، وتی سڵام ئۆسا غەفار، گەرەکم بێ راوە بەوونێ خزمەتتا، بەڵام .پێغامی موهێمم پەی کاک شەماڵی پەنەبێ و ئیسە وینیش خەریکا وەشییێنە گرەوای گرەۆۆ

ئۆسا غەفار کە لە ناوەرۆکی پەیام و نامەکە گەییشت، وەک ڕەشە دەستی بە خوشحاڵی کرد و وتی سابیر ئێتر خەمو گۆرانیواچات نەمەن. زەماوەنەکێت بە بیەو ئۆسا ڕەشەی و کاک شەماڵی ئێتر عەیبش مەمەنۆ.

خەسرەو هەستایە سەرپێ، دەستی کردە ملی ئۆسا غەفار و وتی بە گەورەیی وێت عەفوەم کەرە. تۆ یاگێ برایە گەورەی و مامۆسایە عالینی پەی من ئۆسا غەفار... دواتر چوو دەستی کردە ملی ڕەشە و وتی تۆ تەنیا براگەورەو من نیەنی کاکە ڕەشە، تۆ گەورەو یانەکەیچمانی. تۆ خەموەر و پشتیوانو من بیەنی، هەنی و تا قیامەتیچ مەنیوە. خەسرو لە حاڵێکدا چاوەکانی پڕ ببون لە ئەسرینی گەش، مێخەکبەنەکەی ناودەستی نیشانی ئۆسا غەفار و سابیر دا و وتی: فەرموون ئازیزانی من ، فەرماودێ ویندێ ئینە مێخەکبەنەو ئەذایمەنە. بەڵێ مێخەکبەندەکەی دایکمە کە وەختی خۆی بە دەزگیرانداری میرزا ئەمینی بابم بۆی کڕیوە، ئێمە بە زاڕۆڵەیی گشتمان هەزار جار بۆنمان پێوە کردووە و ئیستە مەتی بەفراوی دایکم ناردوویەتی هەم بۆ ...ناونیشان کە من دڵنیا بم و هەمیچ واتەنەش، ئینە سۆقاتو منەن پەی زەماونەو کەژاڵێ

خەسرەو لە تەک گێڕانەوەی ئەم قسانەدا بە خوڕ ئەسرینی گەش لە چاوە جوان و شینەکانیدا دەهاتنەخوار و بە کوڵی دڵی ئایرینی، کوچک و تەوەنی هەردانی ئەتوانەدەوە.

Institut Kurde de Paris

ئۆسا غەفار لە حاڵێکدا بە تەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم قسانەی خەسرەوە، ڕوو بە ئۆسا ڕەشە وتی، ئێمە سەفەرەکەمان ڕۆژێک ئەخەینە دواوە تا کاک خەسرەویش بە ئارامی و ئاسوودە بتوانێت خواحافیزی لەگەڵ گشت هاوڕێ و دۆستەکانیدا بکات، ئیشەڵا دووسبێ، ...هەرچوارمان بەیەکەوە ئەکەوینە ڕێگا و هانولان گێرەما و ئامایمێ

خەسرەو بە نیشانەی ڕەزایەت لە قسەکانی ئۆسا غەفار، سەرێکی ڕاوەشاند و دیسان بە دڵی پڕ و چاوی فرمیساکاوییەوە باوشی بە ملی ڕەشەدا کرد و کوڵی دڵی خاڵی کردەوە.
دە ڕۆژ دواتر، کاتێک ئۆسا غەفار و هاوسەفەرەکانی گەییشتنە بەرئاوایی هانەولان، خەڵک لە سەر بانەکانەوە وەستابوون و میرزا ئەڵماس و دێدە خەرامان لە بەر دەرگای خۆیان چاوەڕوانی گەییشتنەوەی ئازیزانیان ئەکرد. ڕەحمانە ڕەق لە بەر دەرگای مزگەوت قسەی لەگەڵ خەڵکا ئەکرد و کاتێک بیستی چەند پیاگ خەریکن تێن بەرەو ماڵی میرزا ئەڵماس، بە پەلە خۆی گەیاندەوە و لە دوورەوە قیافە و باڵەی بەرزی خەسرەوی ناسیەوە و بە لارە، لارە بە پیریانەوە چوو و بە دەنگی بەرز ئەم شێعرەی خوێندەوە:

ئازیزان ئیمشەو کۆچی لەیل یاوان
چەمەی چەم ڕۆشن، یانەی دڵ ئاوان
هەردی دڵ هۆردان، خەیمەی گۆراڵان
مسابێقەش دان، چەنی کۆساڵان
شادیم شادیشەن، وەشیم وەشحاڵەن
مەزانوو ڕاسەن، یان خۆ خەیاڵەن؟

ڕەحمان لە دوورەوە باوشی کردەوە، ڕەشە هات خۆی ئاوێزانی باڵای لاواز و کەمهێزی پیاگە دڵسۆز، بەڵام هەمیشە بێ کەسەکەی پایدۆڵان کرد و وتی خوا جەزاد بذۆوە کاکە ڕەحمان. تۆ

Institut Kurde de Paris

قەومیە دڵسۆز و برایە بەوەفانی پەی من. شەرتەن تا مەردەی ئینەم هۆش نەشۆ. خەسرەو دوای ڕەشە هات و بە دەم گریانەوە دەستی کردە ملی ڕەحمان، دواتر هەردووکیان دەستی میرزا ئەڵماس و دێدە خەرامانیان ماچ کرد و تێکڕا چوونە ناو حەوش و حەساری ئەوان.

حەفتەی دوایی زەماوەندەکەی سابیر دەستی پێیکرد و دوو ڕۆژ و دوو شەوی تەوای برد.

خەسرەو و ڕەشە گۆرانیوێژی زەماوەن و وەک جووتێک بولبول، زەوق و شادییەکی فراوانیان بە هەڵپەڕکی و دانشتنەکانیش دابوو. ڕەحمانە ڕەق کە لە خوشی گەڕانەوەی کوڕەکانی میم بەفراودا شاد و سەرحاڵتر ئەهاتە بەرچاو، ببووە شاواشکەری ناو شادی و تا ئاخرین سات و سەعاتی هەڵپەڕکێ، سەرەڕای ئێشی زەنگۆڵ و لاقی، دانەدەنشت و هەرا و هاواری لەو ناوەدا بەرز بوو. خەسرەو و ڕەشە، جگە لە گۆرانیوتن، بە قسەی خوش و هەڵسوکەوتی جوانیشیان سەرنجی گشت خەڵکەکەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا بوو. گەنجەکان چیرۆکی تۆران و ئاشتبوونەوەی خەسرەویان بۆ یەکتر ئەگێڕایەوە و کەنیشکەکانیش لە یەکتریان ئەپرسی کە ئەشێ ئەو کەژاڵەی دڵی ئەم نەونەمامەی ڕفاندووە چۆن شۆخە کناچەیەک بێت؟

میرزا ئەڵماس دوای زەماوەنەکەی سابیر، قسەکەی خۆی بردەسەر. ئەو کاوڕەی کە قەولی دابوو بیکڕێ، سەندی و کردیە خەیر و دای بە ڕەشە، سابیر و خەسرەوە بە سەر ماڵەکاندا دابەشیان کرد و وەختێکیش مێوانەکانی خەریکی ماڵاوایی و کەوتنەڕێگا بوون تا بگەڕێنەوە بۆ ژاوەرۆ، چووە پێشەوە و ڕوو لە هەردووکیان وتی:

ئیستە ناتوانم، هەم دەسم گیریاگە و هەم بڕێکیش ئامادە نیم، بەڵام پاییز، حەتمەن منیچ پاییز تێم بۆ ژاوەرۆ. ئەم هاتنەی ئێوە، زامی دووری دەیانساڵەی لە خزمەکانم لای منیچ تازە کردەوە، بێتاقەت و بە تەواوی کەفتگەسە کەلەم کە بێم و سەردانێکی ماڵەباوانی باوکم بکەم. بەڵام ئەشێ ئێوەیچ قەوڵ بدەن کە هەردووکتان لەتەکما بێن بۆ ناوکەلان و من لەگەڵ خزمەکانمدا ئاشت کەنەوە.

ڕەشە وتی لالۆ ئەڵماس، ئەگەر جەنابت تەشریف باری، نەک هەر من و خەسرەو، بەڵکوو نیمەو قەوماما گنمێت چەنی و گیانما هەن ڕاتەنە. تۆ ئی جارە کارێوەت نەکەردەن کە نەک من و خەسرەو، تەنانەت گرد و بنەماڵەیما یاذماوە بشۆ.

ڕەحمانە ڕەق لە بەر ئێشی زرانی و زەنگۆڵی، نەیتوانی لەگەڵ ڕەشە و خەسرەو دا بگەڕێتەوە. ڕەشە فرەی پێناخوش بوو کە ئەو بەجێ بهێڵن بەڵام ئەینزانی ڕەحمان پەلەی گەڕانەوەی نیە و بە ئاسانیش ناتوانێت بە پێ ئەوان هەوراز و بەرزی شاخەکانی هەورامان ببڕێ. بۆیە بە گەرمی سپاسی هاتن و خەمخۆییان کرد، دەستیان کردە ملی و ماڵاواییان لێی خواست.

ڕەحمان دڵی تەنگ و چاوی پڕبوون لە فرمیسک و بە دەستتەکاندان، خێر و سڵامەتی بۆ کوڕەکانی میم بەفرێ و میرزا ئەمینی ئاسنگەر خواست و لە بەر خۆیەوە ئەیوت:

من پەلەم نیە، گرەنگ ئەوەسە کە ئەوان بچنەوە، کەژاڵ، ڕێحان و خەڵکی پایدۆڵان شاد و ئاشت بکەنەوە. من نەیشگەرێمەوە، ڕەنگە کەس بۆی موهیم نەبێت، یان هەر لە بیریشیان نەبێت کە ڕەحمانە ڕەقێک هەبوو، ڕویشت و نەگەڕایەوە. کێ خەمی بوون و نەبوونی منیەتی؟ من دواتر و لە سەر خۆم، ڕێگای چەمی هەورامان و سیروان ئەگرم و کەی توانیم ئەگەرێمەوە ماڵ..

.ڕەشە و خەسرەوە دوای ئەوە لە هانەولان دەرکەوتن، بە جێگای ڕێگای سیروان و چەمی هەورامان، لە کەلی " تاتان" وڕێگای هەردی "کوێساران" هوە ڕێگای گەرانەوە بۆ ژاوەرۆیان .گرتە بەر

Institut Kurde de Paris

خەسرەو پێش لە کاکی گەییشتە سەر لووتکە و لە تاو ماندوویەتی لە یەکەم دەرفەتدا خۆی گەیەندە بنی بەردێک و پاڵی پێوەدا. ڕەشە چارەکێک دواتر، لە حاڵێکدا هەموو لەشی ببوە

عارەقە، گەییشتە لای خەسرەو، لە تەنیشت ئەوەوە پاڵی بە سووچێکی دیکەی کوچکەکەوە دا و لاقی درێژ کردنەوە. خەسرەو کە لە یەکەم ساتەوە خەریکی سەیرکردنی چواردەوری خۆی بوو، وتی بڕوانە کاکە، جوان سەیریکە راست ئەوینی ئەیرە ئەو شوێنەیە کاتی خۆی میرزا ئەمینی باوکم، بە مناڵی باسی بۆمان ئەکرد. بەڵێ ئەیرە لووتکەی بەناوبانگی کوڕەی مریەمە کاکە ڕەشە. لە بیرتە مەرحوومی باوکم ئەیوت پیاگ لە دۆڵەکەی پشت پایکەلانەوە سەرکەفیت، بەرزترین لووتکە ناوی کوڕەی مریەمە؟ لە هۆشت ماگە میرزا کەریم ئەیوت کوڕەی مریەم تەنیا شوێنێکی ژاوەرۆیە کە چەند شار و چەندین ئاوایی دوور و نزیکی لێوە دیارە؟ ئەرێ، میرزا ئەمینی ئاسنگەر ئەیوت مەریوان و پێنجوێن لە باکووری ڕۆژاوا، کرماشان و قەسری شیرین لە باشوور و بەرزاییەکانی سنەیش لە ڕۆژهەڵاتی ئەم بەرزاییە دەگمەنەوە دەبینرێن. ورد سەیری چواردەوری خوت بکە کاکە ڕەشە... سەیرکە و بڕوانە ئەو شاخانەی ڕووبەڕوومان کە دەیانبینی، ژاڵانە و کەلی تاتان، ئەو شوێنەی کە حەفتەی پێشوو لە شارەزوورەوە هاتین، بە زەحمەت لێیانەوە سەرکەوتین و خەریک بوو لە سەرمان ڕەقهەڵین. ئەو لووتکە تەماویی و بەفرینەی ئەوبەریش کە لە ناو تەمەکەدا ئەبینرێ شاهۆیە. لە بیرت ماوە کە باوکم ئەیوت شاهۆ بە ناوبانگترین هەردی ئەم ناوەیە؟ ئەوەی دیکە، ئاها، ها، ها بە حاڵ لووتکەکەی دیارە و لە ناو تەم و مژدا خۆی حەشار داوە، ئەوە ئێتر ئەبێت عەوەڵان بێت. ئەوبەر، ئەو ڕژد و هەڵدێرە حەتمەن کێوی زریە و ئەم تیرەشانەش ئەشێ شاخی شانشنین بێت. من ئێستا گشت قسەکانی باوکم لەبیرە. لە بیرمە ئەیوت گوندەکانی چواردەوری کوڕی مریەم ناوی وەک یەک، یان نزیک لە یەکیان هەیە. ئەوە ئاوایەی شەو لێ خەوتین "پای کەلان" بوو. ئەوەی خوارەوەمان بە لالێژەکەوە پای وەزان و ئەوەی لە دۆڵەکەی دیکەدا دەبینرێ پای ڕەزانە. چەند گوندی تریش لەم ناوەدا هەن. ژان، ژنێن و ژوانان، " پای نساران" یش ئەبێت گەورەترین دەگای ئەم ناوە بێت کە بە قسەی میرزا ئەمین لە کوڕەی مریەمەوە نابینرێ.

Institut Kurde de Paris

ڕەشە کە تۆزێک حەسابوویەوە و خەریک بوو وەک خەسرەو، بە جوانی دیمەنی دڵڕفێنی ئەم لووتکە سێحراوییە مەس و سەرخوش بێت وتی:

خەسرەو ئێمە بۆ پایدۆڵان، واتا ئاوایی خۆمان ئەچین. بە لامەوە سەیرە کە تۆ گشت شار و شوێنەکانی دیکەت لە بیرن، بێجگە لە پایدۆڵان. ئەی بە ڕاسی پای دۆڵان لە کوێیە؟ ئەو بەهەشتەی میرزا ئەمین قەت ناوی نەدەهێنا و باسی نەئەکرد، بەڵام کە لێ دوور ئەکەوتەوە، خەریک بوو لە تاو دوورییدا سۆی بێتەوە و لە حاڵی خۆی بچێت لە کوێیە؟ خەسرەو وتی تۆ جارێ ڕاوەستە و پەلە مەکە، تۆزێکیتر... ها،ها ئیسە نیشانت ئەدەم... بێسە... بێسە برا گیان، بێسە. بە پێ قسەی میرزا ئەمینی باوکت بێت، پایدۆڵانیش لە کوڕی مریەمەوە نابینرێ. ئەم دەشتە جوان و سەوزەی بەردەممان ئەبینی؟ جوان سەیری کە و بیر لە قسەکانی باوکت بکەرەوە. ئەیوت ئەو دەشتە مێرگەوارە. کانی و مێرگ و سەراوەکانی بە ناوبانگن. بە قسەی میرزا ئەمین بێت ئەشێ دوای ئەم دەشتە، تاقگە و تاشی گەورەباخ و دواتر دۆڵی گەورەجۆ بێت. ئاوایی پایدەرانیش لە ناو قووڵایی ئەو دۆڵەی سەروەیە و لەو شوێنە هەردووک دۆڵ یەک ئەگرن، دەگای پایدۆڵان، واتا گوندی کوڕە وێڵەکانی دێدە بەفراوە.

ئاها، جوان چاو لێکە کاکە، ئەو ئاواییەش کە لە بناری زریەوە دەبینی، ئەوە گوندی پای شاخانە. پایدۆڵان لە نێوان پای شاخان و پایدەران دایە. ئێمە ئەگەر گرفتێکی تایبەتمان نەیەتە سەر ڕێ، ئێمشەو مێوانی ماڵی میرزا ئەمینی باوکت و لای مەتی بەفراوی دایکم ئەیکەین بە شادی و هەڵپەڕکێ.

خەسرەو لە خوشی ئەوە بە سلامەت وبێ دەردیسەر گەڕابوونەوە ناوچەی خۆیان، حاڵەتێکی شاعیرانەی سەیری پەیدا کردبوو. خەریک بوو وەک نەشارەزایەکی دەڤەرەکە، نەخشە و تابلۆی ئەم دیمەنە نایابانەی ناوچە بکێشێ و بەم قسانەی دڵی برا دڵسۆز و فیداکارەکەی شاد بکات، بەڵام ڕەشە فکری لە شوێنێکی دیکە بوو، بیری لەو سات و کاتە دەکردەوە کە بگاتەوە بەرماڵ و

ڕێحان بە منداڵێکی کۆرپەوە ببینێ. بیری لە خوشی و هەڵپەڕینی خوشکەکانی و شادی و زەوقی دایکی ئەکردەوە. بۆیە بە بزەیەکی شیرینەوە ڕووی کردە خەسرەو و وتی برا تۆ ئی دەنگە وەشەت پەی کەی هۆرگرتەن؟ ڕاسی گەرەکت نیەن چی قولە بەرز و دڵنشینەوە چریکیە گەرم پیشکەش و من، مێرگەواری و ئی گر دیمەنە ڕەنگینا کەری؟

خەسرەوە ئێتر درەنگی نەکرد، هەردووک دەستی خستنە سەر گوێچکەی و تا هێز و سۆزی تیدابوو چریکاندی:

قەترەی بۆی زوڵفت، کەفتەن نە بەرزان

بۆی گوڵان کەردەن، جە بەرزان هەرزان

شای دیدە مەستان، شای دیدە مەستان

شای چەمسیاوان ئەبرۆ پەیوەستان

مەپەرسی حاڵو بیماران خەستان

دڵبرینداران، دەروون پەڕهەستان...

ئەر ئازیز وەی تەور، لێم کەرۆ ستەم

خەلاسیم نیەن، ئیجار خاترجەم...

شەماڵ گیان، تۆ بە، بە زوانو من

لوەنە لاو لەیلێم، سۆی چەمانو من، واچ من قاست، جە لای دەردەدارێوەم، کیانای دڵەی بێقەرارێوەم، پەی تۆ بێ ئارام، بیزار و لێوەن، چەند زامی نشتەر، ئەبرۆی تۆش پێوەن، پەی تۆ سەیلی هوون، مەیۆ نە چاوش، دوور جە گیانو تۆ، دوورکەوتەن خاوش...

ڕەشە مەستی چریکەی بلاوێنی خەسرەو و خیاڵی سەرشێتی خۆی، هەموو جەستەی ببووە گوێ و لە چریکەی بوڵبوڵئاسای خەسرەوی برای ڕامابوو. خەسرەوە چریکاندی تا کوڵ و کۆی

Institut Kurde de Paris

دەروونی دامرکا و دوایە وتی ئیسە خاسەن کاکە گیان؟

بە تیرەشانەکەی بەردەمیاندا شۆڕبوونەوە و دوای سەعاتێک گەییشتنە سەر ئاوە زولاڵ و خوڕەکەی سەرچەمە. دەموچاوێکیان شۆرد و بە دڵی خۆیان ئاوی سارد و گوارایان نۆشی گیان کرد. کۆڵەکەیان کردەوە و نان و کەڕەیەک، کە ناسراوێکیان لە پایکەلان بۆی پیچابوونەوە بە دەم قسە و باسەوە خوارد. ڕەشە لاقی خستبووە سەر بەردێک و پاڵی دابووە کەڵەکی دەوری کانییەکە. خەسرەو جارێکی دیکە مشتی پڕ کردەوە لە ئاوی کانییەکە و دەموچاوی فێنک کردەوە، ڕەشە بە ئارامی وتی خەسرو قەوڵەکەت لە بیرە؟

-کام قەولْ کاکە گیان؟

-ئا قەوڵە کە پیوەرە داما بە ڕەحمانە ڕەقی.

-ئاها، ئاماوە یادم. ڕاسی گەرەکتەن وێما ئاشکرا نەکەرمێ جە کەسی و، هەر پاسە بێدەنگ بلمێ بەرەرە؟

-ئەرێ، پاسە خاسەن چوونکە، ڕەحمانیچ پاسەش پەنە خاس بێ. هۆشت نیەن واچی ئەگەر خەڵک بوێنووتا، گردو دەگای مەی پیرایتاوە و تا نیمەشەو نمیاودیوە یانە؟

من پەلەمەن برا گیان، پەلەو ویناو کناچەکێم، زاڕۆ شیرینەن خەسرەو، باوڕ کەرە خەریکەن باڵێ گێرووە تا وڵەکاڵێ بوینوو و گێرووش باوشیوە.

-ئەرێ، پاسەم پەنە باشەن، بارە، با کۆڵەکاما کەرمێوە و جارێوتەر تەماشایە دیارییەکاما کەرمێ.

ئەرێ، ئینەشا پەی بەفراو خانمێ ئەذایت... ئینەیچە کواپانتۆڵەکەو مامۆیم.

ئینە دیاریەکەو ڕێحانێ و ئینەیچ هینەو بەیانێ و هەراڵەی.

ئاها، ئاها ئینەشیچ پەی ولێ، ولەهەنارە، گوڵە شیرینەکێ بابەیش.

زاڕۆ شیرینەن، جگەرەن، گیان و ژیوایەن خەسرەو...

Institut Kurde de Paris

ئەرێ ڕاسی چێشەن، ماچی خەریکو خواینی، بمدرە، بمدرە با ئیشەڵا زەماوەنەکەێت تەمامیۆ، مدرە با بوینووت بیبە ساحیبو زاڕۆڵیە و ئاوەختە مەوینووت چەنی مەی دەورشەرە. مدرە...

لاوە دیرەن، بزانوو کۆڵەکەو تۆ، کەرەشوە بزانوو چێشش چەنەن.

-هەر عەینو کۆڵەکەو تۆن، دیاری پەی ئەذایم، مامۆویم، کناچڵەکا، کناچێ مەڵای و تەمام...

-نا، نا مەخەڵەتنەم، هەو دانە.. بارە بزانوو ئانەشا هینەو کێن؟

-دەی واتم، پەی مەڵایم ئەسەن، مەڵا سامان تازە هەسوورەمەن و مەجبوورەنا چێویەش پەی بسانوو. خۆ ئیشەڵا دەسی هاڵی نمەکیانیم پەی یانەیشا.

- شۆخیم کەرد، منیچ چێوم پەی وێش نا، بەڵام پەی مەڵا ژەنێم ئەسەن. ها، ئانە، ئانەیچ دیاری منەن پەی مەڵاژەن حەلاوێ، واچە کاکەیم ئەسان و هیوادارەنا بە دڵش بۆ...

دوای حەسانەوە، کردنەوە و دیسان بەستنەوەی کۆڵەکانیان، ڕەشە و خەسرەو لە سەر کانییەکەی سەرچەمە دوور کەوتنەوە و لە ناو تەوەنە ڕژدەکانی " شێ مەحە" دا خۆیان حەشار دا تنکوو ڕێبوار و شوانەکانیچ نەیان بینن و دوای تاریکداهاتنی هەوا، بە بێدەنگی بڕۆنە ناو ئاوایی و خۆیان بە دەرگای ماڵی خۆیاندا بکەن.

ڕەشە لە خەیاڵی خۆیدا ڕێحانی ئەبینی بە کۆرپەیەکی شیرینی چاوکاڵەوە دانشتووە و زڵفە شۆڕ و پەرێشانەکانی هامێتەی سین و بەرۆکی بوون و کەنیشکەکەی، " وڵەهەنار" خەریکە بە زڵفەکانی گەمە دەکات. خەسرەو بیری دابەشی چەند شوێن ببوون. لە لایەک بیری لەو سات و کاتە ئەکردەوە کە مەتی بەفراو هەست بە گەڕانەوەی جووتە کوڕەکەی ئەکات و هاوقەی قەد و بالایان ئەبێت. لە لایەکی دیکەوە، بیری لە لای یار، لە لای کەنیشکە بالا عەر، عەرەکەی مەڵا سامان و چاوە مەستەکانی بوو کە شێخیان شێت و، شیتیان دێوانەی هەردان ئەکرد.

بەم بیر و هۆشە پەرێشانەوە ڕۆژیان کردە ئێوارە و بە کەناری ڕێگا، بە سەر یەکێک لە جۆگە مێرگینەکانی مێرگەواردا کەوتنە ڕێگا، دوای نیو سەعات گەییشتنە سەرقەڵوەز و بەرزاییە

Institut Kurde de Paris

دڵنشینەکەی لای قەڵای وردی.

لەوێوە ئاگری ماڵەکانی پایدۆڵان ئەبینرا ، بەڵام دەنگ و هەرای خەڵک نەدەگەییشت. خەسرەو وتی کاکە تۆخوا با تۆزێک لەم شوێنە دانیشین و سەیری ئەم چەمودۆڵەی دەوروبەری ئاوایی بکەین. دیارە خەسرەو بەم کارەی گەرەکی بوو سەر بنێتە سەر ڕەشە و تۆزێک تووڕەی کات چوونکە ئەیزانی چەندە پەلەی گەییشتنە ماڵی هەیە. ڕەشە لایەکی کردەوە و بە پێکەنینەوە وتی خەریکەنی حاڵم گێری پاسە نیەن؟

لە پڕ نرکەیەکیی سەیر و دوای ئەوەش بەرزبوونەوەی ئاگرێکی یەکجار گەورە، لە " چەمەی کاوانەوە" هەردووکیانی بە توندی ڕاچڵەکان. نرکە و ناڵە هەموو ئەو چەمودۆڵەی پڕکرد و لە ترۆپکی گەنمدۆڵەوە بۆ بەرزاییەکانی قەڵای گەورە، بوو بە ئاگرێکی سوور و ئەو کەژوکێوە بە یەکجاری گڕی گرت.

ڕەشە و خەسرەو وەک شێتانیان لێهاتبوو نەیانئەزانی ئەوەی ڕووئەدات چیە. دەنگی تەقینەوە و گڵپەی ئاگر، ئاسمانی ئەو ناوەیان وەک ڕۆژ ڕووناک کردبوو، بەڵام دەرودۆڵ تەپوتۆزێکی سەیری لێ نشتبوو. سەرەتا ڕەشە هەستی کرد کە خەریکە دەموچاوی جۆرێک تۆزی گەرمی لێ ئەنیشێ، بەڵام گەرەکی نەبوو بۆ خەسرەوی باس بکات، سەسەرنجام خەسرەویش هەستی بە جۆرێک بۆنی ناخۆش و دژواری هەناسەکێشانی خۆی کرد و هەردووکیان لە حاڵێکدا وەک شێت بە دەوری خۆیاندە ئەسووڕانەوە، بێ ئەو هیچ وەڵامێکیان بۆ دروستبوونی ئەم قیامەتە هەبێ، لە شوێنی خۆیان دانشتن، گوێیان لە نرکەی تەقینەوە و تەواشای ئاگرگرتنی هەرد و بەردی پایدۆڵان ئەگرد.

سەرەتا ڕشە پێ وابوو باشتر وایە کە هەرچێک زووە بچنە خوار بۆ ناو ئاوایی، بەڵام فشاری تۆز و گەرمای ئاگرکە بڕستی لێ بڕین و ناچار لە ژێر پژگەی ئاوە پڕفشارەکەی

تافەهۆرشانەدا دانشتن و بە هۆی تەوژمی ئاوەکەوە تینی گەرما و کاریگەری تۆزەکەیش لە

Institut Kurde de Paris

سەریان کەمتر بوویەوە. بۆیە بڕیارین دا، تا وڵات بڕێک ئارام و ئاگرکە کەمتر ئەبێتەوە لە پەنای تافەهۆرشانەدا بمێننەوە. لە بەرخۆیانەوە ئەیانوت ئیسە خەڵکی ئاواییش بەم تەق و تۆقە لە ماڵە هاتوونەدەر و ڕەنگە لە بەرزاییەکانی وەرتوەنەوە، سەیری ئەم جەهەندەمە بکەن کە خەریکە داروبەردی وڵات ئەسووتێنێ.

تەقینەوە و بەرزبوونەوەی ئاگر، تا دەمەو بەیان درێژەی کیشا و بارینی تۆز و خۆڵیش هەردەم لە زیادبووندا بوو. ڕەشە و خەسرەو دەست بە دەست، دەموچاویان بە ئاوی تافەهۆرشانە فێنک و پاک ئەکردەوە، بەڵام ئەگەر تۆزێک لە تافەکە دوور دەکەوتنەوە خەریک بوو بە تەواوی بە تۆز و گەرمای گڕەکە بخنکێن. خەسرەو بە تەواوی دەنگی گیرابوو و بە ئیشارەتی دەست قسەی لەگەڵ ڕەشەدا ئەکرد. ناچار تا بە تەواوی ڕوونکابوونی هەوا لە شوێنی خۆیاندا مانەوە و کە هەوا ڕووناک بوو، کاتێک سەیری دار و درەختی گەورەباخیان کرد، گەڵایەکیان نەدەبینی کە لە داوی تۆزێکی چڵکن سەری دەرکردبێت و بۆنی مردنی لێ نەنشتبێت.

بە دڵێکی خەمگین و ڕوخسارێکی ماتەمینەوە کەوتنە دوای چەمی گەورەجۆ و بە قەڵوەز و تافەکاندا هاتنە خوار. دەنگی هیچ گیانلەبەرێک نەدەبیسترا، جووڵێەک لە هیچ شتێکەوە نەدەهات. ئاسمانی "چەمەی کاوان" تاریک و دووکەڵێکی تار و تاڵ، لە پۆپەی گەنمدۆڵەوە بەرز ئەبوویەوە و هەورێکی چڵکنی لێ ساز ئەبوو. هەورێک کە ڕەنگی مەرگ و بۆنی کۆتایی ژیانی لێ ئەهات.

خەسرەو لاقکانی ئەلەرزین، خیاڵی سەرگەردان و بیری پەرێشان بوو. بە لالێژی باخەکانی " زێدەوەرەتاو" دا بەرو کوچکەکانی تەختان، کەوتنە ڕێ تا بەڵکوو لەوێوە باشتر بتوانن وێرانییەکانی ئەم قیامەتە ببینن. چەند سەعاتێک لە ڕۆژ تێپەڕیبوو، بەڵام هەواکەی لە ڕۆژ نەدەچوو. نە لە ڕۆژ و نە لە شەو! دیمەنێکی سەیر و تایبەتی بوو. ئاسمان تار و وڵات تۆزاوی بوو. بەردەکان ڕەنگیان گۆڕابوو. بووڵ و خوڵەمێش نشتبووە سەریان و دارەکانیش وەک

Institut Kurde de Paris

مردگ، گەڵاکانیان تۆزاوی، لارەزار و لە پۆپەوە تاکوو دەگەییشتە ڕیشە، خەم و گریانیان لێ دەباری.
پیشتر لە سەر بەرزایەکەی تەختانەوە، پایدۆڵان جوان ئەبینرا، پیاگ ئەیتوانی ماڵەکانی دانەدانە بژمێرێ و تەنانەت خەڵکەکیشی بە هاسانی ببینێ. بەڵام ئیسە نا. نەماڵ، نە خەڵک و نە ئاوەدانی دەبینران. لووتکەی " تەوەنەقنج"، هێشتا ئاگراوی سووری پێدا دەهاتە خوار و باخەکانی "ملەگا" گریان لێ هەڵئەستا. خەسرەو وەک کەڕ و لاڵ، بێ ئەوە هیچ شتێک بێژێ، تەنیا بە دەست لە چۆکی خۆی ئەدا و بە دەوری خۆیدا ئەسووڕایەوە. ئۆسا ڕەشەیچ گێج و سڕ، نەیئەزانی چۆن لەم ڕووداوە و کاولکارییەکانی حاڵی بێت. تاوێک گەرەکی بوو بە خەسرەوەی برای بێژێ با بچین بۆ سەردەران، ڕەنگە خەڵک بەدەم تەقینەوەکەوە ڕایان کردبێت بۆ ئەوێ. ماڵی مەتی ئافتاوم لەوێن. بێت و نەبێت دایکم و مناڵەکان ئیسا لەوێن، بەڵام کە چاوی لە حەرەکەت و جموجووڵی خەسرەوەی برای ئەکرد، نەیدەوێرا هیچ بێژێ و بێ دەنگ ئەبوو.
زیاتر لە سەعاتێک لە تەختانەوە سەیری ئەم وڵاتە ئاگرینەیان کرد. تەواوی هەرد و بەردی چەمەی کاوان ببووە لافاوێکی ئاگرین و پایدۆڵانی کردبووە ژێرەوە. هێشتا گر و ئاگر لە هێندێک شوێن مابوون و باخ و دارەکانی نزیک ئاواییش هیچیان بەدەروە نەبوون. هەرەسی ئاگرێکی سووتێنەر، ئەوەی کەتبووە سەر ڕێگای دایماڵی بوو و زیندەوەری لە گوندە جوان و شیرینەکەی ئەم دوو لاوە دوورەوەڵات و دڵپڕ لە ئاواتە نەهێشتبوو.
ڕەشە و خەسرەوە دوای ئەوە لە بینینی جووڵە و جمەی گیاندارێک لە پایدۆڵان ناهومێد بوون و لە بەر گڕ و گەرمایش نەیانتوانی نزیکی ئاوایی ببنەوە، بە نیازی ڕویشتن بۆ ئاوایی سەردەران ڕوو بە باخەکانی شێردۆڵان کەوتنە ڕێ و لە چەمەی سەیراندەردا تووشی چەند کەسێکی خەڵکی سەردەران بوون کە ئەوانیش، مات و حەیران، بۆ زانینی هەواڵی پایدۆڵان هاتبوون،

Institut Kurde de Paris

بەڵام لە بەر تۆز و گەرمای گڕەکە، گەڕابوونەوە و لەم شوێنە خۆیان حەشار دابوو. خەسرەو توانای قسە و هێزی گێڕانەوەی هیچی نەمابوو. بە بینینی ئەم خەڵکە هێندەی دیکە لە هێز و حەرەکەت کەوت و لە سەر کانیەکە درێژ بوویەوە. ڕەشە خۆی بۆ خەڵکەکەی گێڕاویەوە کە ئەوان کوڕەکانی میرزا ئەمین و میم بەفراون و لە شارەزوورەوە گەڕونەتەوە. پیاوەکان کە پێشتر چیرۆکی تۆرانی خەسرەو، بەدواچوونی ڕەشە و ڕازیبوونی مەلا سامانیان بیستبوو کە کچەکەی بدات بە کوڕی میرزا ئەمین، بە گەرمی هەردوکیانیان لە ئامێز کرتن و بە گریانەوە چۆنیەتی ئاگاداربوونی خۆیان لە ڕووداوەکەی دوێنێ شەو، هەوڵدانیان بۆ نزیکبوونەوە لە پایدۆڵان و بە هاوارەوەچوونی خەڵکەکەی، ترسیان لە خنکانی خۆیان بە خوڵ و تۆزی ئەم ئاگرە وێرانکارە و سەرەنجام بێ خەوەرییان لەوەی بە سەر خەڵکی پایدۆڵاندا هاتووە بۆ خەسرەو و ڕەشە گێڕایەوە.

ڕەشە لە حاڵێکدا دەنگ و دەمی ئەلەرزین لە پیاوەکانی پرسی، یانی ئێوە هیچ کەسێکی خەڵکی پایدۆڵانتان بە زیندوویی، یان مردووییش نەبینی؟ تەنانەت یەک کەسیچ؟

یەکێک لە پیاوەکان وتی، نا، ئێمە تا نزیک هانەوەزان چووین و لەوەولا ئێتر گەرما نەیهێشت. دڵنیابە ئەگەر لەوە فرەتر بڕویشتاین، حەتمەن کەسمان زینگ نەئەگەڕاینەوە. دیارە تەنیا ئێمە نین، گشت پیاگەکان ئاوایی سەردەران هاتگن و ئێمە نازانین ئەوانیچ چەیان بە سەر هاتگە. خەسرەوە دوای بیستنی ئەم قسانە، ئێتر هێزی ڕویشتن و جووڵەی لێ بڕا و وەک کوچکێک لە جموجووڵ کەوت. تاساو و وەک مەیتێکی بێ جووڵە، لە سەر کانیەکەی سەرچەمە، درێژ بوویەوە و خەڵکەکەیش بە نگەرانیەوە سەیریان ئەکرد.

یەکێک لە پیاوەکان بۆ زانینی هەواڵێک و بیستنی جووڵەیەک ڕویشتبووە خوار بۆ ناو چەمەکە. لە دوورەوە گوێ لە دنگی چەند کەسێک ببوو و کە لێیان نزیک ببووەوە، بینیبووی چەند پیاوێکن، لە بنی تەوەنی ولان و سەرجۆگەکەی وەروەزاندا، کسکۆڵەیان کردووە و بە کۆمەڵ

Institut Kurde de Paris

"وناریان" گرتووە و لەوێوەوە سەیری چەمی کاوان، ترۆپکی گەنمدۆڵ و گڕکانی پشتی زرێوار ئەکەن. کابرا لەم بەرەوە بانگی کردبوون و کاتێک چووبەوە خوار، ئەوسا زانیبووی کە گشت پیاوەکانی سەردەرانن لەم شوێنە کۆبوونەتەوە و چاوەڕوانن بزانن چۆن ئەتوانن فرەتر نزیکی پایدۆڵان ببنەوە و هەواڵێک بزانن کە خەڵکەکەی چییان بە سەر هاتووە.

کابرا دوای زانینی ئەم هەواڵە بە هەڵەداوان گەڕایەوە لای ڕەشە و پیاوەکانی دیکە و لە دوورەوە قاوی کرد:

هەڵسن، هەڵسن بێنە خوار گشت ئاوایی لەو خوارەن.. هەڵسن بێنە خوار...

ڕەشە چووە لای سەری خەسرەو و بە ئارامی وتی:

هۆرێزە براکەم، هۆربێزە با بلمێرە واری. وێت گۆشت چەنەنەبێ کە خەڵک هەن دەرەنە و بۆ ئێمەیچ با بلمێ بزانمێ ئایشا چی هەواڵیەشا هەن. هۆرێبێزە خەسرەو گیان، هۆربێزە..

خەسرەوە هێزی قسە و وڵامدانەوە نەمابوو، بە ئارامی دەستی خستە ناو دەستی کاکەی و بە ئیشارەت وتی:

شمە لوێدێ، شمە، من تواناو لوایم نیەن، نا من چیگە، سەرو ئی هانەیوە بازدێ جیای و ئەگەر هەواڵیە وەشت زانا گێڵەوە بەڵام...

پیاوەکان و ڕەشە بە زۆر خەسرەویان هەڵساندەوە و بە کۆڵێ یەکێکیان کە لە گشتیان گەنجتر بوو، هەڵیان گرت، بردیانە خوار و لە گۆشەی چەمەکە دایان نا.

پیاوەکانی ئەوبەری چەمیش هاتن و بە نۆبە دەستیان کردە ملێ کوڕەکانی میرزا ئەمین و بە ئاخهەڵکێسانەوە سەیری ڕوخساری پەرێشانیان ئەکردن.

هەوا تۆزێک ڕووناکتر ببوو. تەپوتۆزی کەمتر و گڕ و گەرمایش وەک پێشنیوەڕۆ نەمابوو.

خەڵکەکە بوونە سێ دەسە، چەند کەسێکیان لەگەڵ ڕەشەدا لە لای خەسرەو مانەوە.

دەسەیەکیان بە دەستی سەیراندەر و دەستەکەی تریان بە بەری خورەتاودا، ڕووبە پایدۆڵان

کەوتنە ڕێ. پایدۆڵان لەم چەمەوە نەدەبینرا، چوونکە ماڵەکان لە نێوان هەردووک چەمی سەردەران و گەورەباخدا هەڵکەوتبوون، بەڵام گڕ و لافاوی ئاگر گشت چتێکی تێک دابوو. هیچ شتێک وەک خۆی نەمابوو. بە ترس و دڵەخورپەوە تا نزیک کوچکەکەی سەرئاساو چوونە پێش و لەوێوە ئێتر بە باشی گشت شوێنێکیان لێ ئەبینرا. پایدۆڵان دیار نەبوو. گشت تل و تەوەنی بەرزاییەکان توابوونەوە، ببوونە گڕ و پایدۆڵانیان کردبووە ژێرەوە. چەند پیاوێک، کە لە ناو گوێزە بەرزەکانی لای " هانەشێتە" دا ئەسووڕانەوە، بە هەڵەداوان هاتنەوە بۆ لای خەڵکەکەی دیکە و وتیان بێن، لە ناو قرۆڵی گوێزێکدا چەند کەسمان تۆزیونەتەوە.

خەڵکەکە تێکڕا لە سەر تەوەنی سەرئاساو هاتنە خوار و ڕوو بە گوێزەکانی هانەشێتە ڕایان کرد.

ژنێک بە کۆرپەیەکی ساواو بە باوشەوە، لە ناو قرۆڵی گوێزێکی کەنارادا خوی شاردبوویەوە و لە کاتێکدا تۆزێکی خەمناک سەرو چاوی داپۆشی بوو، بە دەنگێک کە زیاتر لە نووزەی گیانلەبەرێکی بێ زوان ئەچوو داوای هاوکاری ئەکرد.

بەشێک لە خەڵکەکە بە پەلە ژنەکە و کۆرپەکەیان هەڵگرت، بەرەو ئەو شوێنەی خەسرەویان لێ دانا بوو گەڕانەوە و ئەوانی تریان بە هیوای تۆزینەوەی خەڵکی دیکە بە ناو گوێز و دارەکاندا ئەسووڕانەوە و بانگی خەڵکیان ئەکرد..

خەسرەو حاڵی بە تەواوی ڕوو بە خراوی ئەچوو. چاوی قووچاند بوون و بە زەحمەت هەناسەی ئەدا. ڕەشە خەمی وێرانبوونی پایدۆڵان، نەمانی خزم و کەسی، بە تەواوی لە بیر چووبوو و لە لای سەری برا شیرین و ئازیزەکەی دانشتبوو. بە دەنگی بەرز و بە زارییەوە ئەپاڕایەوە لە خوا و خاسانی خوا کە نەهێڵن ئەم تاقە هومێدەشی لێ بستێنێ، بەڵام دیار نەبوو کە داخوا دەنگی پڕ لە ئازاری بە هیچ لایەک دەگات یان نا؟

پیاوەکان ژن و مناڵە ساواکەیان هێنایە سەر کانییەکەی هانەوەزان. دەم و سەر و چاویان

Institut Kurde de Paris

شۆردن و ژنەکە تێر ئاوی خواردەوە و بە لەپی دەستیشی بڕێک ئاوی بە کچەکەی دا. خەڵکەکە هێشتا سەرنجی ژنەکەیان بە وردی نەدابوو. ئەگەریش سەرنجیان دابایا، لە بەر تۆزو و تێکچوونی روومەتی، نەیاندەناسییەوە. بەڵام کاتێک دەموو چاوی شۆرد و تۆزێک هاتەوە سەرحاڵ، یەکێک لە پیاوەکان وتی:

کورە خۆ ئەوە ڕێحانە. ڕێحان کەنیشکەکەی ئافتاو. ئەرێ، ئەمە ژنەکەی ڕەشەی میرزا ئەمینە.

ڕێحان کە لە تاوی ئەم جەهەندەمە دڵهەژێنە ئەترەشی پەڕیبوو و وەک شێت سەیری دەوروبەری خۆی ئەکرد، بە بیستنی ناوی ڕەشە، چاوی پڕبوون لە فرمیسک و بە کوڵی دڵ دای لە پرمەی گریان. یەکێک لە پیاوەکان بە پەلە ڕایکرد تا هەواڵی دۆزینەوەی ڕێحان بدات بە ڕەشە و خەسرو، بەڵام وەختێک گەییشتە نزیکیان، دیتی ڕەشە باوشی بە ملی خەسرەودا کردووە و بە دەنگی بەرز ئەگری:

نا خەسرەو، نا. وەختو مەردەی نیەن براکەم. ئێمە قەرارەن گەورەتەرین زەماوەنەو دەگای پەی تۆ گێرمێ خەسرو، مەمرە براکەم.... نا عەزیز گیان مەمرە، نا خەسرەو وەختو ئینەیە نیەن براکەم نا...

کابرای هەواڵهێنەر، کە شیوەن و گریانی ڕەشەی بینی، بە ئارامی لە لای تەرمی بێ گیانی خەسرەو دانشت و لە کاتێکدا هەوڵی ئارامکردنەوەی ڕەشەی ئەدا وتی:

لالۆ ڕەشە، هەوڵ بدە تۆزێک ئارام بی، کاکە گیان خوا گەورەس، حەتمەن چارەنووسی ئەم خەڵک و ئاواییە بەم جۆرە بووە. من هەر ئیسە لە لای خەڵکەکەوە گەڕاياگمەسەو و هەواڵێکی خوشم هاپێ. تۆزێک ئارام بە و ئیسە خەڵکەکە ئەگەین و هەواڵێکی خوشیان پێیە بۆت! ڕەشە لە حاڵێکدا دەستە بێ گیانەکانی خەسرەوەی خستبوونە ناو دەستی خۆیەوە و ماچی ئەکردن، ڕوانیە ناو چاوی کابرا و بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

هەواڵی خوش؟ چۆن؟ هەواڵی خوش لە پایدۆڵانەوە؟

Institut Kurde de Paris

کابرا کە چاوی پڕ ببون لە فرمیسک و دڵی وەک قازان ئەکوڵا، وتی:

ئەری کاکە ڕەشە گیان، تۆزێک سەبرت بێ. ئیسە خەڵکەکە تێن و کەسێکیان دۆزیوەتەوە ئەیتێرن بۆ ئەیرە، من دڵنیام و ئەزانم کە حەتمەن بینینی ئەم کەسە باری خەمەکانت کەم ئەکات...

حەمەلاو کە خەریک بوو بە مشت ئاوی ئەدا بە مناڵەکە،ڕووی کردە چەماعەت و وتی:

خەڵکینە سەیری ئەم موعجیزەیە کەن! ئەم کەنیشکە لە ناو ئەم جەهەندەما نەجاتی بووە، بەڵام کەیف و سەرحاڵ، ئێژی تازە لە ماڵ هاتگەسە دەر و ئەسڵەن ئەم کارەساتەی نەدیوە.

ڕێحان کە بە حاڵ هێزی قسەکردنی تێدا مابوو و دەنگی بە زەحمەت ئەبیسرا وتی، خاڵۆ حەمەلاو نەمهێشت ئازارێ پێ بگات، من گشت ئەو وەختە لە ناو قرۆڵی گوێزەکەدا بووین، خستمە ژێر سینەم، مەمکەکانم خستە دەمی و نەمهێشت تۆز و دووکەڵەکەی پێ بگات. خۆتان ئەزانن مناڵ ناسکە... چاوەکانی دیسان پڕ بوونەوە لە ئەسرین و بە دەم خلۆرکردنەوەی فرمیسکەوە وتی... خوا بمکاتە قوروانتان با لەیرە دووری خەینەوە، با بچین حەتمەن ئیسە دایکم خەریکە بە تەواوی شێت ئەوێت، با بچین بۆ سەردەران...

دوایین وشەی ڕێحان بە حاڵ گەییشتە لای حەمەلاو، بەڵام زوو لە جێگای خۆی هەڵسا و وتی دادەی جەماعەت.. هەڵسن با بچین، با بکەفیینە ڕێگا.

ڕۆسەم و یەکێکی تر لە کوڕە جەحێڵەکانی ئاوایی سەردەران، هێشتا لە بنی گوێزەکانی پشت ئاساو بە دوای خەڵک و خەوەرێکدا ئەگەڕان و نەیانزانیبوو ڕێحان و کەنیشکەکەی دۆزراونەتەوە. چوونکە دۆڵەکە قووڵ، دارستانەکەیچ چڕ و پڕ بوو و کەس نەیدەزانی لەکوێن. بەڵام کاتێک ڕۆستەم و هاوڕێیانی لە دوورەوە بینییان خەڵکەکە لە دەوری هانەوەزان کۆبوونەتەوە و خەریکی کارێکن، بەپەلە گەڕانەوە بۆ ئەوێ. کاتێک نزیکتر بوونەوە، ژنێک و مناڵێکیان بینی خەڵکەکە ئاویان پێ ئەدەن، نان ئەکەنە دەمیانەوە و دەموچاویان ئەشۆرن، وەک

Institut Kurde de Paris

شێت داواڵیانە سەر خەڵکەکەدا و ڕۆستەم بە دەنگی بەرز هاواری کرد: خوایە شوکور، خوایا شوکور...

ڕێحان بە دەنگی دلێر، بەڵام پڕ لە خەمی ڕۆستەم ڕاچڵەکی، هەوڵی دا لە جێگای خۆی هەڵسێ و دەست بکاتە ملی برا ئازیزەکەی، بەڵام هێز و توانای هەڵسانەوەی نەبوو. ڕۆستەم ئارام و لە سەرەخۆ هات لە لای خوشکە مات، خەمبار و تۆزاوییەکەی دانشت، دەستی کردە ملی، ماچی زوڵفە تۆزینەکانی کرد و وتی خوایە شوکور خویشکە، شوکور بۆ ئەوە تۆ ماگی، تۆ و ولەهەنار ماگن. ئەرێ، تەنیا ئێوە ماگن بۆ قەرە... بۆ قەرە... بۆ قەرە...ئەرێ خوێشکە ئێوە دوو نەفەر، لە ناو ئاوایەکدا ماگن بۆ قەرە...

ئەو کەسەی چوو بوو ڕەشە لە هەواڵی دۆزینەوەی ڕێحان و کچەکەی ئاگادار بکات، هێشتا نەگەڕابوویەوە و خەڵکەکەیچ نەیان ئەزانی داخوا باشترە ڕێحان ببەن بۆ لای ڕەشە، یان ڕەشە بێرن بۆ سەر کانییەکە بۆ لای ژن و مناڵەکەی؟

حەمەلاو بە دەنگێکی نزم، فرەتر بۆ ئەوە ڕێحان گوێ لێ نەبێت وتی ئەرێ براخاس بۆ نەهاتەوە؟ خۆ قەراربوو بچێت هەواڵ بدات بە ئۆسا ڕەشە و زوو بگەڕێتەوە.

ڕۆستەم کە گوێ لە ناوی ئۆسا ڕەشە بوو، بە پەلە هاتە لای حەمەلاو و پرسی: وتت چە کا حەمەلاو؟ کام ئۆسا ڕەشە؟ بێژە، کێ؟ کام ڕەشە؟ لە کوێ؟

حەمەلاو کە هێشتا نەیزانیبوو ڕۆستەم ئاگاداری گەڕنەوەی ڕەشە و خەسرەو نیە، پەلی ڕۆستەمی گرت، کێشایە ئەولاوە و وتی ڕۆستەم گیان نەمزانیبوو تۆ هێشتا ئاگادار نیت. بموەخشە. ئەرێ ئەوانیچ دوێشەو گەڕیاگنەسەو. ئەوان ئیسە هەردووکیان هانە پای دۆڵەکەی سەیراندەرا. وەختێک من بە جێم هێشتن خەسرەو تۆزێک حاڵی باش نەو. بۆیە من و خاڵۆ تایر نەمان هێشت بێتە خوار و ئیسەیچ وتمان با ڕەشە بێتە ئەیرە و لەیرە بە چاوی خۆی ژن و مناڵەکەی بووینێت خاسترە.

Institut Kurde de Paris

حەمەلاو بێ ئەوە گوێ بداتە کاردانەوەی ڕۆستەم درێژەی دا وموت:

چووزانم وتم بەشکەم ئەمە بوێتە مەڵهەمێکیچ بۆ ئەم زامە سەختە. نا،نا زام نا، دەردەکە کاری و گەرەترە. ماڵوێرانی، بەڵێ ماڵوێرانی و کارەسات...

ڕۆستەم کە بیستنی ئەم هەواڵە ئێتر بە تەواوی گێج و سڕی کردبوو، وتی:

خاڵۆ حەمەلاو تۆ پیاگێکی دەنیا دیدەیت، هەزار جار ئافەریم. بەڵی ڕاس ئەفەرموویت. حەتمەن وا باشترە تۆ ئێژیت، بەڵام من ئێژم ئێوە ڕێحان هەڵگرن و بیبەن بۆ سەر جۆگەکەی ئاسیاو. دایکم و گشت ژناکانی تری سەردەرانیچ لەوێن. بەڵام زەحمەت بکێشە لە بەرا کەسێک بنێرە دایکم لە نەجاتبوون ڕێحان و کەنیشکەکەی ئاگادار بکات. ئێژم با تۆزێک ئامادە بێت، نەکا چاوی بە ڕێحان بکەفێ و دڵی کوتوپڕ بپسێ...

حەمەلاو هاتە ناو قسەکانی ڕۆستەم و وتی پیاگم نارگە بۆ لای میم ئافتاو... وتگمە پێ بێژن ڕێحان و کەنیشکەی ساقن و ئۆسا ڕەشەیچ ها لە ڕێگا... وتگمە ئیمشەو، یا سۆحا ئەوانیچ ئەگەێتەو ئەیرە.

ڕۆسەم وتی ماڵت هەمیشە ئاوەدان، ئەگەر واسە، ئێتر من چەن کەسێک ئەوم و ئەچم بۆ لای کوڕەکان میمیم و لەوێوە تۆزێک دوای ئێوە، ئێمەیچ ئەگەیینەوە سەردەران.

حەمەلاو و چەند کەسێک بە نۆبە ڕێحانیان کردە کۆڵ و بە گۆشەی چەمدا بۆ سەردەران کەوتنە ڕێگا. ڕۆسەم و دەستەیەک لە کوڕە گەنجەکانیش بەم دەستی چەمدا کەوتنە ڕێ بۆ لای ئۆسا ڕەشە و ئەو جێگایە ئەوانی لێ دانشتبوون.

براخاس هێشتا بە ڕەشەی نەوتبوو کە کێ لە ئازیزانی، لە وێرانبوونی پایدۆڵاندا دۆزراوەتەوە. ڕەشە هێشتا دەستی لە ناو دەستە بێ گیانەکانی خەسرەودا بوون و بە سۆز ئەیلاواندەوە.

کاتێک ڕۆستەمی ژنبرا و میمکەزای گەییشتە شوێنەکە و بە سەر شیوەنی ڕەشە و تەرمی خەسرەودا کەوت، وەک کەڕ و لاڵ نەیئەزانی چی بکات. هیچی بۆ وتن و کارێکی بۆ ئەنجامدان

Institut Kurde de Paris

لە دەست نەدەهات. لە دوورەوە خۆی خستە باوشی ڕەشەی زاوای و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

برام ڕۆ....، برای شیرین، جوانخاس و دەنگخوشم ڕۆ. برای ئازیز، فامیدە و سەنگینم ڕۆ...

برام ڕۆ کاکە ڕەشە برای ئازیزمان ڕۆ...

خەڵکەکە بە کوڵ لەگەڵ ڕەشە و ڕۆستەمدا ئەگریان و نەیان ئەزانی چی بکەن تا تۆزێک سوکنایی بدەن بەم دوو کەسە، کە گشت چتێکیان لە ناو ئاگراوێکی ستەمکارانەدا سووتا بوو. کۆستەکە گران و هەرکە کاتیش تێدەپەڕی، دیسان قورستر و کاریی تر ئەبوو. براخاس وتی کاکە ڕەشە، ئیسە کاکە ڕۆسەمیچ هاتگە، ئێتر ئەشێ ساق بینەوە. من پیم باشە تۆ و کاکە ڕۆستەم، لەتەک چەن کەسێکا بڕۆن بۆ لای کاک حەمەلاو... ڕۆستەم وتی نا کاکە براخاس، من نا.. بەڵام تۆ هەڵسە کاکە ڕەشەم بۆە بۆ سەر ئاسیاو. دایکم و ئەوانیچ لەوێ چاوەڕوانن..حەتمەن ئیسە خاڵۆ حەمەلاو، ڕێحان و ولەهەناریچی گەیاندگەسە ئەوێ و باشترە وەختێک دایکم و ڕێحان یەکتر ئەوینن، کاکە ڕەشەم لەوێ بێت...

ڕەشە بە بیستنی ناوی ڕێحان و ولێ، لە جێگای خۆی هەڵسا و وەک شێت بە دەوری خۆیدا ئەسووڕایەوە. چاوێکی بڕییە ڕۆستەمی میمزای، سەیرێکی پڕ لە ئازاری تەرمەکەی خەسرەو کرد و دیسان بێ دەنگ لە جێگای خۆی دانشتەوە. هەردووک دەستی لێک گرێدان، خستنیە ناو دەستەکانی ڕۆستەم و وتی تۆ بێژە میمکەزا من چە بکەم؟

تۆ بێ و پێم بێژە من ئیسە تەرمی شێرەکەی برام بە جێ بێڵم، یا ڕێحان و ولێ بە تەنیا؟

تۆ بێژە برا عەزیزەکەم، تۆ بێژە کاکە ڕۆسەم تۆ بێژە...

ئاخر تۆتەنیا میمکەزای من نیت ڕۆسەم، تۆ برای ڕێحان و هەمیشە پشتیوانێکی گەورە و کەسێکی عەزیزی منیچ بووگی.

دەی فەرموو، تۆ بێژە لەم سات و سەعاتەدا ڕەشەی میرزا ئەمین کام کار و ڕێگا هەڵبژێرێ؟

Institut Kurde de Paris

ڕۆستەم وتی لە دەرد و ئازارت ئەگەم کاکە ڕەشە. من لە جێگای تۆ، وەک برایەک لە لای تەرمەکەی خەسرەو ئەمێنمەوە. بە هاوکاری ئەم خەڵکە ئەیبەینەوە ئاوایی و تۆیچ لەتەک کاک براخاسا بڕۆن بۆ لای ڕێحان و ولێ. دوای ئەوە ئەوانت بینی، خاڵۆ حەمەلاو کەسی ناردووە بۆ سەر زیارەتان، گشتمان لەوێ، لە سەر قەوران یەک ئەوینین...

دە ڕۆژ بە سەر وێرانبوونی پایدۆڵان، قڕکرانی خەڵکەکەی و مەرگی چەرگبڕی خەسرەودا تێدەپەڕی. ڕەشە هێشتا وەک مار پێچی لە خۆی ئەدا و شەو و ڕۆژ نەیئەتوانی بسرەوێت. بەیانیان زوو ئەڕوویشتە سەر گۆڕەکەی خەسرەو، بە کوڵی دڵ ئەیلاواندەوە و بە دەم گریان و چاوی پڕ لە ئەسرینەوە ئەهاتەوە بۆ ماڵی ڕۆسەم.

ڕۆسەم ژن و منداڵەکەی خۆی ناردبوونە لای دایکی و بۆ خۆیشی لە ڕەشە دوور نەئەکەوتەوە. ئەویش لەو ڕۆژەوە ئەم کارەساتە خولقابوو نەیتوانیبوو ساتێک ئارام بگرێ. لە لایەک وەک میمکەزا، ژنبرا و ڕەفێقی هەرە نزیکی ڕەشە و، لە لاکەی دیکەوە بۆ لە دەستدانی ئەو گشتە خزم و ئاشنایەی لەم کارەساتەدا لە دەستی چووبوون. خەسرەو جگە لەوە مەتیەزای ڕۆسەم بوو، هاوڕێ و هاوتەمەنیشی بوو، بۆیە کەمتر لە ڕەشە بە مەرگی خەسرەویش نەتاسابوو. بەڵام دیسانیش ئەبوا دیان بە خۆیا بگرێ و هەوڵ بدات ئەو پشتیوانە گەورەیە بێت کە ڕەشە لەم ڕۆژانەدا پیویستی پێ بوو.

ڕێحان بە گەییشتنەوە بە سەردەران و لای باوک دایکی، تۆزێک ئارامتر ئەهاتە بەرچاو. شیر و خواردنی ئەدا بە ولێ و هەوڵی ئەدا ئەوەی دایکێک پیویستە بیکات بۆ تاقە یادگارە بە

Institut Kurde de Paris

جێماوەکەی پایدۆلان، ئەویش بیکات. هەردەم لە بەر خۆیەوە ئەیوت هەر ئەم لە ناو گشت خەڵکی پایدۆلاندا ماگە، هەر ئەم ماگە بۆ " قەرە" .... ئەرێ، ئەو ڕۆژە کاکە ڕۆسەمیچم ئەیوت .هەر تۆ و ولێ ماگن بۆ قەرە

بەڵام من نەماگم، من تەنیا بە جەستە ماگم، ئەینا لە یەکەم گرمە و گڵپەی ئاگردا، منیچ لەتەک خەڵکی پایدۆلاندا مردم، لەتەک ژنەفتن قیژە و زریکانەکەی میم بەفراومدا منیچ مردم. ئەوەی ئیسە لەیرەسە و شیر ئەدات بە ولێ، ڕێحانەکەی جاران نیە. نا من تەنیا جەستەیەکم و هیچی تر. ئەوەی لەم ناو ئاگرەدا دەرچووگە و ماگە بۆ قەرە، ڕێحان نیە بەڵکوو " ولەهەنارە ".

ولەهەنار لەم ناو جەهەندەما دەرچووگە و ماگە تاکوو نەهێڵێ بنەچەقەی ماڵی میرزا ئەمین ئاسنگەر، کە حەفتا پشتیان لە پایدۆلان بووگن بفۆتێ و زوانم لال، دووربا ئۆچاخیان کوێر .بێتەوە

میم ئافتاو لەم ناوەدا گیری کردبوو. لەلایەک شینی لە دەستچوونی خوشک و خوشکەزاکانی ئەگێڕا و لە دڵەوە وەک کووڕەی ئاور ئەسووتا، لە لایەکی ترەوە ئەبوا کۆڵەکەی ماڵەکە بێت و خۆی گز و لاواز نیشان نەدات. دڵخوشی ڕێحانی ئەدایەوە و ئەیوت تۆ شوکور پیاگەکەت هاتەگەسەو ڕۆڵە. کەنیشکەکەت دەرچووگە. ڕۆسەم و باوکت هانە پشتتەو و منیچ گیانم ئەکەمە قوربانت. بەسە، واز لەم قسەگەلە بێرە و کەم بێژە من تەنیا جەسەیەکی بێگیانم. یاخوا تۆ لە بەڵا و وەی بە دوور بێت کەنیشکە شیرینەکەم. تۆ بۆچە فکرێک لە من ناکەیتەوە کە خەریکە لە دەروونەوە بە تەواوی ئەسووتێم؟ بۆ نازانی دادام تەنیا خویشکێکی باش و ڕەحمین نەو بۆ من. ئەو دایک و پشت و پەنایچم بوو. کەس نەزانێ، تۆ خوت باش ئەمە ئەزانی کە من دادە بەفرێم ....لە چاوەکانیچم خوشتر گەرەک بوو

ڕەشە جاروبار ئەچوو بۆ ناو باخەکانی سەرئاساو و لەوێوە تەواشای ئەو جێگایەی ڕۆژێک ناوی پایدۆلان بوو ئەکرد. ڕۆسەمیش لە تەکیا ئەچوو، بەڵام تەنیا بۆ ئەوە ئاگای لە ڕەشە بێت و

Institut Kurde de Paris

هەر بۆ ئەوە ئەچوو ڕەشە تووشی بەڵایەک نەبێت. ڕۆژێک ڕەشە لە بنی هەنارەکانی سەرئاساودا دانشتبوو و شوێنی ماڵەکانی پایدۆڵانی لە دوورەوە دەستنیشان ئەکرد، لە پڕ رووی کردە ڕۆسەم و بە ئارامی پرسی:

ڕۆسەم من هەرچێک ئەکەم سەرم لە چتێک دەرناچێت.

ڕۆسەم وتی لە کام چت کاکە ڕەشە؟

لە مەلا سامان، ئەرێ دوو ڕۆژە بیر ئەکەمەوە و حاڵی ناوم کە چە چتێک ئەم پیاگە بەدجنسەی ڕازی کرد بێتە سەر ئەو باوەڕیکە، ئەو نامە عەلاجەوییە بنووسێ بۆ من و خەسرەو. ئەرێ ئەو نامە کە دوێشەو نیشانم دای و خوت خوەنتتەو.

ڕۆسەم وتی کاکە ڕەشە! من تا ئیستا نەمگەرەک بووە ئەو داستانە بگێڕمەوە... لام وابوو هێشتا وەختی نەهاتگە باسی کەم، چوونکە خۆت ئەزانی هێشتا ئێمە لە ناو تازیە و خەماین.. ئەموت جارێ، جارێ با تۆزێک تۆ ئارام بیتەوە و ئەو وەختە ڕۆژێک تیم و بە وردی بۆت باس بکەم. بەڵام ئیسە کە باسەکەی هاتە بەر، گوێ بگرە با منیچ بە وردی بۆتی بگێڕمەوە:

ڕۆژێک من فرە بێتاقەتی تۆ و خەسرەوەی جوانەمەرگ بووم. پەپوولە و مناڵەکەمانمم لە سەردەرانەوە هەڵگرتن و چووین بۆ پایدۆڵان بۆ ماڵی میم بەفریم. هەر کە چاوم بە چۆڵی ماڵەکە کەفت و کەفتمە بیری جاران، ئێتر دڵم پڕ بوو و وتم میمی چە بکەم؟ باوڕ بکە خەریکە باڵ بگرمەوە بۆ خەسرە و کاکە ڕەشەم. ئێژم با پەپوولە و نەزەر لە لای تۆ بە جێ بێڵم و خۆم بچمە شوێنیانا بۆ ئەودێو. وەقرەم نەماگە، نازانم ئێژم ئەی، بەشکەم سۆراخێکیان بکەم...

هەرکە من ئەمەم وت، میم بەفریم ئاگری گرت و وتی نا ڕۆسەم، نا کوڕە شێرینەکم. نا، ئەم کارە نەکەیت....

وتی بێسە، خۆم فکرێک ئەکەمەوە و هەر ئیمشەو ئاگادارت ئەکەم چە بکەیت باشترە.

مم زەفریم تۆزێک هاتە بەرەوە، مەحکەم یەخەی کراسەکەی گرتم و وتی:

Institut Kurde de Paris

من ئیسە ژنێک و ( دوور لە گیانەکەی حەمە ڕەشیذ) مناڵێکی بێ باوک هانە ملمەوە و خەریکە .تۆیچ ئەچی بیانکەیتە دوان. نا کوڕەکەم، تۆزێکتر دانیشە، خۆم پێت ئێژم چە بکەیت باشترە

شەو میمیم چووە دەرەو، درنگانێکی شەو گەڕایەوە ماڵ و وتی ڕۆسەم هەڵسە بێ بۆ .ئۆتاقەکەی خەسرەو

!وەختێک من چوومە ئەوێ، دیم ژنێکیتر دانشتگە و کە بە باشی سەیرم کرد دیم کەژاڵە

:ڕەشە هاتە ناو قسەکانی ڕۆسەم و بە سەرسوڕمانەوە وتی

!کەژاڵ

یانی کەژاڵی کەنیشک مەلا سامان هاتبووە ماڵ ئێمە؟ ڕاسی تۆ شێت بیەنی ڕۆسەم؟

.ئەرێ کاکە ڕەشە ئەرێ، شۆخیت تەکا ناکەم. بەڵام بێسە تا قسەکەم تەواو بێت

.ئەمە ڕازێکە، جگە لە میمیم، ڕێحان، کەژاڵ، من و خوا ، کەسیتر نایزانێ

...تۆ بێسە با من بۆت بگێڕمەوە

بەڵێ، میم بەفرێ وتی ڕۆسەم گیان خاس گوێچکە شل کە بزانە کەژاڵ چە ئێژێ. دواتر وتی من ئەچمەوە لای پەپوولە و مناڵەکان، ئێوە قسەی خۆتان بکەن و ژیرانە بڕیار بەن کە کەس شکتان .پێ نەخات

من خەریک بوو شێت بم، حاڵیم نەو میمیم و کەژاڵ گەرەکیانە چەم پێ بێژن. ئەوەڵەکەی فکرم بۆ ئەوە ئەچوو کە کەژاڵ بڕیاری داگە بڕوات بۆ لای خەسرەو و گەرەکیانە من تەکیا بچم. بەڵام کەژاڵ ڕووی لە من کرد و وتی کاکە ڕۆسەم، تۆ لە جێگەی هەرتگ براکەمی. من بەرنامەیەکم دانیاگە بۆ مەلا سامان باوکم. بەڵام باش گوێچکە بگرە تا من قسەکانم تەواو ئەکەم و ئێتر ئەشی بڕۆمەوە تا نەیانزانیگە هاتگمە دەر، بچمەوە سەر جێگاکەی خۆم. تۆ لە سەر خۆت .فکری لێ بکەرەوە و سۆحا مەتی بەفراو ئاگادار بکە ئامادەیت یان نا

:کەژاڵ بە پەلەپەل پلانەکەی خۆی بەم شێوەیە بۆ من باس کرد

Institut Kurde de Paris

من ڕۆژێک لیباس پیاگانەم کردەبەر، سەروچاوی خۆمم بە دەسماڵێک داپۆشی، ئەم خنجەرەم هەڵگرت و وتم ئەچم لە سەرباخ هەڕەشە لە باوکم ئەکەم و ئێژم من ڕەفێقی خەسرەوەم. ئەگەر تا حەفتەیەکیتر نەنێرێ خەسرەو و ئۆسا ڕەشە لە شارەزوور بگەڕێنەوە و قەوڵ بدەیت حازری کەنیشکەکەت بدەیت بە خەسرەو، بەم خنجەرە دڵت هەڵئەدڕم و...

دواتر بیرم کردەوە باوکم ئەگەر قیافەیچم نەناسێتەوە، حەتمەن بە دەنگەکەما ئەمناسێتەوە و ئەو وەختە بەرنامەکەم ئەوێتەوە بلّقی سەرئاو. بەڵام ئیسە ئێژم تۆ بیت بە یەکەوە ئەم کارە بکەین....سۆحا باوکم ئەچێت بۆ باخی سەیراندەر. من و تۆیچ هەردووکمان ئەچین، بەڵام تۆ هەڕەشەی لێ ئەکەیت و منیچ لە پشتتەوە ئەوێسم.... میم بەفراو دای لە دەرگا و وتی هەڵسە کەژێ گیان. هەڵسە درەنگە، دەی زوو کە تا زاڵمەکە نەیزانیگە، با بتوممەوە ماڵ....

من تا بەیانی بیرم لێ کردەوە، هاوردم و بردم و سەرەنجام بەیانی خنجەرەکەم هەڵگرت و لە سەر قەولێک کە میم بەفرێ لە کەژاڵی سەندبوو، لە ناو گوێزەکانی هانە شێتە یەکمان گرت. کەژاڵ چۆخەوڕانکەکەی خەسرەوی کردبووە بەری، سەروێنێکی دابووە دەوری سەری و خنجەرێکی لە بەر شاڵی خسبوو، ڕاست ئەتوت کۆنە چەتە و تفەنچییەکی پڕئەزموونی ی جوانڕۆیە.

وەختێک ڕۆسەم تێکڕای چیرۆکەکەی بۆ ڕەشە گێڕایەوە، ڕەشە گێژ و وڕ، دەمی دادڕیبوو و بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەمی ڕۆسەمی ئەکرد و لە بەر خۆیەوە ئەیوت ئەی ئیشق چنە ئاویریە بەتینەنی، ئەی ئەذالێ تۆ چنە دەروونیە گەورەت بێ و ئێمە پەنەما نەزانای... ئەی مەلا سامان تۆ چنە دڵپیس و ناحەساب بێشی کە ئی کارەیچت چیرو خنجەرەکێ کەژاڵێ و جە تەرسەو مەرگینە ، نەک جە ڕەحم و بەزەیینە کەردەن... ئەی ڕۆزگار تۆ چنە چەفت و چەوێڵەنی. ئەی ڕۆزگار...

باسی وێرانبوون و له ناو ئاگراودا خنکانی پایدۆڵان دەم بە دەم و دێ بە دێ گەییشتبووە دوورەوڵاتان. خەڵکی شێردۆڵان بە تێکڕا، سەرەڕای تێپەڕینی چەندین مانگیش هێشتا لە ناو شۆکێکی درێژماوەدا دەژیان و ترسێکی سەیر گەورە و بووچکیانی داگرتبوو. هەر لە یەکەم حەفتەودا "خان" دوو پیاوی دنیادیدەی خسبوونە تەک مەڵا سادێق تا بڕۆنەوە بۆ شێردۆڵان و هەواڵێکی وردی بۆ بێننەوە. مەڵا سادێق خۆی لە سەردەران مابوویەوە بەڵام لە نامەیەکی دوور و درێژدا، ڕووداوەکەی بۆ خان نووسیبوو و داوای لێ کردبوو کە ئەگەر " پیری پیرانیش" لەم وەزعە ئاگادار بێت خراپ نیە.

کاتێک ڕاپۆرتی ڕووداوەکە و حاڵی پەرێشانی خەڵکی شێردۆڵان گەیشتەوە خان، بە پەلە سەرمیرزای دیوەخانی چرێ و، ئەمری پێکرد نامەیک بە مەتن و مەزموونێکی شیاو بنووسێ بۆ پیری پیران و لە زمانی خانەوە داوای لێ بکات چەند کەسێکی تایبەت، بۆ ماوەیەک بنێرێ بۆ .شێردۆڵان تاکوو دڵنەوایی ئەو خەڵکە بدەنەوە و ژیانی ئاساییان بۆ بگێڕنەوە

سەرمیرزا بە پەلە هاتە خزمەت، کڕنۆشی برد بۆ خان، بێ ڕاوەستان چوو بۆ دەفتەرخانە و دەستی کرد بە داڕشتنی نووسینەکەی:

جەنابی پیری پیران!

سلام و ئێحترامی تایبەت

هەواڵ و جە ئایرەنە سۆتەی و کارەسات و پایدۆڵانی جە جەنابیت ئاشکران، چوونکە وەڵتەر بە نامە نوویسیەنم خزمەتت.

هاڵ و هەواڵی تازە کە ڕوانە یاڤۆ دیوەخان، یاگێ ئێشای دڵی و گرانی جەستەینە. پێسەو من ئاگذارەنا، خەڵک هێشتای پەرێشان و ژیوای ئاسایی پەی فرەتەرینیشا دوورە دەسەن.

پەوکی من داوام جە جەنابیتەن کە، هەرچیە زووتەر چنە کەسێ شارەزای و ژیرلێ لاو وێت،

Institut Kurde de Paris

کیانە پەی شێردۆلانی تا وەزعەو خەڵکی گێلناوە حاڵەتو جارا.

سلام و ئێحترامی دۆبارە - ... خان

سەرمیرزا دوای تەواوبوون لە نووسین، چەندجار خوێندنەوە و پاکنووسکردن، سەرەنجام نامەکەی برد و بە ئارام بۆ خانی خوێندەوە. خانیش دوای بیرلێکردنەوە و پەسەنکردنی دەقی نووسراو، مۆری خانانەی لە ژێر نامەکە دا و بە ئەسپسوارێکی پڕتاودا ناردی بۆ خزمەتی پیر.

حەفتەیەک دواتر چوار کەسی تایبەت بە سواری ئەسپ و ماین گەییشتنە شێردۆلان و دوای قسە و تەگبیر لەتەک خەڵک و مەلا سادێقدا، هەر کامەیان شوێنێکی بۆ مانەوەی خۆی هەڵبژارد تا لەوێوە هەرد و بەردی شێردۆلان بخەنە ژێر چاوەدێری و لە ئەگەری قەومانی بەلایەکی تازەدا، خەڵکەکەی ئاگادار کەنەوە و لە بەلا بەدووریان بگرن.

سەرگەورەی ئەم چوار کەسە نێردراوەی پیر، پیاگخاسێک بوو بە ناوی بابا وەلی کە لە یەکەم تێڕوانیندا دیاربوو کە کەسێکی خاوەن ئەزموون، ژیر و لە دەروون و ئازاری دڵی خەڵک شارەزایە.

بابا وەلی دوای سەیر و تەواشای کەش و کێو و دەر و دۆڵی چواردەوری ئاوایی پایدۆلان، "هانەهەساری" کردە نشینگە و لەوێوە چەمەی کاوان، گەنمدۆڵ و بەرزەقەلای خستە ژێر چاوەدێری.

کەسی دووهەمی ئەم دێلەگاسیۆنە، پیر زەیتوون، هاوسەری بابا وەلی بوو کە لە بنی بەردی سەرئاساو، ڕووبەڕووی پایدۆلان ماڵیکی ساز کرد و شەو و ڕۆژ چاوەدێری هانەشێتە، هانەوەزان و وێرانگای پایدۆلانی گرتە ئەستۆ.

کەسی سێهەم بابای ڕەمززانی ناو بوو کە بەرزایی پشت ئاوایی سەردەرانی کردە ماڵ و، لەوێوە چاوەدێری دەر و دۆڵی ئەو دەڤەرەی، لە هەردی هەورانەوە تا لووتکەی عەودالانی ئەکرد.

Institut Kurde de Paris

بابای ڕەمززان گشت ڕەمز و ڕازێکی ئاسمانی دەخوێندەوە و هەور و ئەستێرەکانی ئەژماردن. بەر لەوە باران ببارێ، هەورەکانی ئەناسین و لە ئەگەری چەخماخە و برووسکەدا، .ئاگرێکی گەورەی لە پۆپەی کوچکی پیرەژنەوە ئەکردەوە و خەڵکی لە مەترسی ئاگادار ئەکردن

کەسی چوارەم خان پەری خان، هاوژینی بابای ڕەمززان بوو کە ترۆپکەی ڕووبەڕووی گوندی پایشاخانی پێ سپێردرا و لەوێوە چەموو و دۆڵی بەیامان و دۆڵی میران بخاتە بەر سەرنج و چاوەدێری.

بە هاتنی ئەم خاسانە لە لای پیری پیرانەوە، خەڵکی ئارامتر بوونەوە، ژیانی ئاساییان وردە وردە دەستی پێ کردەوە و سەرەنجام ڕەشە و ڕێحانیش بڕیاریان دا بڕۆن لە سەر هانەوەزان، لەو شوێنەی کە مەلا سامان قەولی دابوو کەژاڵ و خەسرەو لێک مارە بکات و گشت خەڵکی سەردەران و پایدۆلان دەعوەتی شادییەکەیان بکات، بناغەی ژیان و ئاوەدانییەکی تازە دامەرزنن.

ڕۆستەم و پەپوولەیش لە سەردەران باریان کرد، کەوتنە تەک ڕەشە و ڕێحان و لە تەنیشت ئەوانەوە دەستیان بە دانانی بنەڕەتی ماڵێک بۆ خۆیان کرد.

ڕۆستەم پیشتر چەندین جار وتبووی، دوای ئەم کارەساتە ئێتر تەنیا چتێک من لە ڕەشەی میمکەزام جیا بکاتەوە مەرگە، دەنا ئەگەر ئەو بڕوات بۆ جەهەندەمیچ، منیچ بە ماڵ و منداڵەوە لەگەڵی ئەڕۆم. خەڵکی سەردەرانیش بە گەل و هەرەوەز هاتن و لە سازکردنی ماڵ و ئاوەدانی گوندی تازەدا بوونە هاوکار.

سەرەتا ناوی ئەم گوندە تازەیە دیار نەبوو. بەڵام کاتێک ماڵەکانی ڕەشە و ڕۆسەم سازبوون و ئاوەدانییان تێکەوت، لە ناو خۆیاندا پێیان ئەوت هانەوەزان، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوە ماڵەکان لە پەنا و بنی کانییەکدا هەڵکەوتبوون ناوی هانەوەزان بوو.

Institut Kurde de Paris

دووركەوتنەوەی پەپوولە لە خزم و كەسی سەرەتا بڕێک زەحمەت بوو، بەڵام ئەویش هێندەی عەلاقەی ڕۆستەم بە ڕەشە، ئۆگری ڕێحان بوو چوونكە، جگە لەوەی هاوڕێ منالّی یەكتر بوون، ئامۆزای یەكترینیش بوون و وەک ئێژن بە ئێسک و پڕووسكەوە تێكەڵی یەكترین بوون. بۆ نەزەریش فرە بە زەحمەت نەبوو، چوونكە تازە كەوتبووە سەر پێ و بوونی ولەهەناریش جۆرێک هاودەمی سەرگەرمی بوو بۆ ئەو.

هەڵبەت هەرچێک كات تێدەپەڕی، ئەوانیش زیاتر ئۆگری یەكتر ئەبوون و پێكەوە گەمە و كایەیان ئەكرد. كاتی خۆی مەتی بەفراو وەسیەتی كردبوو خێڵی ئاسنگەران، ئەگەر تەواو زەروور نەبێت، شیر بە منالّی یەكتر نەدەن بۆ ئەوە دواتر نەبێتە گرفت و كۆسپ لە بەر شووكردن و ژنهاوردنیاندا ، بۆیە پەپوولە و ڕێحانیش بێ ئەوە شتێک لەم بارەوە باس بكەن، بە تەواوی ئەم خاڵەیان لە بەر چاو ئەگرت و قەت مەمكی كەسیان نەدەكەوتە دەمی منالّی ئەوی دیەكە.

ڕۆژێک مەلا سادێق كە بۆ جاری دووهەم گەڕابوویەوە سەردەران، گشت خەڵكەكەی كۆكردنەوە و بە دەنگی بەرز نامەكەی مەلا سامان، كە بۆ ڕەشە و خەسرەوی نووسی بوو خوێندەوە. جگە لە ڕەشە و ڕۆستەم گشت ئەوانی دیكە بەشداری ئەم كۆبوونەوەیە بوون. كاتێک مەلا سادێق گەییشتە سەر باسی هانەوەزان، زەماوەنی كەژاڵ و خەسرەو و سەرچۆپی گرتنی مەلا سامان لەگەڵ بەفراودا ، خەڵكەكە بە تێكڕا دەستیان كردە گریان و مەلا سادق بۆ خۆیشی دڵی بە تەواوی پڕ ببوو. هەوڵی ئەدا خەڵكەكە هەست بە دڵتەنگییەكەی نەكەن بەڵام وەختێک گەرەكی بوو دەنگ هەڵبڕێ، بە ئاشكرا دەنگی ئەلەرزی و خەریک بوو بگری. هەرچۆنێک بێت، بێ گوێدان بە گریانی خەڵک و دڵپڕی خۆی، هەر بەو دەنگە خەمبارەوە وتی خەڵكینە:

بێن با گشتمان هیمەت بكەین و ئەم قەوڵەی مەلا سامان بێنینە دی. ڕاسە ئیسە ئەوان نەماگن، نە مەلا سامان، نە بەفراوی خویشكم، نە خەسرەوی خویشكەزام و نە كەژاڵ، لەیلە بەوەفاكەی خەسرەو. بەڵام ئێمە ماگین. ئێمە گشت خەڵكی سەردەران ماگین و چەندین مانگیشە شین و

Institut Kurde de Paris

شیوەنی نەمانی ئەوان ئەگێڕین.
من پێم وایە شیوەن بەسە، خەم و خەفەت هیچ دەردێک دەرمان ناکات. بەڵام کرداری خاس بۆچە نا. بێن با ئێمە جارێکیتر ڕێحان و ڕەشەی خویشکەزام بکەینەوە " وەوی و زاوا ". ئەرێ بێن با هەر بەو جۆرەی قەوڵ و قەراری مەلا سامان و بەفراوی خویشکم بوو، زەماوەنێکی گەورەیان بۆ ساز کەین.
خەڵکەکە بە بیستنی ئەم قسانەی مەلا سادێق شادی کەوتەوە دڵیان و لە خوشیان کردیان بە چەپلا ڕێزان.
مەلا سادێق کاتێک زانی پێشنیارەکەی جێ پەسەندی هەموانە، دیسان وتی بەڵێ خزمینە چتێکیتر:
ڕاسی ئێمە کەی ئەم کارە بکەین؟
ئەیزەن بێ ئەوە لە سەر قسەی خەڵکەکە ڕاوەستێ وتی:
هەر ئەم جومعە، ئەرێ خەڵکینە هەر ئەم جومعە ئەیکەینە زەماوەن لە هانەوەزان.
کاتێک ڕەشە گەڕایەوە و باسی قسە و پیشنیارەکەی مامۆستای بیست، سەرەتا بڕێک ناڕازی بوو، بەڵام کاتێک بینی گەورە و بچووکی دێ بەم کارە ڕازین، ئەویش ملی هاوردە ڕاسا و خۆی بۆ ڕۆژی جومعە و زەماوەنی پاش کارەسات ئامادەکرد.
پاشنیوەڕۆی جومعە، تێکڕای ژن، پیاگ، مناڵ و گەورەی ئاوایی سەردەران خۆیان ڕازاندەوە و نزیک بە بیست کوڕەخاسەی گوندی پایکەژانیچ هاتبوون. جەماوەر بە چەپڵەرێزان ڕێحانیان سواری هێسرێکی شەنگ کرد و ڕۆسەم و ڕەشەیچ لەم شان و لەو شانی خەڵکەکەوە بە سواری دوو ئەسپ بە ئارامی ئەڕویشتن.
بووک گەییشتە جێ و لە سارایییەکەی پشت هانەوەزان ڕیزی زەماوەن گیرا. مەلا سادێق خۆی، سەرچۆپی گرت و ئافتاوی خوشکی لە جێ مەتی بەفراو چووە لای دەستی کاکەیەوە و

دەورێکی نەرم و ئارام پێکەوە هەڵپەڕین و بە دەم هەڵگرتنی پێیەکانیانەوە، تل، تل ئەسرینی گەشیان بە سەر گۆڵمەکانیاندا خلۆر ئەکردنەوە....

ماوەیەکی نە فرە درێژ دوای ئەم ڕووداوە، ناوی چەمی نێوان سەردەران و پایدۆڵانیان گۆڕا بۆ " دەرەو وەیوڵێ" و لەو کاتەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو ناوەی لە سەرە، هەڵبەت بێ ئەوە فرە کەسی ئەم سەردەم و کاتە، چیرۆک و ڕووداوەکە و هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بزانن...

پیرزەیتوون ئەو ڕۆژە خۆی نەهاتە ناو زەماوەنەکە، بەڵام لە دوورەوە چاوەدێری جموجووڵی خەڵکەکەی ئەکرد و دەنگی لە چریکەی گۆرانی و هەرای گەنجەکانی ئاواییەوە بوو. پیر زەیتوون لە دڵی خۆیدا هەستی بە شادی و خوشحاڵییەکی گەورە ئەکرد چوونکە هەڵپەڕکی و شادی نیشانەیەکی زەقی وەرسووڕانی وەزعەکە، بە باری خاسدا بوو، بۆیە ئێوارە بۆ گەیاندنی هەواڵی گەڕانەوەی خەڵک بۆ ژیانی ئاسایی، چوو بۆ هانەهەسار بۆ لای بابا وەلی و بە درێژی چیرۆکی زەماوەنی دوای کارەساتی بۆ گێڕایەوە...

پیر زەیتوون ڕۆژی دوایی گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و بە دەم ڕێگاوە هات سەرێکی لە ماڵە تازە سازکراوەکەی ڕەشە و ڕێحان، ڕۆسەم و پەپوولەش کرد. پیرزەیتوون کاتێک گەییشتە بەر دەرگا، بە ئەسپایی لە سەر ئەو حەوزە جوانەی کە ئۆسا ڕەشە لە ئاوی فراوانی هانەوەزان سازی کردبوو و پلووسکەکەی بە خوڕ ئەپەڕیە ناو باوەرەکەی بەرماڵەکان، دانشت و بە ئارامی دەستی بە قسە کرد:

شمە چوارکەسی گەورەتەرین هەنگامەتا هۆرگرتێنە.

ئاوەدانی و ڕەنج گەورەتەرین هەرمانەنە ئینسان بتاۆ کەرۆش پێشە پەی وێش.

من دڵنیاینە کە دێر یا زوو، خەڵکی تەری، جە دوور و نزیکەوە میانێ و چی دەگاینە بانێ هەمیارتا. دیارەن ئەگەر حەزتا وەنە بۆ، جە ئیسەوە منیچ بە نۆیار و، یۆ جە خەڵکوو ئی دەگای بژماردێ.

قەوڵ بۆ قەوڵ و خاسا کە، من پەی هەمیشەی یارو شمە مەنووە و تا ئاخرین سات و کات و عەمریم ئی دەگای چۆڵ نەکەروو. ئەڵبەتە ئینە قسێ من نیەنە، قسێ بابا وەلینە و هیزی شەوێ سپەردەنش من بەو جە نزیکوە پەنەتا واچوو.

ڕۆژی دوایی ڕەشە و ڕۆسەم پێکەوە لە سەر هانەوەزان دانشتبوون و باسی قسەکانی پیرزەیتوونیان ئەکرد. ڕۆسەم کە بە تەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم خاسخاتوونەی نێردراوی میر، وتی:

قسەکێش فرە تایبەتیێ بێنێ لاو منەوە کاکە ڕەشە. پەی نموونەی واچی چیولای منیچ بە نۆیار بژماردێ. نۆیار!

ڕاسی کاکە ڕەشە بۆ ناوی ئەم ئاواییە تازەمان نەنین "نۆیار"؟

ڕەشە بە پێکەنینەوە وتی:

ڕاسی لاو منوە نۆیار هەم وەشەن و هەم پەرمانان. ئەرێ ڕۆسەم گیان پاسە کەرمێ، جە ئارۆوەلای ئیگە نامێش نۆیارەن و بە پایدۆڵانیچ ماچمێ دەگا کۆنێ. ئەرێ تازە نمەکریۆ واچمێ دەگا، چوونکە دەگایە نەمەنێنە و چیولای مەشۆم واچمێ دەگا کۆنێ. دەگا کۆنێ...

...دەگا کۆنێ

Institut Kurde de Paris

لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی دانشتوانی نۆیار گەییشتە بیست ماڵ و گشت مانگێکیچ یارێکی تازە ئەهات و جۆگەیەکی لە هانە فراوانەکانی هەڵئەبەست، باخێکی ئاوەدان ئەکردەوە و لە گۆشەیەکی ئاواییشەوە ماڵێکی نوێ بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بەرپا ئەکرد.

ولەهەنار و نەزەر گەورە ببوون، هێندە گەورە کە نابەڵەد پێ وابوو کەمێکیش بە سەر شووکردن

و ژنهاوردنیاندا تێپەڕیوە. ڕۆستەم و ڕەشە لە دڵەوە حەزیان ئەکرد جارێکی دیکە خزمایەتییەکەیان تازە بکەنەوە و ولێ، کە لە گڕکان و سووتمانی پایدۆڵاندا " بۆ قەرە " دەرچووبوو، لەگەڵ نەزەر بکەنە هاوسەر و ژن و مێرد. بەڵام هەرکامیان بە باهانەیەک خۆیان لە باسکردنی ئەبوارد و کەسیان نەیگەرەک بوو دەست بخاتە بەر بۆ خوازبێنی کردن.

گشت قەوم و خزمان ئەمەیان ئەزانی و چاوەڕوانی دەرفەتێکیان ئەکرد تا کەسێک هەنگاوی یەکەم هەڵگرێ و ئەوانیش خۆیان بۆ زەماوەن ئامادە بکەن. سەرەنجام ڕۆژێک میم خاڵخاس باسەکەی هەڵدڕی و وتی ڕەشە گیان! خۆت ئەزانی من عەمرێکی وام نەماگە. حەز ئەکەم بەر لەوە بمرم، زەماوەنێک بۆ منداڵەکان بکەین، یان ڕاستر بێژم، هاتگم داخوازی ولێ بکەم بۆ نەزەر. ئەوانیش میکەزا و خاڵۆزان، وەک چۆن وەخت خۆی، ڕێحان میکەزامان خواست بۆ ڕەشەی میمکەزا و شادیمان خستە ناو تایفەکەمان. ئەمجارەیش ئەشی هەرتکتان قەولم پێ بەن و منیچ زوو بنێرمە شۆن مامۆسا مەلا سادێق لە شار بێتەو و مارەیان بۆڕێ.

ڕەشە کە لە دڵەوە ئەم خوازبێنییەی میم خاڵخاسی فرە پێی خوش بوو، وتی جا من چکارەم میمی گیان، خۆت ئەزانی لە ماڵ ئێمەدا ڕێحان هەمەکارەس و ڕێحانیچ کەنیشک خۆتانە. ئەو هیچ وەخت لە قسەی تۆ و میم ئەفتاوم دەرناچێت، بەڵام تۆ ئەشێ پرسێکیچ بە ڕۆستەم و پەپوولە بکەیت، ئەوانیچ باوک و دایک زاوا و کەس و کار نزیک ولەهەناریچن.

دواتر بۆ ئەوە کۆسپێکی نەخستبێتە بەر دەم میم خاڵخاس وتی:

لە هەر حاڵا من ملم لە حاست تۆدا لە موو باریکترە و هەر لە ئیسەوە ئێژم موارەک بێت.

میم خاڵخاس وتی، ڕەشە گیان تۆ کارت بە سەر ئەوانەوە نەوێت، کێ ئێژێ من لە زوان ئەوانەوە ئەم "هیچوییە" ناکەم؟

ڕاست گەرەکە، ئێمە گشتمان لە سەر قسەی تۆ ماتڵین ئەینا کار گلایکمان بریگەسەو. ئافتاو، ئۆسا فەرهاد، میرزا زۆراو و گشت قەومانی تریچ.

Institut Kurde de Paris

حەفتەیەک دواتر مەلا سادێق لە شارەوە گەڕاوە بۆ سەردەران و ئێوارەی جومعە، لەتەک کۆمەڵێک پیاگماقووڵی ئاواییدا هاتنە ماڵی ڕەشە، لە ناو شادی و زەوقێکی کەموینەدا ولەهەناریان لە نەزەر مارە کرد و بەم شێوەیە " قەرە " و " نەزەرە " بوونە درێژەدەری ژیان و ئاوەدانی نەسڵی نوێ ئاوایی تازە. بەڵێ، لە بەر ئەمەسە ئیسەیچ هەرکەس باسی تاریخی ئەم ئاواییە ئەکات، ئێژێت لە سەردەمی قەرە و نەزەرەوە دامەرزیاگە بێ ئەوە باسی داستانی دەگاکۆنێ بکەن.

دیارە بە پێ تێپەڕینی کات و چەندین ساڵ دواتر، لە چەند شوێنەوە هۆز و تایفەی دیکە هاتن و ئاواییان ئاوەدانتر کردەوە. وەک من بزانم، یەکەم تایفە کە لە دوورەوە گەییشتنە ئەیرە، لە چەمی هەورامان، لە ئاوایی " ئاسکەڕێزان" ەوە هاتن. ئەوان کە هاتن، حەوت هەشت بنەماڵەی گەورە بوون، زوو لە گۆشەیەکی ئاواییەوە نشتەجێ بوون و بەشێک لە چەم و دۆڵی گەورەباخیان ئاوەدان کردەوە. هەڵبەت ئەوکات هێشتا کەس وەختی پەرژانە سەر باخ و زەوییە دوورەکانی نەبوو.دەشتی مێرگان، کە ئیستا جۆرێکە لە بەهەشت و خەڵکی لە دوورەوەڵاتانەوە تێن بۆ سەردانی، ئەو ڕۆژانە تەنیا سەیرانگا و شوێنی هەڵپەڕینی خەڵک بوو. بەڵام وەختێک دەستەی دووهەم، بیست - سی ساڵ دواتر، لە ئەودیویبەنەن و لە ئاوایی " بەرزەدەران" ی بناری کاوانسەرەوە هاتن و لەیرە نشتەجێ بوون، ئێتر دەشتی مێرگانیش بوو بە هەوارگە و، سەفای پیش وێرانبوونی پایدۆڵانی بۆ گەڕایەوە.

بەڵێ ئەوان بوون، خێڵی بەرزەدەران بوون بۆ یەکەمجار چوونە دەشتی مێرگان و دەواریان هەڵدا، جۆگەیەکیان هەڵبەست و هانەی دووپلووریان کردە هەوار. ئەرێ، ئێتر بەم جۆرە و ساڵ دوای ساڵ ئاوایی نۆیار پەرەی سەند و سەرەنجام دوایین تایفە کە بە کۆمەڵ هاتنە ئەم شوێنە و نشتەجێ بوون، ژمارەیەک ماڵە جافی ئەودیوی شاهۆ، لە ئاوایی نووریاوی نزیک پاوەشارەوە بوو. وەک من لێیانم بیستووە لە نووریاودا تووشی ناکۆکی ناو خۆیان ببوون و بە

Institut Kurde de Paris

کۆمەڵ کۆچیان کرد بۆ دۆڵەشێران. لەو وەختەدا باخ و زەوی لە پایدۆڵان فرە و خەڵکەکەیشی حەزیان ئەکرد کەسانی دیکە بێنە پاڵیان و بونە هاوماڵیان. بۆیە هۆزی جافان هاتنە نۆیار، لەیردا نشتجێ بوون و بوون بە بەشیکی گرنگی خەڵکەکەی.

جیلی یەکەمی ئەم هۆزە، هیچ کات فێری زوانی هەورامی نەبوون، یان خۆیان گەرەکیان نەبوو بە هەورامی قسە بکەن. ئەگەر ناوی کەسێکیان هاتبا، حەتمەن وشەی جافیشی بە دوادا ئەهات بۆ نموونە بارامە جاف، برهانە جاف، ئوسمانە جاف و... بەڵام جیلەکانی دواتریان، بە پێ تێپەڕینی کات، تێکەڵاوی خەڵکەکەیتر بوون، کەم کەم جافی و سۆرانی قسەکردنیان کەم کردەوە بە تێکڕا هەورامی لەگەڵ یەکتر و لەتەک خەڵکەکەیشدا قسەیان ئەکرد.

لە سەر پاش ناوی هاوبەشی خەڵکیش کە فەرمووت، ئەویچ جیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە. وەک من بزانم لە سەردەمی پایدۆڵان و پێش تەقینەوەی گڕکانەکەوە، دۆڵەشێران هەمیشە سەرێکیان لە شاری سنە و لە ناو کۆشکی خانی ئەردەڵاندا بووە. سەردەمی دەرکەوتنی سجیل، پیاوی ناسراو و ناوداری ئەیرە، حاجی مامۆستا تەشریفی لە شار و لە مزگەوتێکدا حوجرەی تایبەتی خۆی بووە. خەڵکی ئەگێڕنەوە بە هۆی ژیری و قسەزانی، تا خۆی لە مزگەوت بووە، لە سەر سەکۆ و مینبەرەکەیەوە قسە و نوتقی بۆ خەڵک کردووە و بەم بۆنەوە لە لایان مەلاکانەوە ناسناوی مەنبەری پێ دراوە. کاتێک مەعموورانی دەوڵەتی تارانیش ویستیان لە چوارچێوەی سجیلدا تەوقی دیلی بخەنە ملی خەڵکی ئەم دەڤەرە، سەرەتا لە کەسانی ناسراوەوە دەستیان پێی کرد و پاشناوی مەنبەرییان دا بە حاجی مامۆستا و دوای ئەویش، هەر کەسێکی خەڵکی ئەیرە چوو بۆ شار بە نیازی دەرهاوردنی سجیل، وەک خزم و قەومی حاجی مامۆستا خوی ناساند و پاشناوەکەی ئەوی وەرگرت و...

بەڵام لە سەر سوان و گۆڕانی ناوی دەگا، ئەشێ پێت بێژم:

دواتر، فرە دواتر و لەگەڵ هاتنی هێزی بێگانە و دژمن بۆ ئەم ناوە، کە لە قاڵبی مەعموور و

Institut Kurde de Paris

سەربازدا خۆیان دەناساند و بە زوانێکی جیاواز و نامۆ قسەیان ئەکرد، ئێتر کەم، کەم ناوی نۆیار سوا، جۆرێک گۆڕانی بە سەردا هات و تەنانەت خەڵکی خۆیشمان لە بری نۆیار، ئەم ناوەی ئیستایان بە کار دەبرد و ئێتر بە شێوەی رەسمیش نۆیار بوو بەم ناوەی ئیسە. دیارە لەم ساڵانەی دواییشدا خەریکە پاشگرێکی جوانیش بەم ناوە زیاد ئەکرێ و گەلێک کەس لەبری ئەم ناوە تازەیە، ئێژن " نیەری سەربەرز". ناوێک کە بە کردەوە خەریکە ئەبێتە ناسنامەی ئەم کانگەی ڕەنج و سەرچاوەی گڕکانە...

بەڵێ کاکە گیان گڕکان، کە سەرەتای باسەکەمان لەوێوە دەستی پێ کرد... گڕکان! ئای چەندە وشەیەکی پڕمانا و بەنرخە بۆ ئەم شوێنە.

حەتمەن ئەشێ باسی ئەوەیچ بکەم کە هیچ سەرچاوەیەکی ڕوون نیە باسی بارکردن و ڕویشتنی ئەو خاسانە، واتا بابا وەلی، پیر زەیتوون و خان پەریخان لەم شوێنانەدا بکات. ئەوان ئەشێ هەر لەم شوێنە و لە ناو ئەم خەڵکەدا مردبێتن و بێ شک ئەشێ فرە بە قەدر و قیمەتیشەوە سپێردرابێتنە خاکی ئەم دۆڵە، بەڵام ئاسەوارێک لە گڵکۆ و نەزەرگایان، جگە لە بابای ڕەمزان نەبێت نەماوە. لانی کەم لە بابا وەلی، پیرزەیتوون و خان پەریخان گڵکۆیەک نابینرێ. "تەوەنەساو"، بەڵێ ئەو کوچکەی ڕووبەڕوی ئاوایی تازە، ئەم شوێنەی ئیسە ئێمە لە سەریەوە دانشتووین، هێشتا ناوی پیرۆزی پیر زەیتوونی پێ بڕاوە و تاکوو ئیستایش لە لای خەڵکی ئێمە بەم ناوە بانگ ئەکرێ، ڕێزی لێ ئەگیرێ و تەنانەت وەک شەخسیش سەیری ئەکەین...

تەپۆڵکەی خانە پەریخانیش هەروەتر، هێشتا نوێنگە و شوێنی دانشتن و گێڕانەوەی گەلێک چیرۆکی لە ژێر خاکدا گوم بووە. تەنیا گۆڕانێکی بووچک، ئەری فرە بووچک لە ناوەکەدا هەست پێ ئەکرێ، خەڵکی بە جێگای خان پەریخان، ئێژن خام پەریمان کە لە چاو گۆڕانەکانی دیکەدا فرە زەق و گەورە نیە، بەڵام "هانەهەسار" بڕێک جیاوازترە. هەوەڵەکانی، واتا ئەو

Institut Kurde de Paris

ڕۆژانەی ئەم چوار پیرخاسە هاتن، ناوەکەی ئەویش گۆڕا بۆ بابا وەلی. دواتر ئەویش وەک نۆیار لە سەر زار و زوانی خەڵکی سوا و گۆڕانێکی بەرچاوی بە سەردا هات و بوو بە " باوەڵی " و ئێتر جۆرێک گۆڕانکاری بە سەردا هات کە بە زەحمەت بنەڕەتەکەی و هۆی ناوەکە ئەناسرێتەوە.

ئەشێ بێژم کە لە ناو گشتیاندا بابای ڕەمززان شانسێکی گەورەی هێناوە، چوونکە هەم شوێنەکەی تێک نەدراوە، هەم ناوەکەی تەقریبەن وەک خۆی ماوە و هەم گڵکۆکەیچی ڕاست لە شوێن و جێگای خۆیەتی. بەڵێ ئەو ئیستایش، لە بەرزایی سەردەرانەوە، پاسەوانی شوێنی خۆی و یادگاری دەورانێکی کەونارایە. یادگارێک کە هێشتاش وەک خۆی ماوە و هیوا و ئومێدێک هەیە کە لە فەوتان و سڕینەوە نەجاتی بووبێت. هەڵبەت ئەگەر چەرخی چەفت دیسان بەڵا و ئافاتێکی تازەی، لە چەشنی کۆماری سێدارەی تاران و دەوڵەتی دڕەندەی داعەشی، بۆ تاڵان و وێرانکردنی خاکی کوردان لەگەڵ نەبێت و لەمەی تا ئیستاش دیومانە، فرەتر تارمایی بە سەر دیرۆک و مێژووی خوێنینی ئەم دەڤەرەدا نەکێشی...

لە سەر ئەو پرسیارەش کە بۆچی بەو لووتکەیەی نێوان قەڵا و گەنمدۆڵ ئێژن سەنگەری میرزا ئەحمەد و باسی سێ تفەنگچییەکەی دۆڵەشێران لە سەردەمی حەمە ڕەزا شادا، حەمە، عەیزەت و یۆسۆ، کە بە ساڵان بەم ناوەدا سووڕانەوە و دەوڵەت و پیاوەکانی بە شوێنیاندا گەڕان، چیرۆکێکی درێژە و تەنیا ئەتوانم بێژم:

ئەو ڕووداوانە پزووسکەی پێش تەقینەوەی گڕکانەکەی ئەم قۆناخەی دوایی بوون، باسی ئەو گڕکانە ئەکەم کە دوای پەیام و پەلاماری کەمتاری جەماران بۆ سەر وڵاتی کوردان تەقییەوە و هێشتاش لەم دۆڵ و دەڤەرەی ئێمەدا نەکوژاوەتەوە. خۆت ئەبینی کاکە فەرهاد، بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی نەورۆزەکان و گڕ و گڵپەی ناو دەروونی خەڵکی ئەم دۆڵە، بەڵگەی هەرە زیندووی ئەم قسەیەمن...

Institut Kurde de Paris

دەرفەت هەبوو لە چیرۆکی دواییدا باسی ئەم ڕووداوانەشت بۆ ئەکەم...

فەرهاد کە لە ماوەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە درێژەدا ، بە عەلاقەوە چاوی بڕیبوونە ناوچاوانی پڕ لە گنج و، دووتۆی ڕیشە ماش و برێنجیەکەی لالۆ ئەوکە، کاتێک گەییشتە دوایین ڕستە قسەکانی، وتی:

بووشە خاڵۆ، بووشە هەڵای فرە چێشتیەل مەنیە و من لە لێیان بێ خەوەر بیمە. بووشە باوکمە ...قوروان ڕیش چەرمی و ناودەسە ترەکیاگەکانت بووشە خاڵۆ...بووشە...بووشە

Institut Kurde de Paris




Institut kurde de Paris